ی ڕەزبەر
١٤٠٢ی هەتاوی

٦٢

# ژنان

گۆڤاری «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران»

# «ژینا تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز!»



سوورخەڵاتان لە شەقامی خۆر
لەیلا قادری
بزووتنەوەی ژینا، هاواری چینە پەراوێزخراوەکان
نەسرین یوسفزادە
ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز!
ئاسۆ مینبەری
گرینگی یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی
شنە دروودگەر
زانکۆ؛ مۆتەکەی هەمیشەی ڕێژیمی ئێران
شەونم هەمزەیی
هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی سەروەری یاسایی
کەنێرە میهرفەر
بۆ یەکساڵ نەمانی هاوژینێک کە پڕاوپڕ بوو لە ژین
جیهان بێتووشی
شێرەژنی ڕۆژە ئەستەمەکان، ئەفسەری کەریم ساڵک
ڕەسووڵ سوڵتانی
ترس لە تەنیایی لە منداڵاندا
ڕامیار سەرحەدی

ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ کۆمەڵ

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## ژمارە ٦٢ی گۆڤاری «ژنان»

### پێرستی بابەتەکان


- ٣ـ بزووتنەوەی ژینا، هاواری چینە پەراوێزخراوەکان
- ٥ـ دیمانە
- ٨ـ گرینگیی یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی
- ١٠ـ زانکۆ؛ مۆتەکەی هەمیشەیی ڕێژیمی ئێران
- ١٢ـ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی سەرووەریی یاسایی
- ١٤ـ ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز!
- ١٦ـ نیلووفەری حامیدی و ئیلاهەی محەممەدی لە ڕوانگەی چاپەمەنیی و...
- ١٨ـ ژنان دژی داگیرکەری و خۆسەپاندن
- ٢٠ـ ئاوڕدانەوەیەک بەسەر مێژووی ژنان لەسەدەی٢١
- ٢١ـ بۆ یەکسالٚ نەمانی هاوژینێک کە پڕاوپڕ بوو لە ژین
- ٢٢ـ ترس لە تەنیایی لە منداڵاندا
- ٢٤ـ سوورخەڵاتان لە شەقامی خۆر
- ٢٦ـ شێرەژنی ڕۆژە ئەستەمەکان، ئەفسەری کەریم سالک
- ٢٨ـ نەگەڕانەوەیەکی پڕ لە زامی سارێژ نەبوو
- ٢٩ـ کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «لەیلا گورگانی»
- ٣٠ـ سوودەکانی گوڵە وەنەوشە
- ٣١ـ «هاوسەرگیریی سپی و کەڵکی سیخوریی ڕێژیم لەم دیاردە»
- ٣٢ـ بۆچی کۆماری ئیسلامی تەرکیزی لەسەر حیزبی دێموکراتە؟
- ٣٥ـ ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەو خەسارە گیانیانەی کە لە کوردستان کەوتووە



بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان: y.jnan.dk.@gmail.com
٠٠٩٦٤٧٥١٨٧٧٠٠٩٣
بۆ پێوەندیگرتن بە بەڕێوەبەرانی گۆڤار پێوەندی بەم ژمارەیە بگرن
٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩



## دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری «ژنان»

بەڕێوەبەری گۆڤار: نەسرین یوسفزادە

نووسەرانی ئەو ژومارەیە

نەسرین یوسفزادە
شنە درودگەر
شەونم هەمزەیی
کەنێرە مێهفەر
ئاسۆ مینبەری
حەسەن حاتەمی
ماریا وەیسی
فەرزانە حەبیبی
جیهان بێتووشی
ڕەسووڵ سوڵتانی
لەیلا قادری
ڕامیار سەرحەدی
تریفە فاتیحی
سیمین تەختی
شەهرام سوبحانی
ژیلا موستەئجێر
و..... چەند هاوڕێی دیکە کە

هاوکارانی ئەو ژومارەیە:
عارف وەلزی
نەشمیل عەبدی

کاری فەنی
دیزاینی ناوەرۆک:
نەسرین یوسفزادە
دیزاینی بەرگ
شەهلا حاجی ڕەحیمی



نەسرین یوسفزادە

# بزووتنەوەی ژینا، هاواری چینە پەراوێزخراوەکان

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک لێکدانەوە، لێکۆڵینەوە و خەسارناسی لەمەڕ بزووتنەوەی ژینا لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە کە هەرکام لەوان جێی سەرەنجن، بەڵام بەو حاڵەش هێشتا نەتوانراوە هەموو تانوپۆی ئەو شۆڕشە ببینرێ و لێک بدرێتەوە.

دەکرێ ئەو لێکدانەوانە لەلاینی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بن. ئەگەر بمانهەوێ ئاوڕێک لە بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی بۆ باشترکردنی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی بدەینەوە، یەکەم ئەوەی کە خەڵکێک کە خۆیان لە بەرابەر هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەکەیان بە ئەرکدار بزانن ئێزن نادەن دەستی نەیاری بۆلای نەتەوە و خاک و ناموسەکەی درێژ بێتەوە.

ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە ترسی دەستدرێژی پیاوە دراوسێکەیان، خۆی لە پەنجەرەی ماڵەکەیان، فڕێ دەداتە خوارەوە و دەچێتە کۆما و ئەوە دەبێتە هۆی تووڕەبوون و سەرهەڵدانی ڕق و تووڕەییەکی زۆری خەڵکی مەریوان و شارەکانی دیکە و بەتایبەت ئەوەی کە ئاشکرا بوو ئەو کەسەی بۆتە هۆکاری ئەو ڕووداوە یەکێکە لە کاربەدەست و کاسەلیسەکانی کۆماری ئیسلامییە و ئەوە ئەوەندەی دیکەی ڕق و کینە لە دڵی خەڵکێکدا هەڵدەکا کە تا ئێستا زۆر کەمتر بۆ ئاوا ڕووداوێک وەدەنگ هاتوون.

سەقز و مەریوان بەداخەوە لەو ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک ڕووداویان بەخۆوە بینیوە کە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەو شارانە بێنە دەنگ و دەنگدانەوەی زۆری لێ کەوتووەتەوە و دوابەدوای ئەوەی کە شلێر بەو شێوەیە خۆی لەو باڵکۆنەوە بەردەداتەوە و دواتر کوشتنی ژینا ئەمینی کچە کوردی سەقزی لە تارانی پێتەخت، ئەمجار خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکە خۆیان بە ئەرکدار دەزانن لە بەرابەر ئەم ڕووداوانەدا و دەڕژێنە شەقامەکان و بە یەکگرتووی و یەکدەنگی ئەو خەڵکە و خۆ بەخاوەنکردنی ئەو شۆڕشە لەلایەن ئەو خەڵکەوە و بە هەموو شێوازێک، هەم کولتووری و هەم سیاسی و هەم ئایینی هاواری ئەو کەسانە بوو کە لە کۆمەڵگە پەراوێز خرابوون و بە پێچەوانەی هەموو ئەو شۆڕشانەی کە لە ناوەندەوە دەست پێدەکا و دەستی پێکردووە ئەمجارەیان لە کوردستان و لەم شوێنەی چەندین ساڵە چەوساوەتەوە و لە بەلووچستانێک کە دەیان ساڵە پەراوێز خراوە دەستی پێ کرد و دواتر تاران و شارە گەورەکانی گرتەوە. ئەو شۆڕشە شۆڕشی پەراوێز بەدژی مەرکەز بوو.

ئایا ئەو شۆڕشەی کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان ڕوویدا شۆڕشێکی فێمینیستی بوو یان شۆڕەشێکی نەتەوەیی؟

لە یەکەم ڕۆژەکانی کوشتنی ژینا بەدەستی گەشتی ئێرشاد لە تاران لایەنگرانی شۆڕشی فێمێنیستی بە تایبەت کەسانێکی کە بەرزەوێژی میدیا و سۆشیاڵمیدیان ویستیان ئەم شۆڕشە بۆلای فێمینیستی بکێشن و کێشەی نەتەوەی کورد و خەڵکی ئێران لە دانان و دانەدانی لەچکە و سەرپۆشدا تەواو بکەن. بەڵام خەڵکی وریا و ژیری کوردستان زۆر بە باشی توانیان ئەو ڕوانگەیە بگۆڕن و باس لە نەبوونی سیاسەتی دروست و ئەساسی لە ئێران بکەن کە چۆن و تا کەنگێ بەو شێوازە کچان و ژنان بە دەستی ئەو کەسانەی کە بە ناوی هاندان بۆ چاکە و نەهێشتنی خراپە دەستیان بە خوێنی کچان و ژنانی ئەو وڵاتە سوور دەبێ و یان بەبێ تاوان تەنیا لەبەر ئەوەی دوو چڵی پرچیان لەژێر لەچکەکەیان هاتووەتە دەرێ لە بەند دەکرێن کاسەی سەبریان سەرڕێژ دەکا و ئیتر ناتوانن بێدەنگ بن و بە ژن و پیاوەوە دەڕژێنە شەقامەکان و شۆڕشێکی ژنانە دەست پێدەکا.

ئەم شۆڕشە کاتێک گەرمتر بوو کاتێک پەیمان مینبەری لاوی شاری سنە لەنێو ماشێنەکەیدا بە گوللەی چڵکاوخۆرانی ڕێژیم شەهید بوو دایکی گوتی: سەرەخۆشیم لێ مەکەن بچنە شەقام درێژە بەو شۆڕشە بدەن و مەهێڵن شۆڕشەکە بکوژێتەوە. کاتێک میلاد مەعرووفی شەهید بوو دایکی پڕ بە دەنگی خۆی هاواری کرد: ژن نەبم تۆڵەت نەستێنمەوە. ژنی شۆڕش نیکنام هەموو ڕۆژێ بە بیانوویەک یادی هاوژینەکەی بەرز دەکاتەوە. دایکی شەهید سمکۆ لەسەر گۆڕی کوڕەکەی سەمای مەرگ دەکا. دایکی کیان پیرفەکەک دنیا پڕ دەکا لە خودای کۆلکەزێرینە. کاتێک دەوڵەت دەیهەوێ خەڵک نەچنە سەر گۆڕی شەهیدان لە بۆکان و بە ئانقەست گۆڕی دیکە لەلای گۆڕی شەهیدان هەڵدەقەنێ دایکی شەهید محەممەد حەسەنزادە دەچێ و بە چنگ گۆڕەهەڵقەندراوەکان پڕ دەکاتەوە و دەڵێ: ئەو خاکە خاکی ئێمەیە بڕۆن لێرە کارتان بە خاک و وڵاتی ئێمە نەبێ.

باوکی سارینا ساعیدی بەردەوام داوای خوێنی کچەکەی دەکا . بنەماڵەی فروشتە ئەحمەدی ڕوو لە کامێرا دەکەن و بە ئاشکرا کۆماری ئیسلامی بە بکوژی کچەکەیان دەزانن. بنەماڵە و دایکی شەهیدان لەم یەک ساڵەدا بە دەیان شێوە ڕێورەسمیان بۆ یادی

**لە یەکەم ڕۆژەکانی کوشتنی ژینا بەدەستی گەشتی ئێرشاد لە تاران لایەنگرانی شۆڕشی فێمێنیستی بە تایبەت کەسانێکی کە بەرزەوێژی میدیا و سۆشیاڵمیدیان ویستیان ئەم شۆڕشە بۆلای فێمینیستی بکێشن و کێشەی نەتەوەی کورد و خەڵکی ئێران لە دانان و دانەدانی لەچکە و سەرپۆشدا تەواو بکەن. بەڵام خەڵکی وریا و ژیری کوردستان زۆر بە باشی توانیان ئەو ڕوانگەیە بگۆڕن**



ئازیزەکانیان کردوە و هەر ئەوانە بوون بە سیحەب و ئیختیارداری ئەم شۆڕشە.

کەوایە بە ئاماژە بە ئەوانەی لەسەرێ باس کران کە چەند نموونە بوو لە شۆڕشێک کە دەکرێ ناوی شۆڕشی ژنانەی لێ بندرێ، شۆرشێکی ژنانە کە هەموو لایەنەکانی مافخوازی بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران لەخۆ دەگرێ، دەنا کوشتنی کچێک لە تاران و لە هەر شارێکی دیکە یەکەم جار نەبووە و لەوانەیە ئەگەر ئەم ڕێژیمە هەر لەسەر کار بمێنێ دووبارە ببیندرێتەوە و ئەوەی کە خاوانداریێتی لەو شۆڕشە ژنانەیە لە کوردستان کرا ئەوە بوو کە لە دەرەجەی یەکەم دا ژینا ئەمینی کە لە لای فارسەکان بە ناوی ناسنامەیەکەی (مەهسا) ناسراوە کچێکی کوردە و کورد هەمووکات بە نەتەوەیەکی بەغیرت و بە جورئەت ناسراوە کە لە بەرابەر داگیرکەر لە هیچ مەترسیەک ناسڵەمێتەوە و ئیزن نادا هیچ چاوێکی بیگانە لە ماڵ و ناموسی بێ و ئێستا کە کچێک لەو نەتەوەیە لە تارانێک کە چەندین ساڵە بە دەستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان دەچەوسێنەوە و دوژمن و نەیاری سەرەکیانە لەسەر ئەوەی سەرپۆشەکەی ئەو شێوازە نەبووە کە ئەوان دەیانهەوێ بە شێوایەکی سیستماتیک و بێبەزەییەنە دەیکووژن و ئەوە دەبێتە هۆی ڕقێکی پیرۆز و هەڵایسانی ئاگرێک کە دەیان ساڵە بلێسەکەی لە دڵی خەڵکدایە و ئەمجارەیان هەم لەسەر ژنێک و هەم لەگەڵ ژنانێک و هەم هاوشان و هاوڕێی ژنانێک و هەم تێکەڵ بوونی خوێنی ژن و پیاو لەو شۆڕشەدا بەیەکەوە ڕژاوە و ئەوە بەرپرسایەتییەکە کە پێی دەڵێن بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە و هاواری چینە پەراوێزخراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە.

شەڕی ڕەوانی (دەڕوونی) ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامی لە دژی بزووتنەوەی کوردستان لە سەروبەندی تاڵیادی شەهیدبوونی ژینا و دەستپێکی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، ناتوانێ پێش بە ڕەوتی ڕووخانی دیکتاتۆری بگرێ.

خەباتی هێزە کوردستانیەکان لەنێو جەرگەی کۆمەڵگەدا بەردەوامە و دەبێ وریایانە لەو دۆخە تێپەڕین.

وڵاتانی ئوروپایی و لە دیاسپۆراش بە نۆرەی خۆیان بەشداری ئەم شۆڕشە بوو.

چەندین کۆبوونەوەی و کۆنفرانس و خۆپیشاندان لە وڵاتانی ئوروپایی لەلایەن هەموو نەوتەوەکانی ئێرانی و بە تایبەت کوردەکانەوە بەڕێوە چوو کە بۆ ئێمەی ژنان و بە تایبەت ڕێکخراوەکەمان کۆنفڕانسێک بە دەستپێشخەری «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران» بوو کە لە ژێر ناوی (شۆڕشی ژینا ڕەمزی هاودەنگی و یەکگرتوویی گەلانی ئێران) لەبەرەبەری ساڵوەگەڕی شەهید بوونی ژینا ئەمینی لە وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە چوو.

کۆنفرانسەکە بە دەست و هاوکاری ژنانی ئازادیخواز، هەنگاوێکی گرینگ بوو بەرەو جێبەجێکردنی مافەکانی ژنان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی دێموکراتی لە ئێراندا.

دیارە لەوانەیە بۆ کەسانیک کە لە دەرەوی ئەم گۆیە لەم شۆڕشە بڕاوانن بۆیان پرسیار بێ کە جیاوازی چییە شۆڕشەکە لە کوێوە دەست پێکردبێ و چۆن بووبێ، گرینگ ئەوەیە کە هەموو خەڵکی ئازادیخواز لەگەڵ دەوڵەتێک شەڕ دەکەن کە نایانهەوێ و بەردەوام لە دەستی وە زاڵە هاتوون و خەریکی ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکەکەیەتی بەڵام ئەوە ڕاستە کە توندوتیژی دەوڵەتی و یاسایی خراپترین شێوەی توندوتیژی دژ بە مرۆڤایەتی و بە تایبەت ژنان بێت لە ئێراندا، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ژنانی کورد، بەڵام ژنی کورد دەست و پەنجەی لەگەڵ دەوڵەتێک نەرم کردووە کە بە سیستماتیک و سیاسی چەوساندویەتیوە و توندوتیژی سیاسی و سەرکوتکردنی نەتەوەیی دیارترین شێوەی توندوتیژین. توندوتیژی کە هەر چالاکییەک لە کوردستان بە تاوانێکی «سیاسی» دەناسێنێت و وەک «کردار دژی ئاسایشی نەتەوەیی» و «پرسەکانی ئاسایش» مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بۆیە پڕ بە پێستێتی کاتێک بڵێین ئەم شۆڕشە ژنانەیە لە کوردستان و لە نێو دڵی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کوردستان سەری هەڵدا و گەشەی کرد.

# ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی تا ساڵڕۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا



دیمانە:
نەشمیل عەبدی

**لە بەرەبەرەی ساڵرۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا واتە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیداین، هەڵسەنگاندنی ئەو یەک ساڵە و هەروەها ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان هەم لەناوخۆی وەڵات هەم لە دەرەوەی وەڵات لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، هەروەها ئایا دەکرا ئەم شۆڕشە بەهێزتر با، ئایا ساڵرۆژی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی دەبێتە قۆناغێکی نوێی شۆڕش، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو شلێر باپیری ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مافەکانی ژنان دەبێ.**

**١- با بەو پرسیارە دەست بە گفتگۆکەمان بکەین، وەک دەزانین لە بەرەبەرەی ساڵرۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا یان شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی داین، وا ساڵێک بەسەریدا تێدەپەڕێ، دەتوانن کۆرتەیەک لەسەر چۆنیەتی دەستپێکردنی ئەم شۆڕشە و هەروەها چۆنیەتی تەشەنەسەندنی بۆ تەواو ئێران بکەن؟**

و: هەروەک دەزانن دەستگیرکردنی کچە کوردێک ژینا، مەهسا/ئەمینی لەسەر شێوەی سەرپۆشەکەی لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە و پاشان لێدان و ئازاردانی کە بوو بەهۆی گیانلەدەستدانی دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، توانی جەرەقەی ئەو شۆڕشە لێبدا. ئەگەرچی دوو ڕۆژی سەرەتای بڵاوبونەوەی هەواڵەکە زۆرتر ناڕەزایی لەملاوئەولا بوو. بەڵام لە گەیاندنەوەی تەرمەکەی بۆ سەقز و ئەودەمەی کە ژنانی کورد زۆر بوێرانە لە گۆرستانی «ئایچی» سەرۆپۆشەکانیان لادا و گوتیان نا بۆ حیجاب، بەرگێکی دیکە بەبەر ئەو ناڕەزایەتیانەدا کرا و جەرەقەی شۆڕشێکی لێدا کە هاوکات پیاوانیش پشتیوانییان لێکرد و شەقام خرۆشا.
ئەوەی کە سەرەتای ڕووداوەکە لەسەر گەشتی ئێرشاد و باسی حیجاب بوو، دەکرێ هۆکارێکی گرینگ بێ کە دەنگی چالاکوان و ژنانی ئێرانی بەرز کردەوە و هاوکات لە دەرەوەش زۆر زوو کاردانەوەی لەسەر درا و سەراسەری ئێرانی گرتەوە کە دواتر ڕەوتەکە تەواو بوو بە ڕەوتی ئینقلابی و لە خواستی نەمانی حیجابەوە گەیشتە جێیەک کە لە قوتابخانەکان کچانی قوتابی دەیانکوت دروشمی دژ بە خامنەای دەگوتەوە و زانکۆکانیش بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» ناڕاستەوخۆ داوای نەمانی ئەو حکومەتەیان دەکرد.

**٢- ئەگەر بە دیاریکراوی بێینە سەر ڕۆڵی ژنان لە نێوخۆی نیشتماندا، ڕۆڵ و کایگەریان چۆن هەڵدەسەنگێنن، لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازدی دا؟**

ڕۆڵی ژنان لەو ڕۆژەی ژینا ئەسپەردەکرا و لەوێ بوێرانە جەرەقەی شۆڕشێکیان لێدا، دەرکەوت کە ژنانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوێرن و هۆشیارن. بێدەنگ نابن و دەیانهەوێ خاوەن گۆرانکاری بن لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ڕۆڵی ژنان ڕۆڵێکی گرینگ بوو لە بەشداریان لە نارەزایەتییەکانی سەرشەقام لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و سەرانسەری ئێران. لەبیرمان بێت تەنانەت ئەوانەی ئازیزترین ڕۆڵەکانیان لەدەستدا وەک باری سوننەتی کۆمەڵگە لە دەرەوەی گۆرستان ڕانەوەستان و لە چوارچێوەی ماڵ و گەرەک و شاریاندا شین بۆ ئازیزانیان بکەن، ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی دەستەبەدەستە خەڵکی شارەکاندا بوون کە چوونە سەرقەبران و شینیان گێرا و پڕ بە دەنگ هاواریان کرد کە تۆڵەتان دەستێنین، بە چاوی گریان و دڵی پڕ لە غەمەوە، گوتیان کە ئەوە کۆماری ئیسلامیە بکوژی ڕۆڵەکانمانە. هەر ئەوەش پێمان دەڵێ کە گوتەی دایک، خوشک، هاوژینی شەهیدەکان بوێرییەکی زۆری دەوێ لە کۆماری ئیسلامییەک کە لە بەرکاهێنانی توندوتیژیترین ڕێگاکان، ناسلەمێتەوە. ئێمە لەبیرمان بێ لەو شۆڕشەدا شەهیدی ژنمان داوە کوبرا شێخە، مینو مەجیدی، سارینا ساعیدی، فریشتە ئەحمەدی، نەسرین قادری و زۆرانی کە پێمان دەڵێن ئەو شۆڕشە ڕۆڵێکی سەرەکی ژنان گێرایان.

**٣- لەم پەیوەندیەدا حەز دەکەم ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری ژنان لە دەرەوەی وەڵاتیش بکەم، هەم ئەوانەی کە لەباشوری کوردستان نێشتەجێن و هەمیش ئەوانەی کە لە دەرەوەی کوردستانن، ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر شۆڕشی ژینا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا لە ئاست پێویست بووە؟**




دیارە چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە دیاسپۆرا کە دەرگاکان زۆرتر بۆ چالاکی والآتان، ژنان هەوڵیاندا هاودەردی، هاوپشتیوان و دەنگی ژنان و بەگشتی شۆرشی ژینا بن. لە ڕوانگەی خۆمەوە لەئاستی پێویستدا نەمدیتن، ڕاستە بەشداری چالاکانەی خۆپێشاندانەکان بوون، بەڵام دەیانتوانی ڕۆڵی بەهێزتر و کاریگەریان لە درێژماوەدا زۆرتر بێت. کار و چالاکی ژنان و ناوەندەکانیان زۆرتر کورتماوە بوو. قوڵ نەبۆوە لە ئاستی چالاکی باڵاتر بۆ بوون بە دەنگی ژنی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و یان ئاستی ئاکادیمی. هەر بۆیە دەتوانین لەو لایەنەوە خەسارناسیەک بۆ ئەوە بکەین.

**٤- وەک دەزانین ژنان پێشەنگ و سەرکردایەتی ئەم شۆرشە بوون، هەم لە کوردستان و هەم لە ئێران بەگشتی، بێ گۆمان ئێران شۆرشی زۆری بە خووە بینیوە، بەڵام دەمەوێ بپرسم ئەم شۆرشە کە وا یەک ساڵ بەسریدا تێدەپەرێ جێوازی نێوان شۆرشی ژینا لەگەڵ شۆرشەکانی تری پێشووی ئێران چی بوون؟ جێوازیەکانیان چین؟**

دیارە نارەزایەتی و جوڵانەوەکانی پێش شۆرشی ژینا بە شۆرش پێناسە ناکەم. چونکە ڕووداوەکانی پێشتر لە هیچ حاڵەتدا سەرانسەری ئێرانی نەگرتەوە، یان جوڵانەوەی خوێندکاری بوون لە ئاستی زانکۆ، یان نارەزایەتی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ کە زۆرتر مەرکەزی گرتەوە، یان نارەزایەتی ئابانی ٩٨ کە زۆرتر ڕووی ئابووری هەبوو. ڕەنگبێ لێرە ئەستەم بێ لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو جوڵانەوە و نارەزایەتیانە بکەم، بەڵام جیاوازیان بەرچاو بوو، شۆرشی ژینا شۆرشی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوو کە پێشتر ڕووی نەدابوو. لە مێرمنداڵی ١٥ ساڵە بۆسەرەوە بگرە تا لاو و وەک پێیان دەڵێن جیلی Z تا دەگاتە ژن و چینی بەتەمەن داچوو.
ئێمە لە جوڵانەوەکانی پێشوو ئەوەمان کەم دی یان بەجۆرێک نەبون بەتایبەت لە بەشداری ژنان دا.

**٥- ئەگەر ئاورێک لەو یەک ساڵەی شۆرشی ژینا بدەینەوە، ئەم شۆرشە دەستکەوت و خاڵی بەهێزی هەبوون. چۆن دەتوانن ئەم دەستکەوتانە یان خاڵە بەهێزەکانی شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی پۆلێن بەندی بکەن؟**

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەوە بوو، کە ئێمە وەک بزوتنەوەی ژنان، حیزبەکان و ناوەندی ڕاگەیاندن و ناوەندە جیاوازەکانی دیکە خاڵە لاوازەکانی خۆیان زۆر بە جوانی هەست پێکرد.
یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی دەکرێ شۆرشی کۆمەڵایەتی لە ئاستی ئێران و کوردستان دابێ. نمونەیەک بێنمەوە ئێمە لە کوردستان دەگمەن ژن دەبینرا لە ڕۆژی یەکەمی ناشتنی ئەزیزانیان وێنە بگیرێ و خۆیان بەشدار بن. زۆرتر پیاوانە بوو، شۆرشی ژینا ئەوەی گۆڕی و ژنان بە سینبولی شۆرشگێرییەوە بەشداریان دەکرد و دروشمیان دەدا و دەیانکوت تا کوردێک بمێنێ کوردستان دەمێنێ. نمونەیەکی دیکەی باب و برای شەهیدان بوون کە لە ئەستەمترین ڕۆژەکانی ژیانیاندا هاتن و فیمینسترین وتەکانی ئەو شۆرشەیان گوت و کردیان بە دیوی بەهێزی ئەو شۆرشە. ئەودەمی بابی شەهید محەممەد حەسەن زادە دەڵێ «...» زۆر ڕون دەردەکەوێ کە کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا و بۆنی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی لێوەدێ نەک هەر شۆرشێکی سیاسی ئەگەر بە ئەنجامیش نەگەیشتبێ. کورتی بکرمەوە دەتوانم بڵێم کە خاڵی بەهێزی ئەو شۆرشە بەشداری دیار و بەرچاوی ژنان بوو. بەتایبەت ژنانی کورد. زومی باسەکان، ئانالیز و هەوڵەکان لە مەرکەزەوە هاتە کوردستان کە هەمیشە ژنانی کورد لە پەراوێز دیتراون و لەژێر سێبەری ژنانی فارسدا پێناسە کراون. شۆرشی ژینا خاڵی بەهێزی بۆ ژنی کورد و بزوتنەوەکەی بوو.

**٦- دەزانین لە پاڵ هەموو دەستکەوت و خاڵە بەهێزەکانی شۆرشێک، بێ گۆمان خاڵی لاوازیش هەیە. دەکرێ خاڵە لاوازەکانی ئەم شۆرشە پۆلین بەندی بکەن؟**

یەکێک لە خاڵە بێ هێزەکانی ئەو شۆرشە دەکرێ نەبونی ئۆرگانیزە بێ لە کوردستان و سەرانسەری ئێران. ڕاستە هەوڵ درا و کاری بۆ کرا بەڵام ئاسان نەبوو. هەر بۆیە زۆر جار گروپی چوکە و یان پەرش و بڵاویمان پێوە دەدی.
یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کە لە دەرەوەی ئێران دەتوانین ئاماژەی پێبکەین خودی ئێمە کوردەکان بوین، بە حیزب، ناوەندی سیاسی و ڕاگەیاندنەوە. نەبوونی پلانی تۆکمە، ڕاوێژی باش و یەکنەگرتوویی  وای کرد زۆر زوو بدزدررێ و ڕەنگ و بۆنی دیکەی پێوە

بلکێنن. لە ماوەی پێنج مانگی سەرەتای شۆرشدا هیچ ناوەند و حیزب و لایەنێک نەهات کۆنفرانس و باسی جیاواز بەسازبدەن، ئەگەریش کرا، کرچ و کاڵ بوو. ڕاستە شۆرشەکە چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام دەرفەت هەبوو کە ئەو چاوەڕواننەکراوییە درێژ نەکرێتەوە. لە خەباتی چالاکی و لۆبی و باسی جیاوازە بچێتەوە سۆسیالمیدیا نەک هەر لە ئاستی سۆسیالمیدیادا بمێنێتەوە.

**٧– بە لێکدانەوەی ئەم دوو پرسیارە بەوەی کە بەرەو ساڵرۆژی شۆرشی ژینا دەچین، بە ڕای ئێوە دەکرا ئەم شۆرشە بەهێزتر با لەوەی کە هەیە؟ چۆن؟ چی پێویست بوو بکرێ و پێتان وایە نەکراوە، بەگشتی؟**

لەو باوەڕە دام ئەوەی پێویست بوو بە گشتی لە کوردستان کرا و خەڵک بوێرییەکی سەیریان هەبوو، لە کاتێکدا حکومەت بە چەکی جەنگی بەرانبەریان ڕاوەستا و هەروەها چەکی جەنگیشی بە دژی خەڵکی کوردستان بەکارهێنا. بەڵام ئەگەر کرابا و لە سەرانسەری ئێرانەوە بەتایبەت شارە گەورەکانەوە وەک کوردستان هەستابان. بێگومان کۆنترۆڵ کردن ئاسان نەدەبوو، بەجۆرێکیش گوشار لەسەر کوردستان کەم دەبۆوە.
هاوکات لە دەرەوەی ئێرانیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ناوەندە مافە مرۆڤییەکان گوشارێکی ئەوتۆیان بۆ ئێران دروست نەکرد جگە لە چەند مانگی سەرەتای شۆرشدا نەبێ.

**٨– ئەگەر بۆمان باسێکی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن کە بەرەو ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا دەچین، خەڵک لە ئێستادا دۆخیان چۆنە؟ چونکە دەزانین گۆشارەکانی ڕژیمی ئێران لە لایەک و هەرەشەکانی و سەرکوتەکانی و ئەوەی ئێستاش دەبینین زۆربەی شارەکانی کوردستان میلیتاریزە کراون لەبەر ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا، پێتان وایە ئەم گۆشارانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەم شۆرشە دەبێ یا خۆ خەڵک بڕیاری خۆی داوە؟**

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ئەو



هەموو هێزەی لە کوردستان جێگیرکراوە و هەروەها فشاری زۆر لەسەر خەڵک بەگشتی و چالاکان بەتایبەتی دۆخێکی ئاڵۆزە. دۆخێکە کە دەیهەوێ ترس و گوشاری زۆرتر دروست بکات، بەڵام خەڵکی بڕیاڕی خۆی داوە کە نەترس بێت و لە شۆرشی ژینا زۆر بە ڕونی دەرکەوت. لە بیرمان بێ ئەوەی ئێستا خەڵک لە ڕۆژهەڵات و ئێران دەیکا بوێرییەکی زۆری دەوێ و ئازایەتییەکی بێسنور، بەرانبەر بە حکومەتێکە کە لە هیچ کارێکی دڕندە ناپرینگێتەوە.

**٩– ڕژیمی ئیسلامی دوای یەک ساڵ لە شۆرشی ژینا دۆخی چۆنە؟ کۆماری ئیسلامی چەندە لە شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی دەترسێ؟ چەند لە هێز و شۆرشی ژنان دەترسێ؟**

شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی بە ڕونی نیشانی دا کە دەتوانێ جێ پێی کۆمارێکی ٤٤ ساڵە وەلەرزە بخات و پێیان بڵێ کە ڕۆژێک ئەو دەسەڵاتە تا سەر نامێنێت و بەڵام کات و ڕۆژەکەی دیار نییە. ئەوەی ئێستا ئێران پەلامار و هێزی نیزامی لە کوردستان زۆر دەکات بێگومان هی ترسی لە شۆرشەکە و هەروەها لە شۆرشێکە کە ژنان پێشرەوی بوون.
ئەگەرچی شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی نەیتوانی کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بهێنێت، بەڵام بەو واتایە نییە کە نەروخێت و بەو واتەیەش نییە کە شۆرش تەواو بوبێت و بە ئەنجام نەگەیشتبێت. شۆرشی ژینا خەباتی هێنا قۆناغێکی دیکە و هیوایەکی بەهێزی داوە بە هەموومان کە بۆ ئازادی و ڕوخانی کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشین.

**١٠– گەیشتنە کۆتا پرسیارمان، دەزانین شۆرشی ژینا بەردەوامە و شۆرش تەنیا ئەوە نییە کە خەڵک لەسەر شەقام بیت، بەڵکو شۆرش قۆناغ و شێوازی جێوازی هەیە... ئێوە پێتان وایە شۆرشی ژینا دوای یەک ساڵ بەرەو چ قۆناغێک دەچێ؟ ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا قۆناغێکی نوێ لە شۆرش دەبێ؟ دەتوانن هەڵسەنگاندنێک بکەن؟**

لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و بەپێی بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە ڕەنگبێ هەڵسەنگاندن ئەستەم بێ، بەڵام هەر ئەوەی بنەماڵەی شەهیدان دادخوازان و بەردەوامن لە حەق ئەستاندن، چالاکن بەردەوامن لەگەڵ هەموو گیران و دەستگیرکردن و حوکمەکان، ڕۆژنامەنوسان لە لەقاودان بەردەوامن سەرباقی نەبوونی هیچ ئازادییەک، کەواتە شۆرش بەردەوامە و خەڵکیش لە قۆناغی خەبات دان تا بە ئەنجام گەیشتن و گەیشتن بە ئازادی.
لەو باوەڕەدام ئەو شۆرشە بەجۆرێک لەجۆرەکان لە کات و ساتێکی کە سەرهەڵدەداتەوە درەنگ یان زوو ڕەنگبێ ئەستەم بێ ئێستا پێشبینی بکەین، چونکە زۆر فاکتۆر دەتوانێ ڕۆڵ لەو دووبارە بونەوی شۆرشێکی سەراسەری دا ببینێت.

**خاتوو شلێر باپیری ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی ژنان سپاس بۆ ئامادەبوونتان لەم وتووێژەدا**

سپاس

# گرینگیی یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران لە دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی



شنە دروودگەر

گرینگیی یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران لەدوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی

هەروەک دەزانن دۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی خراپی خۆی دایە و لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بشێوی تێکەوتووە و ڕێژیم بە تەواوی شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە. بەڵام هەر سوورە لەسەر مانەوە و درێژەدان بە حوکمڕانییە سەدە ناوەڕاستییەی خۆی.

ئێستا و لەو شپرزەییەی کە بەرۆکی بە ڕێژیم گرتووە با تاوتوێیەکی کورتی دۆخی نێوخۆیی و دەرەکی ئێران بکەین.

لە دەرەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمدا، دەبینین کە لە نێوخۆی ئێراندا لە لایەک برسییەتی و هەژاری و هەڵاوسان پشتی خەڵکی چەماندووە و لە لایەکی دیکەوە گرانی و کەمبوونی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی وەک دەوا و دەرمان و شتی دیکە لە بازاڕەکاندا، تەنگی بە خەڵک چنیوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، زەبر و زەنگ و سەرکوت بەرانبەر بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ، ئەوەندەی دیکە خەڵکی ئێرانی بەرامبەر بە ڕێژیم تووڕەتر و ڕقئەستوورتر کردووە.

هاوکات لە بواری دەرەکیدا دەبینین کە ڕێژیم بە تەواوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تەریک کەوتووە و ئیزۆلە بووە.

کەوابوو هەم لەڕووی نێوخۆیی و هەم لەڕووی دەرەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لێواری ڕووخان و نەماندایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا و لە دوایین پەلەقاژەکانی خۆیدا، هەتا بۆی بکرێ یەکریزی و یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران کە لێی بووە بە مۆتەکە تێکیدەدا، چونکە دەزانێ کە ڕەنگە بتوانی سەرکوتی کورد یا بەلووچ یا عەرەب یا ئازەری بکات و بانگی ئازادیخوازییان کپ بکات، بەڵام دڵنیایە کە ناتوانی دەنگی هەموویان بەیەکەوە کپ بکات. دەزانێ هەموویان بەیەکەوە دەتوانن ببن بە شەپۆلێک کە تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی تێکەوە بپێچی و ڕایماڵێ.



ئێستا پرسیارێک دێتە پێش. ئەویش ئەوەیە کە ئێران دەتوانێ یەکگرتوویی نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران تێک بدات؟

گەلۆ نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران گەیشتوون بەو ئاستە تێگەیشتوویی و هزری نەتەوەی و سیاسی، کە ئەو یەکگرتووییە دروست بکەن و بیپارێزن؟

مێژووی نیزیک بە هەشتا ساڵی ڕابردوو لە ئێران، لەو پێوەندییەدا هەندێک ڕاستیمان بۆ ئاشکرا دەکا و دەسەلمێنێ.

ئەو مێژووە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە نەتەوەی کورد نیزیک بە سەد ساڵە خەبات و تێکۆشان بۆ ماف و ئازادییەکانی خۆی دەکات و لە پێناو ئامانجەکانیدا بە دەیان هەزار قوربانی داوە.

هاوکات ئەو مێژووە ئەوەش دەسەلمێنێ کە تۆشەی خەباتی گەلی کورد پڕە لە دەسکەوت و ئەزموونی تاڵ و شیرین کە بوون بە سەرمایە و سەنگەرێک کە پشتمان پێوە داوە و وزە و هێزی پێداوین بۆ بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان. ئەو تۆشە و دەسکەوت و ئەزموونانەی کە نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەیانبووە و بەداخەوە تێگەیشتنی سیاسی و هزری باوڕبەخۆبوونییان لە ئاست کورد دا کەمترە.

کوردستانی ڕۆژهەڵات و نەتەوەی کورد، بەبڕوای من چەند پلە لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە پێشە.

چوونکە چ لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و چ لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد نەچوو ژێرباری ئەو دەسەڵاتە پاوانخواز و ناوەندگەرایانە و قۆڵی خەبات و بەربەرەکانی لێ هەڵماڵی. لە بەرانبەر بانگی ئازادیخوازی گەلی کوردیشدا، ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕی پەهلەوی و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیش بە درێژایی تەمەنی خۆییان، وەکوو خاکێکی داگیرکراو هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کوردستان و نەتەوەی کورد کردووە و لەڕاستیدا کوردستانیان بە زەبری باتۆم و ئاگر و ئاسن ئیداری کردووە.

ئەو ڕابردووییە تاڵە لە سەرکوت و قەڵاچۆکردنە. گەلی کورد کە تەژییە لە ئەزموون بۆ خەبات، هەم بووە بە هۆی ئەوەی کە خەڵکەکەمان خۆڕاگر و شارەزای شێوەکانی خەبات لەدژی ملهۆڕەکانی ناوەند بن و هەم حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان ببنەوە خاوەن پێگە و هێز لە کوردستان و بەم شێوەیە بتوانن ببنە ڕێکخراوی تۆکمە کە دەبینین چلۆن بە بانگەوازێک هەموو دوکان و بازاڕەکانی کوردستان دادەخەن. ئەم تایبەتمەندییانەی کە لەسەر کوردستان باسم کردن، بوونەتە هۆکار کە هەموو نەتەوە و دانیشتوانی ئێران لە ئێستادا چاو ببرنە کوردستان

چوونکە چ لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و چ لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد نەچووە ژێر باری ئەو دەسەڵاتە پاوانخواز و ناوەندگەرایانە و قۆڵی خەبات و بەربەرەکانێی لێ هەڵماڵی. لە بەرانبەر بانگی ئازادیخوازیی گەلی کوردیشدا، ڕێژیمی گۆڕبەگۆڕی پەهلەوی و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیش بە درێژایی تەمەنی خۆییان، وەکوو خاکێکی داگیرکراو هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کوردستان و نەتەوەی کورد کردووە

و حیزبە کوردییەکان و بۆ بەشداری لە ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا، کوردستان و نەتەوەی کورد بکەن بە نموونە بۆ بەشداری چالاکانە و زیاتریان لە فازی نوێ و دووهەمی شۆڕشدا.

بەڵام ئەو تۆشەی خەباتە کە گەلی کورد و کوردستان هەیانە، بە بڕوای من نابێ تەنیا بۆ کوردستان تەرخان بکرێت. بەڵکوو دەبێ کورد هەوڵ بدات لە ڕێگای حیزب و ڕێکخراو و ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە، لە پێکهێنانی یەکگرتوویی و یەکخستنی وزەی هەموو نەتەوەکانی ئێران، ڕۆڵ ببینێ تا هەموویان بەیەکەوە کاریگەریان لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران و داهاتووی نەتەوەکانی کورد و تورک و فارس و بەلووچ و عەرەب و بە گشتی هەموو حەشیمەتی بەبارمتە گیراوی ئێران هەبێ.

نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغڕافیای ئێران دەبێ خەبات و تێکۆشانییان پەرە پێ بدەن و لەمە بەدواوە دەست لەنێو دەستی یەک بەرەوڕووی دیکتاتۆری ئیسلامی لە ئێران ببینەوە.

ئەو جیهانبینی و لۆژیکە، قوڵایی ستراتێژی کورد و لەسەرووی هەموویان حیزبی دێموکرات بووە و لەو پێناوەشدا هەنگاوی باشی هەڵهێناوە.

ئەو بانگەوازەی کە ٦ لایەنی کوردی بۆ مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕەکانی کوردستان بۆ ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان درا، نموونەیەکی دیکە لە پێشکەوتنی نەتەوەی کوردە لە ڕووی هزری سیاسی و باوڕبەخۆبوونییەوە بوو. چوونکە هەموو نەتەوەکانی ئێران دووبارە بۆیان دەرکەوت کە دەبێ بۆ ڕزگاربوون خۆیان و بۆ بەچۆکداهێنانی ئەم ڕێژیمە گەندەڵە، یەکگرتوویی کورد بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ یەکگرتنی هەموو گەلانی ئێران ببینن.

ئێمەش وەکوو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی نیزیک بە ٨٠ ساڵەی خەباتمان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان هەیە.

ئێمەش لە ٨ دەیەی خەباتماندا، ڕاستە هەوراز و نشێوی زۆرمان بینیوە، بەڵام هاوکات ڕۆڵ و کاریگەریی ئەرێنی خۆمان لەسەر بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کوردستان و ئێران هەبووە.

ئەگەر چاوێک بە ڕابردووی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژناندا بخشێنین، دەبینن کە جگە لە خەباتی مەدەنی و خەبات بۆ مافەکانی ژنان و تەنانەت خەباتی چەکداری شان بە شانی برا پێشمەرگەکان لە هێزە سیاسییەکاندا، لە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و پێوەندی لەگەڵ ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەنگاوی باشمان هاویشتووە.

ئێمە وەکوو یەکیەتیی ژنان پێمانوایە کە ئەوە ئەرکێکە لەسەر شانمان کە بارتەقای ئەو مێژووە پڕ لە شانازییەی کە هەمانە، بەو ڕادەیەش لەسەر ئاستی ژنانی ئێران و بەتایبەت لە شۆڕشی ژینا/مەهسا-دا ڕۆڵ و کاریگەری خۆمان هەبێ. هەر بۆیە بڕیارماندا کە لە بە بەرەبەری هاتنی ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا، وەکوو یەکەم هەنگاوی هاوکاری و پێکەوە تێکۆشانی ژنانی سەرانسەی ئێران لە ساڵی نوێی شۆڕشی ژینادا، کۆنفرانسێک تایبەت بە ژنان لەسەر ئاستی نەتەوەکانی ئێران پێک بێنین تا هەم ببێتە سەرەتا و ئیستارتێک بۆ هاتنە مەیدانی بەرچاوتری ژنان لەسەر ئاستی ئێران، هەم ببێتە سەرەتا و هەوێنێک کە وەکوو ژنانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، لەداهاتوودا ناوەندێک لەسەر ئاستی ئێران بۆ ژنان پێک بێنین کە ڕێگەخۆشکەر بێ هەم بۆ ڕەواندنەوەی ئەو پروپاگاندانەی کە چەند دەیەیە ڕێژیم لە سەر نەتەوەکانی ئێران دەیکا و هەم ببێتە بەستێنێکی گونجاو کە درز و بۆشاییەکانی نێوان خۆمانی پێ پڕ بکەینەوە و ببین بە ناوەندێکی تۆکمە کە کاریگەری ڕاستەوخۆمان لەسەر درێژەی شۆڕشی ژینا و داهاتووی ئێرانی دوای ڕێژیمی فاشیتی ئێران هەبێت.

بێگومان ئەو کۆنفرانسە و کۆنفرانسی هاوشێوە جا چ لە ئاست ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا بێت، چ لە ئاست حیزبە سیاسییەکاندا بێت، چ لە ئاست نەتەوەکاندا بێت، دەتوان مێتۆد و میکانیزمی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی شۆڕش لە سەراسەری ئێران بدۆزنەوە و بەستێنێکی لەبار بۆ پەرەپێدان و هەمەگیرکردنی ساز بکات. چوونکە شک لەوەدا نییە کە دۆخی خراپ ژیان و هەژاری و برسییەتی تینی بۆ خەڵکی ئێران هێناوە و کۆماڵگە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە خەریکە دەکوڵێ. دیارە ڕێژیمیش لە بەرانبەردا هەوڵی داوە کە دۆخەکە ئاسایی نیشان بدا، بەڵام لەڕاستیدا گڕکانی ڕقی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران ڕوو لە تەقینەوەیە و بێگومان ئەمجارە دەسەڵات و حکوومەتی ئاخوندەکان ڕادەماڵێ.



# زانکۆ؛ مۆتەکەی هەمیشەی ڕێژیمی ئێران



شەونم هەمزەیی

زانکۆ هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا شوێنی کۆمەڵە کەسانێک بووە کە ویستوویانە لە ڕێگەی بەدەستهێنان و پەرەدان بە زانست پێگەیەکی باشتر بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. خوێندکار بە هۆی چوونەسەری ڕادەی ئاگایی؛ خوازیار و باوەڕمەند بە سیستمێکی تێکنۆکرات دەبێ، سیستمێک کە لەوێدا بە مافی ڕەوای خۆی بگا و بەشداری لە هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردن و بەڕێوەبەری وڵات بکا. پێوەندیی زانکۆ بە زانست و پێوەندیی زانکۆ بە دەسەڵات، دوو پێوەندیی بنەڕەتین کە لە هێندێک بارودۆخدا هاوتەریب و یارمەتیدەری یەکتر بوونە و لە هێندێک بارودۆخیشدا یەکتریان لاواز کردوە و بە گژ یەکتردا چوونەوە. لە مێژووی ئێراندا هەمیشە شاهیدی ئەوە بووین کە دەسەڵاتی پاوانخواز لە هەوڵی ئەوە دابووە زانکۆ لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان وەدەربنێ. چونکە وەک دەزانین لە دژایەتیکردن لەگەڵ دەسەڵاتی پەهلەوییدا، خوێندکاران و کۆمەڵگەی زانستی و ڕووناکبیریی ئەم وڵاتە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕووخانی ئەم سیستمەدا هەبوو.

لە ئاکامی شۆڕش کە شۆڕشێکی بنەڕەتی بوو و هەموو جومگە سیاسی و کولتووری و ئابوورییەکانی ئێرانی گرتەوە، ئاساییە کە دەسەڵاتی نوێ، خوازیاری دەست بەسەردا گرتنی هەموو ئەم جومگانە دەبێ. ئەوان کە بۆ خۆشیان لە ڕەوتی شۆڕشدا بەشدار بوون و بە لایەنێکی شۆڕشگێڕ لە قەڵەم دەدران، بە باشی ئاگاداری ڕۆڵی زانکۆکان لە ئاڕاستەپێدان بە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا بوون. هەر بۆیە دوای بە دەسەڵات گەیشتنیان هەوڵیان دا ئەم ناوەندانە بخەنە ژێر چاودێریی خۆیانەوە.

شۆڕشی فەرهەنگی و داخستنی زانکۆکان لە ساڵەکانی ١٣٥٩ تا ١٣٦١ نموونەی بەرچاوی ئەو جۆرە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و زانکۆیە. هەروەها زانکۆ لە ساڵەکانی شەڕی ئێران لەگەڵ عێراق تا ڕادەیەکی زۆر هیچ چەشنە کاریگەرییەکی بە سەر گۆڕانکارییەکانی وڵاتدا نەبوو. بەو پێیە زانکۆ و خوێندکاران لە مێژووی ئێراندا توانیویانە گوشار بخەنە سەر دەسەڵات و هاوکاری بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێران بن، بەڵام ڕێگەیان پێنەدراوە وەک هێزێکی فەزاخوڵقێن ڕۆڵ بگێڕن.



لە پێشدا خومەینی ڕێگەی خۆش کرد و لە وتار و سوخەنڕانییەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە زانکۆ ماکەی «گەندەڵییە» و شوێنێکە کە لەوێدا مێشک و هزری لاوانی وڵات «دەشێوێندرێ»، ئەم وتانە دواتر بە فەرمان کران و دەستوور درا و شۆڕای شۆڕشی کولتووری (انقلاب فرهنگی) بۆ ئەم مەبەستە دامەزرا. کەسانی وەک عەبدولکەریم سرووش و بەنیسەدر و ... لە بەرەی داکۆکی لەم شۆڕشە کولتوورییەدا بوون. لە ئەنجامی ئەم هەوڵانە کە بە مەبەستی سڕینەوەی کەشی زانکۆ لە هزری سۆسیالیستی و بنەما لیبێرالییەکان و هەروەها ئیسلامیزە کردنیان بوو؛ بە سەدان مامۆستا و هەزاران خوێندکار دەر کران و زیندانی کران و زۆریەک لەوانیش بە ناچار وڵاتیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە هەندەران کرد.

زانکۆ و کۆمەڵگەی خوێندکاری لە دەیەی هەفتا بەملاوە لە لایەک بە هۆی کرانەوەی ڕێژەیی فەزای سیاسیی ئێران و لە لایەکی دیکە بە هۆی زیادبوونی ژمارەی خوێندکاران ڕۆڵێکی بەرچاوتری گێڕا و توانیان دەورێکی نوێ لە چالاکیی خوێندکاری دەست پێ بکەن.

ترسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە زانکۆکان هەمیشە وای کردووە زانکۆکان ببنە ناوەندێک کە لە ژێر چاودێری و فەزایەکی ئەمنییەتیدا بن. ڕێژیم هەموو کات لە سەرهەڵدان و نارەزایەتیی خوێندکاران وەک توێژێکی کاریگەر و خاوەن هەڵوێست ترساوە، بۆیە بەردەوام بە ڕێگەی جیاواز گوشاری بۆ سەر خوێندکاران و مامۆستایان هێناوە و هەوڵی داوە پێش بە جموجۆڵ و چالاکییەکانیان بگرێت.

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا لە کرانەوەی زانکۆکان نزیک دەبینەوە کە کۆمەڵگەی ئێران کەوتووەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە و بزووتنەوەی خوێندکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، یەکێک لە ستوونە بەهێزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بووە. لەو ڕۆژەوە کە جەستەی بێ گیانی ژینا ئەمینی لەژێر کەشوهەوای ئەمنییەتی لەنێو تووڕەیی و نارەزایەتیی خەڵکی خەباتکاری سەقزدا بە خاک سپێردا، شەپۆلێک لە جموجۆڵی شۆڕشگێڕانە زانکۆکانی ئێرانی داگرت. لە ٢٨ی خەرمانان لە حاڵێکدا کە کوردستان دژ بە کوشتنی حکوومەتی ژینا ئەمینی لە مانگرتنی گشتیدا بوو، خوێندکاران لەئاستێکی کەم وێنەدا لە زۆرێک لە زانکۆکانی ئێران بە دروشمی ‹›لە کوردستانەوە تا تاران ستەم دەکرێ لە ژنان»، «لە کوردستانەوە تا تاران، خوێناوییە گشت ئێران»، «ژن، ژیان، ئازادی»، «مەرگ بۆ دیکتاتۆر»، ”ئەمە دوا پەیامە، ئامانج گشت نیزامە»، «ئێمە هەموومان ژیناین› و هتد، زانکۆیان کردە مەیدانی مانگرتن و کۆبوونەوەی نارەزایەتی دژبە گشت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

لەو جێگەوە کە زانکۆ و خوێندکاران

لـە سـاتە هەسـتیارە مێژووییەکانی ئێرانـدا بـەردەوام هێمـای خۆڕاگـری و خـەبـات بەرامبەر بە دیکتاتۆری و ڕەمزی یەکگرتن و هاوپشتیی کۆمەڵگا بوون، لـەم ڕووەوە هێزە سـەرکوتکەرەکانی حکوومەتی ئیسلامی هێرش بۆسـەر زانکـۆ و سـەرکوتی خوێندکارانیـان بـە پرۆسـەی خامـۆش و کۆتایـی هێنـان بـە بزووتنـەوەی نارەزایەتـی دەزانـی، هـەر بۆیـە گوشـارەکانی ڕێژیـم بـۆ جارێکـی دیکـە و لـە دوای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی سـەرتاسـەری، شۆڕشـی ژن، ژیان، ئازادی بۆ سـەر زانکۆکان بـە چـڕی زیـادی کـردەوە و بـە گرتنەبـەری چەندین ڕێوشـوێن و بڕیـاری نایاسـایی لەوانـە؛ دواخسـتنی کرانـەوەی زانکـۆکان کـە لـە ترسـی سـەرهەڵدانی خوێنـدکاران دەسـپێکی کردنـەوەی زانکۆکانـی کـە پێشـتر ٢٥ی خەرمانـان دیـاری کرابـوو بـۆ مانگـی ڕەزبـەر وەدوا خست. دەرکردن و بانگهێشـت کردنـی ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە خوێنـدکاران و هەڕەشـە لێکـردن و هەڵپەسـاردنیان لـە خوێنـدن، دەرکـردن و دوورخسـتنەوەی دەیـان مامۆسـتای زانکـۆ بـە بیانـووی پشـتیوانیکردن لـە نارازییـان و دامەزراندنـی مۆرەکانی ڕێژیم وەک مامۆستا لە زانکۆکان، بێبـەش کردنـی دەیـان خوێنـدکار و بەتایبـەت خوێندکارانـی کـچ لـە بەشـە نێوخۆییـەکان بـە بیانـووی ڕەچـاو نەکردنـی حیجابـی زۆرەملـێ و بەشـداری کـردن لـە نارەزایەتییـەکان، هەروەهـا لابردنـی نـاوی دەیـان خوێنـدکار لـە هەڵبژاردنی کۆمەڵـە زانستییەکانی زانکۆکانـدا، هەوڵـی سـەرکوتکردنی زانکۆکانـی داوە.

هـەر لـەم پێوەندییـەدا ئیبراهیـم ڕەئیسـی سـەرۆککۆماری ئێـران لـە تازەتریـن لێدوانیـدا پشـتگیری لـە دەرکردنـی مامۆسـتایانی زانکـۆ کـرد و ئەوانـی بـە کەسـانی تێکـدەر نـاو بـرد و وتـی: «ئەگـەر ژمارەیەکـی سـنووردار لـە خەڵـک بیانەوێـت ڕێکوپێکـی زانکـۆ تێکبـدەن، دەبێـت زانکـۆ خـۆی مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات». لـە لایەکـی دیکـە وەزارەتـی نێوخـۆی ڕێژیمـی ئێـران لـە بەیاننامەیەکـدا سـەبارەت بـە دەرکردنـی مامۆسـتایانی زانکـۆ بەرگریـی لـە وەزارەتـی زانسـت کـرد و ئـەو کارەی بـە ئەرکـی شۆڕشـگێڕانە نـاو بـرد و ڕایگەیانـد: «ئـەوەی وەزارەتـی زانسـت لـە بەرامبـەر ئـەو چەنـد مامۆسـتایەدا کردوویەتـی کـە تووشـی چەقبەسـتوویی ئەکادیمـی بـوون، بـەڵام ڕۆڵـی گرینگیـان لـە پیشـاندانی میدیـادا هەبـووە، لەسـەر بنەمـای سـتانداردی یاسـاییە و بێگومـان ئەرکـی شۆڕشـگێڕانەی ئـەم وەزارەتخانەیەیـە». لـەو بەیاننامەیـەدا، ئـەو مامۆسـتایانە بـە «گەمـەی سیاسـی و کەڵکوەرگرتنـی جناحـی و هەڵبـژاردن» و «چەقبەسـتوویی زانسـتی و بـێ ئەخلاقیـی



**ئـەم ئاخێـزە شۆڕشـگێڕانەیە؛ ڕێژیمێـک کـە تەنیـا پێوەندیـی لەگـەڵ کۆمەڵـگا، سـەرکوت و هەڕەشـەیە و بـە هێـرش کردنـە سـەر خوێنـدکاران ویسـتی کۆمەڵـگا بـەرەو دواوە بگەڕێنێتـەوە و ئـەم شکسـتە بـە سـەرکوتی بەرنامـە بۆداڕێـژراوی زانکـۆکان قەرەبـوو بکاتـەوە، لـە بەرامبـەر درێـژەی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی زانکۆکانـدا دامـاو و بێتوانـا کـردووە.**

سیاسـی» تۆمەتبـار کـران. هەروەهـا محەمـەد ڕەزا عەلـی ئەکبـەری، ئیمامـی جومعـەی پارێـزگای زەنجـان ئـەو مامۆسـتایانەی بـە دژە نیشـتمانپەروەر و دژە شـۆڕش ناوبـرد و وتـی «ئـەو مامۆسـتایانەی باوەڕیـان بـە بناغەکانـی نیـزام و شـۆڕش و سـەرکردایەتی نییـە» پێویسـتە لـە کارەکانیـان دووربخرێنـەوە.

ئـەم هەوڵانـە بـۆ سـەرکوتی مامۆسـتا و خوێندکارانـی زانکـۆ ڕەخنـە و تووڕەییـی زۆری بـە دوای خۆیـدا هێنـا و ئەنجومەنـی سـێنفیی مامۆسـتایانی زانکۆکانـی ئێـران، داوای لـە وەزارەتـی نێوخـۆ و دامـەزراوە ئەمنییەکانـی دیکـە کـرد کـە لـە کاروبارەکانـی زانکـۆ دەسـتێوەردان نەکـەن و بـە دەرکردنـی بەیاننامەیـەک هۆشـداریی دا کـە: «بەردەوامیـی ئـەم ڕێگایـە نـەک هـەر دەرئەنجامـی ناخۆشـی بـۆ وڵات و پێشـکەوتن و گەشەسـەندنی دەبێـت، بەڵکـوو ئامانـج و خواسـتی دەسـتێوەردانەکانی قۆرخکاریـش بـەدی ناهێنێـت.»

لـە لایەکـی دیکـەوە ئەنجومەنـی یەکیەتیـی خوێنـدکاران هۆشـداریی دابـوو کـە «دەرکردنـی سیاسـیی مامۆسـتایان بـە تۆمەتـی پاڵپشـتیکردنی خوێنـدکاران دەتوانێـت لـە درێژخایەنـدا زانکـۆکان لـە مامۆسـتایانی پێبەنـد و خەمخـۆر چـۆڵ بـکات و ڕێگـە بـۆ پێـوەرە شکسـتخواردوو و نائاکادیمییـەکان و هاتنـی کەسـانی ناشایسـت و ناکارامـە خـۆش بـکات. هەروەهـا لـە کاردانـەوە بـە گوشـارەکانی هێـزە نیزامییـەکان بـۆ سـەر زانکـۆی هونـەری تـاران و سـووکایەتی پێکـردن و گرتـن و لێدانیـان لـە لایـەن حەراسـەتی زانکـۆ و هێـزە ئەمنییـەکان; چەنـد زانکۆیـەک بـە بڵاوکردنـەوەی بەیاننامـە پشـتیوانیی خۆیـان ڕاگەیانـد٠ کۆمەڵێـک خوێنـدکاری زانکـۆی هونـەر لـە بەیاننامەیەکـدا کـە ئاڕاسـتەی دەسـەڵاتدارانیان کـرد، ڕایانگەیانـد: «ئێـوە پێتـان وابـوو کـە زانکـۆ مـردووە و لـە شـەقامەکانی دەوروبـەری دابـڕاوە». دەریایەکـی خوێـن لـە نێـوان ئێمـە و ئێـوەدا هەیـە، ئێمـە کـە ئێسـتا نزیکـەی سـاڵێکە «ئێمـە»ین،هیـچ قسـەیەکمان لەگەڵتـان نییـە جگـە لـە یـەک وشـە: نەخێـر.

لـە سـاڵیادی شۆڕشـی ژینـادا بـۆ جارێکـی دیکـە خوێنـدکاران لـە بەرامبـەر ئـەم ڕێژیمـە وەسـتانەوە و لـە ‹›نا››وتـن بـە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران پێداگرییـان کـردەوە و باسـیان لـەوە کـرد کـە شۆڕشـی ژینـا وێنەیەکـی ڕوونـی لـە دۆخـی ئێسـتای کۆمەڵگـەی ئێران پـێ بەخشـین. ئـەو پەنجانـەی کـە ئاڕاسـتەی نەتەوەکانیـان دەکـرد و بـە جیاخـوازی تۆمەتباریـان دەکـردن، شـکێندراون و ئێمـە تێگەیشـتووین کـە جیاخـوازی لـە پیلانێـک زیاتـر نەبـوو. ‹›ئێمـە شـەڕ دەکەیـن! ئێمـە هـاوار دەکەیـن! ئێمـە دەکوژرێیـن! خەباتمـان بـە بێدەنگـی دەسـت پـێ کـرد، بـەڵام بـە بێدەنگـی کۆتایـی پـێ ناهێنیـن.»

ئـەم ئاخێـزە شۆڕشـگێڕانەیە؛ ڕێژیمێـک کـە تەنیـا پێوەندیـی لەگـەڵ کۆمەڵـگا، سـەرکوت و هەڕەشـەیە و بـە هێـرش کردنـە سـەر خوێنـدکاران ویسـتی کۆمەڵـگا بـەرەو دواوە بگەڕێنێتـەوە و ئـەم شکسـتە بـە سـەرکوتی بەرنامـە بۆداڕێـژراوی زانکـۆکان قەرەبـوو بکاتـەوە، لـە بەرامبـەر درێـژەی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی زانکۆکانـدا دامـاو و بێتوانـا کـردووە. بـە قەولـی خوێندکارانـی زانکـۆی هونـەر›ئێمـە و ئێـوە دەریایـەک خوێنمـان لەنێواندایـە»!.

# هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی سەروەریی یاسایی



کەنێرە مێهفەر

هەروەک دەزانین نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەردەم ستەمی لێکراوە و بە توندترین شێوازی مومکین سەرکوت کراوە هێرشی کراوەتە سەری، نەتەوەی کورد کە نەتەوەیەکی مافخواز و ئازادیخوازە سەرەڕای هەموو زەبروزەنگ و جینایەتێک بەرامبەر سیاسەتی چەپەڵ و داگیرکارانەی دووژمنانی ڕاوەستاوە، کوردەکان ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و کۆمەڵکووژ کراون و فەرمانی جەهادی لە دژ دراوە بەڵام لە پێناو پاراستن و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی خۆی لەهەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا خۆڕاگرانە ڕاوەستاوە و بەرگری کردووە و قوربانی زۆری داوە.

دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد لە ژێرسایەی سیاسەتی دژە مرۆڤانە و یاسا پڕ لە هەڵاواردن و نادادپەروەرانەکەی کۆماری ئیسلامی دەکەونە بەر هێرشی ئاسیمیلاسیۆن و ستەمی سیاسی و نەتەوەیی. کۆماری ئیسلامی ئێران کە تایبەتمەندی حکومەتەکانی دیکتاتۆری، ئۆتۆکراتی، تۆتالیتەری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، جگە لە ئیدۆلۆژی سیاسی و ئاینی خۆی هیچ باوەڕێکی قبوڵ نیە و لە ڕێگەی زەبروزەنگ و دیکتاتۆری و کوشت و کوشتار، دەنگی ئازادیخوازی دژبەرانی کپ دەکات و مافی ئازادی ڕادەربرینی لە هەموو تاکێک زەوتکردووە و دەسەڵاتێکی تەواو دراوەتەوە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش کە بە توندترین شێوە سەرکوتی هەرچەشنە نارەزایەتیەک یا جیابیریەک بکەن.

بەناوی ئیسلامی سیاسی کردەوەی دژە مرۆڤانە دژبە نەتەوە بن دەستەکان و کەمایەتیە ئایینەکانی کۆمەڵگەی ئێران ئەنجام دەدەن. نەتەوەی کوردیش بە هۆی خەباتەکەی بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ئازادی ڕووبەڕووی توندترین شێوازی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە.

مافی سیاسی کە یەک لە سەرەکیترین مافەکانیەتی لەڕووی یاساوە لێی بێبەشکراوە و مافی ئەوەی لێ زەوتکراوە کە خۆی بڕیار لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بدات. چونکە کۆماری ئیسلامی بە ڕەهەندێکی ئەمنیەتی چاو لە کورد و کوردستان دەکات و هەر تاکێکی کورد بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی و دەسەڵاتی نامەشروعی خۆی دەزانێ.

بۆیە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دژی سیاسەت و یاساکانی نادادپەروەرانەی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن لەپێناو مانەوە و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و زامن کردنی مافەکانی نەتەوەیی لەچوارچێوەی ئێرانێکی فێدراڵ خەبات دەکات، بە گەورەترین مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەزانێ و هەر جارە بەبیانوویەک هێرشی دەکاتە سەر ئەم حیزب و لایەنانە، جا بە تیرۆر بێ، تۆپباران و بۆردومان بێ یا هێرشی درۆنی و موشەکی بێ، کە سنورەکانی زەمینی و ئاسمانی خاکی وڵاتی دراوسێ دەبەزێنێ و سەروەری یاسایی خاکی ئەو وڵاتە پێشێل دەکات.

سەرەتا با پێناسەیەکی کورت بۆ سەروەری یاسایی لە ڕووی قانونیەوە بکەین، سەروەری یاسایی یانی پاراستن و پارێزگاری کردنی یەکسان لەلایەن یاساوە بۆ هەموو تاکەکان وسەرجەم دامودەزگاکانی ئەو کۆمەڵگەیە کە سەربەحکومەتن. ئامانج لەسەروەری یاسایی گەیشتنە بەپرینسیپی پارێزگاری کردن لە بریارە زۆرەملی و تاکەکەسیەکان و سەرەڕۆییەکان. کاتێک وڵاتێک سەروەری یاسایی نامێنێ دەبێتە هۆی لەنێوچوونی دیموکراسی و دادپەروەری، چوارچێوەی نەزم و دیسپلینی یاسایی دەشێوێ و ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نائارامی و ئاژاوە و شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە تێکدەچێ و لەئاکامدا دەستتێوەردانی دەرەکی و تێکدانی ئەمنیەت و ئاسایشی ناوچەیی لێدەکەوێتەوە.

با نموونەکە هەر لەسەر حیزبی دیموکرات و پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق و هەرێم لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بێنینەوە. کاتێک کۆماری ئیسلامی لە ڕووی زەمینی و ئاسمانی هێرش دەکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب، لە قۆناغی یەکەمدا پێشێلکردنی سەروەری یاسایی خاکی عێراقە کە سنووری بەزاندووە، لە قۆناغی دووهەم پێشێلکردنی هەموو ئەو پرۆتۆکۆڵ و ڕێکەوتنە ئەمنیانەیە کە کۆماری ئیسلامی خۆی یەکێک بووە لە لایەنەکانی، سێهەم پێشێلکردنی سەروەری یاسایی خاکی هەرێمی کوردستان بووە کە بۆتە هۆی تێکدانی ئاسایش و ئەمنیەتی بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و کوشتنی بە ناحەقی بەشێک لە هاوڵاتی سڤیل و ئاسایی و تێکدانی ماڵ و حاڵیان، چونکە بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان و ئەو ڕێکەوتننامە ئەمنیانەی کە هەن نابێ

**بۆیە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دژی سیاسەت و یاساکانی نادادپەروەرانەی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن لەپێناو مانەوە وپاراستنی شوناسی نەتەوەیی ودەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و زامن کردنی مافەکانی نەتەوەیی لەچوارچێوەی ئێرانێکی فێدراڵ خەبات دەکات، بە گەورەترین مەترسی وهەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەزانێ وهەر جارە بەبیانوویەک هێرشی دەکاتە سەر ئەم حیزب ولایەنانە**

هێرش بکرێتە سەر شوێنەگشتیەکان وەکوو نەخۆشخانە، قووتابخانە و شوێنی حەوانەوەی ژن منداڵ، کە چی کۆماری ئیسلامی بۆردوومانی ئەو شوێنانەی لەناوکەمپەکانی حیزبی کرد وەک دیتمان ژن و منداڵی تازە لە دایک بوو شەهیدبوون، و ئەمەش پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق و هەرێم و پێچەوانەی هەموو بڕگە یاسایی و ڕێکەوتنە ئەمنیەکانە.

هەروەک دەشبینین کە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ناتوانن بە پێی پێویست و یاسامەندانە وڵامی ئەو هێرش و پێشێلکاری سەروەری یاسایی خاکی خۆیان بدەنەوە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی بەرامبەریان دەکرێ، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار، **یەکەمیان:**

لاوازبوونی حکومەتی عێراق لەڕووی دەسەڵاتداریەوە، چونکە ئەو گروپانەی کە سەر بە ئێرانن(گروپە شیعەکان) دەستێکی باڵایان هەیە لەنێو حکومەتی عێراق و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن وەک وڵاتێکی خاوەن سەروەری بەرگری لەخاکی خۆیان بکەن و ئەم بابەتەش بەنیسبەت هەرێمی کوردستانیش لایەنێکی دی هەیە، کە هەرێمی کوردستان لەرووی سیاسی بەشێکە لەخاکی عێراق و لەرووی دەستوریش دەبێ عێراق بەرپەرچی ئەم هێرشانە بداتەوە، هەرێمی کوردستان ئەو هێزەی نییە بەرامبەر دەوڵەتانی دیکە بوەستێ.

**دووەم:** ناسەقامگیری ناوخۆیی عێراق، عێراق وڵاتێک نییە کە یاسا تێدا سەروەر بێ، لایەنی سەربازی سەر بەدەوڵەت کە لایەنێکی یاسایی دیاریکراو سەرپەرەستی ئەوهێزانە بکات بوونی نییە، بەڵکوو چەندین گروپ و هێزی میلیشیای سەربازی هەن کە هەرکامیان لەڕووی سیاسی و ئایینی و ئیدۆئۆلۆژی سەر بە لایەنێکی تایبەتن، ئەمەش هۆکارێکی تری دەستێوەردانی دەرەکییە بۆنێو خاکی عێراق.

**سێیەم:** نەبوونی پشتیوانی نێودەوڵەتی، ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە کە باسم کرد وایکردوە کە دەوڵەتانی تر کە دەزانن ئێران لە ڕێگەی گروپی جیاوازی لایەنگری ئێران لەنێو عێراق دەستێوەردان دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی دیکەش وەک وڵاتێکی خاوەن سەروەری یاسایی سەیری عێراق نەکەن و لە ناوەندە نێونەتوەییەکان بەرگری پێویست لە عێراق ناکەن.



**چوارەم:** بەنیسبەت هەرێمی کوردستانیش حکومەتێکی یاسایی بەهێزی یەکگرتووی نییە بەتایبەت لەئاست پرسەکانی دەرەوە، ئەو کێشانەی لە نێوخۆی هەرێم هەن بێگومان کاریگەریان لەسەر ئەوە هەیە کە لەبەرامبەر جیهانی دەرەوە و وڵاتاندا نەتوانن بە پێگە و دەنگێکی بەهێز وڵام بدەنەوە.

بۆیە ئەو هۆکارانە سەرەوە ڕێگرن لەوەی کە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان نەتوانن وەک وڵاتێکی خاوەن سەروەری یاسایی بەرگری لەخاکی خۆیان بکەن یا لانیکەم بتوانن پرسەکان بەرنە ناوەندە جیهانیەکان و سکاڵای یاسای لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمار کەن.

لە لایەکی دیکەوە تەنانەت لە نێوخۆی عێراقدا لەوانەیە هێندێ هێز و لایەنی سیاسی بە تایبەتی لە ئێران نزیک هەبن کە ئەو هێرشانەشیان پێ باش بێ و بیانهەوێ پێگەی هەرێمی کوردستان و کورد لە ئاستی دەرەکی و ناوخۆیی لاوازبکەن و باشتر بتوانن گوشار بخەنە سەر هەرێمی کوردستان.

بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە کۆماری ئیسلامی هەمووکات بەرامبەر نەتەوی کورد داگیرکەرانە جولاوەتەوە، کاتێک حکومەتێک دیکتاتۆر بێ، هەلسووکەوتی فاشیستی بەنیسبەت نەتەوەی کورد هەبوو، بێ گومان ئەوەی بۆی گرنیگ نابێ مافی مرۆڤ و ئازادی و پرێنسیپە گشتییەکانی دیموکراسی و یەکسانیە.

هەر بۆیە لەپێناو مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی نامەشروعی خۆی لە هیچ جنایەتێک دژ بەکورد دەست ناپارێزێ وهەر ئەمش بۆتە هۆکاری ئەوە کە سەروەری یاسایی خاکی وڵاتی دراوسێ پێشێل بکات و بەبیانووی پاراستنی سنوورەکانی خۆی سنوری نێودەوڵەتی ببەزێنێ و ئەمنیەت و ئاسایشی ناوچەکە تێکبدات، بۆیە ئەندام بوونیشی لە هێندێ پرۆتۆکۆڵ و کۆنوانسیۆن و ڕێکەوتنامەی جیهانی، تەنیا بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی جیهانیە، چونکە هیچ کات پابەندی هیچ یاسایەک نەبووە.

# ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز!



ئاسۆ مینبەری




ساڵێک پێش ئێستا، لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانـدا و لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی سەقزدا و لەو کاتەدا کە تەرمی ژینای جوانەمەرگ بۆ هەتاهەتایە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا، لەو کاتەدا کە دڵەکان لە لاواندنەوەکانی دایکی ژینا ئاوریان تێ بەربوو، لەو کاتەدا کە فرمێسکی قەتیسماوی چاوی باوکی ژینا دڵی هەموو دنیای هەژاند، لەسەر کێلی مەنزڵگەی نوێی ژینا، ڕستەیەک نووسرا، ڕستەیەک کە بە سەدان جار لە زۆر وتار و لێدوانی تلویزیۆنی و پۆستی فەیسبووکیدا دووپات بووەوە و وەک چۆن دروشمی ژن، ژیان، ئازادی وەکوو مۆرکێک لە شۆڕشی ژینا درا، ئەم ڕستەیەش بوو بە ماناترین ڕستەی شۆڕشی ژینا!

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، بە کردەوە ئەم ڕستەیە ماناکەی خۆی وەرگرتەوە، ڕەنگە زۆر جار، زۆربەمان لە گەرمەی شۆڕش و سەرهەڵدانەکەدا، یان لە کاتی تەنیایی و بیرکردنەوەمان لەم شۆڕشە مەزنە، پرسیارمان لە خۆمان کردبێ کە کێ ئەم ڕستەی نووسی؟ بۆچی ئەمەی نووسی؟ ئایا دەیزانی بەخاکسپاردنی ژینا و ماڵاوایی هەتاهەتایی ئەم کچە لە ژین و ژیان، ئەبێتە دەسپێکی ژیانێکی نوێ بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژیاندا ماون؟ ئاخۆ قەڵەم چۆن سووڕا و ئەم ڕستەیە لە کوێوە هات؟ فەلسەفەی ئەم نووسینە چییە و بڵێی بەڕاستی ناوی ژینا ببێتە ڕەمز؟

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو بدەینەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن ناوی ژینا بوو بە ڕەمز، وەک بڵێی بەڕاستی ڕووداوەکان ئیلهامیان لەم ڕستەیە وەرگرت و بەرەو ئەو ئاقارە چوون کە بە ڕاستی ناوی ژینا بکەن بە ڕەمز! ڕەمزێک کە بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی کوردستاندا هەرمان دەمێنێتەوە.

زۆربەمان وا لە مەرگ تێگەیشتوون، ماڵاوایی لە ژیان و کۆتاییهاتنی چیرۆکەکەمان، دابڕانمان لە دنیا و لەبیرچوونەوەمان تەنانەت لەلایەن ئازیزترین کەسەکانمانەوە، ئەی چی وای کرد کە ژینا نەمر بێت؟ چی وای کرد کە ژینا مانا و هەرمان بێت؟

لە ڕاستیدا لەو کاتەوە کە ژینا ڕووی لە تارانی پێتەختی جەلادەکان کرد، پێناسەیەکی نوێی لێ خولقا، ژینا لەو کاتەوە کە لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە گیرا و چووە پۆلیسی ئەمنییەتی_ئەخلاقی پێناسەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرت؛ ژینا ئیتر تەنیا کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵی کوردی خەڵکی سەقز نەبوو کە ناسنامەی داگیرکەر بە مەهسای پێناسە دەکرد، ژینا لەوێ و لەو کاتەدا نوێنەری ناسنامەیەکی داگیرکراو، ڕەگەزێکی پەراوێزخراو و لە هەمانکاتدا نوێنەری نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو بوو، بۆیە هیچ بەزەییەک بەرانبەر بەم کچە کوردە نەبینرا، بێبەزەییانە و لەوپەڕی دڕندەییدا، بە پێچەوانەی هەموو دەسبەسەرکراوانی ئەو ڕۆژ و ساتە هەڵسوکەتی لەگەڵ کرا و تەرمەکەی گەڕێندرایەوە بۆ کوردستان!

هەر ئەم ڕووداوە بوو وای کرد کە مەرگێک ببێتە دەسپێک! بە پێچەوانەی بیرکردنەوە باوەکە، ئەم مەرگە، کۆتایی ژینا نەبوو، بەڵکوو دەسپێکی ژینێکی نوێ دوای ژینا بوو. لە ڕاستیدا بە مەرگی ژینا، ژینایەکی نوێ خولقا، ژینایەک کە ٥ ڕۆژ دواتر، لە ساڵیادی لەدایکبوونیدا، هەموو خەڵکی کوردستان هاتنە سەرشەقام و یادی ٢٣ ساڵەی تەمەنیان کردەوە، ژینایەک کە ئیتر سنووری شاری سەقزی تێپەڕاندبوو و ئێشتا کچی هەموو کوردستان بوو، ژینایەک کە نموونەی بەرچاوی ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی ڕەگەزی و ستەمی ناسنامەیی بوو!

ڕووداوەکانی پاش مەرگی ژینا، بەتایبەت لە کوردستان، هەموویان بەرەو ئەو ئاقارە چوون کە بەرگری لە ماف و خواستی نەتەوەیی بکەن، خەڵکی کوردستان، بە مەرگی ژینا،

**بە پێچەوانەی بیرکردنەوە باوەکە، ئەم مەرگە، کۆتایی ژینا نەبوو، بەڵکوو دەسپێکی ژینێکی نوێ دوای ژینا بوو. لە ڕاستیدا بە مەرگی ژینا، ژینایەکی نوێ خولقا، ژینایەک کە ٥ ڕۆژ دواتر، لە ساڵیادی لەدایکبوونیدا، هەموو خەڵکی کوردستان هاتنە سەرشەقام و یادی ٢٣ ساڵەی تەمەنیان کردەوە، ژینایەک کە ئیتر سنووری شاری سەقزی تێپەڕاندبوو و ئێشتا کچی هەموو کوردستان بوو، ژینایەک کە نموونەی بەرچاوی ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی ڕەگەزی و ستەمی ناسنامەیی بوو!**

هاواری پەنگخواردووی زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتداریی ستەمیان بەرز کردەوە، شەقامەکانیان هەژاند و دژ بە هەموو ستەمێک وەستانەوە.

ڕاستە کە کوردستان هەمیشە لە بەرانبەر داگیرکاریی دەسەڵاتدا هەڵوێستی بووە، بە دەیان جار خۆپیشاندان کراوە، مانگرتن بەڕێوە چووە و خەڵک داوای مافی ڕەوای خۆیان کردووە، بەڵام مەرگی ژینا ڕووداوەکانی بە چەشنێکی تر ئاراستە کرد، ئەم مەرگە بووە وێستگەیەکی گرینگ لە خەباتی کوردستاندا، وێستگەیەک کە ئەکرێ وەکوو گرینگترین ڕووداوی سەدە ناوی لێ ببردرێ.


شێوازی مەرگی ژینا، نوێنگەی ستەمی چەند قاتی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد و کوردستان بوو، هەر بۆیە کاتێک کە ئەم ڕووداوە ڕووی دا، کوردستان یەکدەست هەڵوێستی نواند، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوەندی هاوکاری، بە دەرکردنی بانگەوازێک داواین لە خەڵک کرد کە مان بگرن و ئەم کردەوەیە مەحکووم بکەن، بەڵام تووڕەیی خەڵک وای کرد کە دوای مانگرتنەکە، شەقامەکان بهەژێن، تاکوو بەرگری لە کەرامەتی کچەکەیان بکەن، ڕووداوێکی دەگمەن بوو، ڕێژیم چەندین ساڵ بوو هەوڵی دەدا لە ڕێگەی میدیا و دەنگەبەر و باقی ئیمکاناتی بەردەستی خۆیەوە وای بنوێنێ کە خەڵکی کوردستان ژنکوژن و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لەم جۆگرافییایەدا زۆرە، ئەیەویست خەڵکی کوردستان بە دواکەوتوو نیشان بدات و وای پێناسە بکات کە هیچ پێشکەوتنێکی هزریی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵام بە دەسپێکی شۆڕشی ژینا، پێچەوانەکەی ڕووی دا، ئەوە خەڵکی کوردستان بوون کە مەرگی ژینایان پێ قەبووڵکراو نەبوو، هاتنە مەیدان تاکوو پێکەوە پێداگری لەسەر مافی ژنان و کچانی ئەم نیشتمانە بکەنەوە، پێکەوە دروشمی ژن، ژیان، ئازادییان وتەوە و دەنگی خۆیان بە هەموو جیهان گەیاند.

ئاوڕدانەوەیەک لە ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو، هەڵوێستی خەڵکی کوردستان، دژکردەوەی ڕێژیم بەرانبەر بە خۆپیشاندەران لە کوردستان، ڕەشبگیری، سزای زیندان و لەسێدارەدران، ڕێژەی قەتڵە حکوومەتییەکان لە کوردستان، گوشارەکان بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشەکە، بانگهێشت و هەڕەشەکردن لەو بنەماڵانە، پێشگرتن لە چوونە سەر مەزار و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی پرسە و لەدایکبوون بۆ شەهیدەکان، هەموویان نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ڕووداوەکانی پاش مەرگی ژینا توانیویانە تەواویەتی ڕێژیم بکەنە ئامانج، لێرەدایە کە دەگەڕێینەوە بۆ ڕستەکەی سەر کێلی مەزاری ژینا، ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز! لە ڕاستیدا ناوی ژینا لەو کاتەوە بوو بە ڕەمز کە سنووری نێوان ئێمە و ئەوی تری دیاری کرد، ژینا، کچی کوردستان بوو، نوێنەرایەتی نەتەوەکەی خۆی و ستەمێکی لەمێژینەی نەتەوەیی دەکرد، ڕێک بەپێچەوانەی مەهسا کە ناسنامەی داسەپاوی داگیرکەر بوو و شوناسی ڕاستەقینەی لێ زەوت کردبوو، مەرگی ژینا تراژێدیایەک بوو لە چەشنی کۆمەڵکوژییەکانی قاڕنێ و قەڵاتان، لە چەشنی لەسێدارەدرانی ٥٩ لاوی مەهاباد و بە دەیان ڕووداوی تراژیکی دیکە کە لە کوردستاندا ڕوویان داوە، ناوی ژینا پاش ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ژینێکی نوێی وەبەر کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردستاندا کردەوە، بوو بە ڕەمز بۆ ئەو ژنانەی کە ٤٤ ساڵە قوربانیی هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی بوون، بوو بە ڕەمز بۆ ئەو لاوانەی کە ساڵەکانی تەمەنیان بە بێ بوونی هیچ ئاسۆیەکی ڕوون تێپەڕ کرد، بوو بە ڕەمز بۆ توێژە جیاجیاکانی کوردستان تاکوو بۆ جارێکی دیکە بە خۆیاندا بچنەوە و دەرفەتەکان لە دەست نەدەن، ژینا بوو ڕەمز بۆ بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان، بوو بە ڕەمز بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاد. ڕاستە لەم ڕێگایەدا زۆر کەس شەهید بوون و بە هەزاران ئاوات و ئارەزوو چوونە ژێر خاک بەڵام، پەیامێکی گرینگمان پێ گەیشت، ئەویش ئەوە بوو کە کوردستان چۆک دانادا!

ئەگەرچی زۆر لایەن هەوڵیان دا نکۆڵی لە شوناسی ڕاستەقینەی ژینا وەکوو کچێکی کورد بکەن و وەکوو مەهسای بناسێنن، بەڵام لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا، ژینا بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بوو بە دەنگی کوردستان و ئێران. بە هەزاران هاشتەگ لێ درا و ناوی ژینا چووە سەردێڕی گرینگترین ڕۆژنامە و هەواڵدەرییەکانی جیهانەوە، ڕەنگە خودی ژینا هیچکات بیری لەوە نەکردبێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەموو جیهاندا بیناسن، شەقامی بە ناوەوە بکەن و ئێکاونتی ئینستاگرامەکەی بۆ هەتاهەتایە بمێنێتەوە، ڕەنگە هیچکات بیری لەوە نەکردبێتەوە کە ناوەکەی، وەکوو ماناکەی، ئەتوانێ نوێنەرایەتی ژیان و مانەوە بکا. ژینا نموونەی هەزاران کچی قوربانیی ئەم نیشتمانە بوو، بە مەرگی ژینا، سنوورەکان تێکشکان و پێناسەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، ڕوانگەکان گۆڕدران و ڕووداوەکان ئاقارەکەیان گۆڕدرا، هەموو ئەمانە ئەم ڕاستییە دەردەخەن کە ناوی ژینا ڕەمز بوو بۆ ژیان، ناوی بوو بە ڕەمز بۆ بەگژداچوونەوەی بیری دواکەوتووی داگیرکەران و ناوی ئەبێتە ڕەمز بۆ ئەوەی فێرمان بکات چۆک دانەدەین.

**! لە ڕاستیدا ناوی ژینا لەو کاتەوە بوو بە ڕەمز کە سنووری نێوان ئێمە و ئەوی تری دیاری کرد، ژینا، کچی کوردستان بوو، نوێنەرایەتی نەتەوەکەی خۆی و ستەمێکی لەمێژینەی نەتەوەیی دەکرد، ڕێک بەپێچەوانەی مەهسا کە ناسنامەی داسەپاوی داگیرکەر بوو و شوناسی ڕاستەقینەی لێ زەوت کردبوو**

# نیلووفەری حامیدی و ئیلاهەی محەممەدی لە ڕوانگەی چاپەمەنی و کۆڕوکۆمەڵی فەرهەنگی لە جیهانی دێموکراتیکدا



حەسەن حاتەمی

نیلووفەری حامیدی ژنێکی لاو و بوێری هەواڵنێری ڕۆژنامەی «شرق» و ئیلاهەی محەممەدی، ژنێکی دیکەی لاو و ئازای ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی «هم‌میهن»دا بوون کە هەڵسان بە «انجام وظیفەی حرفەای» لە «روایت حقیقت»ی ڕووداوی دڵتەزێن و کارەساتباری کوشتنی ژینا/مەهسا ئەمینی، کیژە کوردێکی ٢٢ ساڵەی خەڵکی شاری سەقز، کە لە تاران بە شێوەی «قتل حکومتی» شەهید کرا.

وەک باسی دەکەن شەهید ژینا جوانەمەرگی ڕێگەی کەرامەتی مرۆڤ بوو کە مافی ژیانیان بە هۆی جوانی، کراوەیی، لێوبەپێکەنینی، کورد بوون، میوان لە تاران و بە غەریبە زانیین، یا لەوانەیە بە تۆڵەی بەرخۆدان و خەبات بۆ ئازادی و مافی ئینسانی لە کوردستان کە پتر لە ٤٠ ساڵە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران لەئارا دایە، یا خود بە «خەزا»ی شەڕێکی دەروونی زانیینی، گیانیان لێئەستاند.

نیلووفەری حامیدی و ئیلاهەی محەممەدی، کە جێی حورمەتی چاپەمەنیی و کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆژنامەنووسان وتوێژی فەرهەنگین لە دنیای دێموکراتی ئەمڕۆدا، لەبەر ئەوی ڕەساڵەتی هەواڵنێربوونی خۆیان پاراست و ڕاستی کارەساتەکەیان بە گوێی جیهان گەیاند، لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوکارەکانییان لەلایەن دەسەڵاتی «تۆتالیتاریسمی ئیسلامی» لە بەندیخانە دەستبەسەر کراون. ئەوان دوو جار و لە خراپترین دۆخدا بەناو دادگایی کراون و چاوەڕوانی حوکمی داسەپاون و تا ئێستا چارەنووسیان ناڕوونە.

ئەو دوو ژنە لاوە کە بوونەتە جێی حورمەت و متمانەی بیروڕای گشتی، بوون بە سیمبۆلی ئازادی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران و تەنانەت بەشێک لە جیهان قەراریان گرتووە و وەک «دووانە»یەکی ڕۆژنامەنووس، مێژوویەکی پڕ لە شانازییان خوڵقاندوە.

ئەوان لە دادگا و لەکاتی بەرگریکردن لە خۆیان، سەرەڕای هەموو تۆمەتە بێبنەما و درووینەکانی بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم، پێداگرییان لە «ئیمان بە پەیمان»ی خۆیان کردبوو.

لە ئاکام دا، «روایت حقیقت» هەر لە سەرەتاوە ڕوداوە یەک لە دوای یەکەکانی وەک وێستگەی مێترۆی «حقانی» و «گزیران» و وەنی شوومی «گەشتی ئێرشاد» و «گرتنگەی وۆزەرا» و هەڵسوکەوتی ناجوامێرانەیان لە تەنیشت یەک ڕیز کردن و ڕێگری کرد لە شاردنەوەی ڕاستی ئەو جینایەتە. ئەوەبوو کە دەرکەوت ٢ سەعات دوای دەسبەسەرکردنی، بە نیوە بێهۆشی دەبرێ بۆ نەخۆشخانەی کەسرا و تەنانەت وێنەی سەر قەرەوێڵەی ژیناشیان بڵاو کردەوە.

بەداخەوە، ڕاپۆرتی شەهیدبوونی ژینا دوای سێ ڕۆژ، پەردەی ئەستوور و ڕەشی کارەساتەکەی لادا و بەشێک لە بیروڕای گشتیی لێ ئاگادار کرانەوە و ئەوەبوو کە خەڵکی زۆر بەرەو نەخۆشخانەی کەسرا چوون و خۆپێشاندن و نارەزایەتییان دەربڕی.

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی (١٧ی سێپتامبری ٢٠٢٢)، ئاپۆرای خەڵک لە گۆڕستانی ئایچی سەقز کە دوا مەنزڵگەی ژینا بوو، و هەروەها بەشی دووهەمی «گێڕانەوەی ڕاستی» (روایت حقیقت) و هاوکات ڕاپەڕینی هەزاران کەس و خوڵقاندی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی و وتارە ورووژێنەرەکەی کاک «دیاکۆ عەلەوی» کە تێیدا پێداگری لەسەر پێشێلکردنی مافی ژنانی لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا کردبوو، زۆر جێی تێرامان بوو.

بەو دیمەنانە سەلمێندا کە کچە غەریبە جوانەکەی تاران، ئەوندە لەلای نەتەوەی خۆی خۆشەویستە و کۆمەڵگە و خەڵکەکەی ئەوەندە وزەیەکی بەهێزی خەباتیان هەیە کە، لە ماوەی پتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی شووم و ڕەشی دژە ژن و دژە ئازادی «ئاخوندیسمی سیاسی»، بە تێکۆشانی سیاسیی و مەدەنی و هەروەها بە بوونی ئەحزاب و ڕێکخراو تۆکمە لە کوردستان لە ڕابردوو سەرەڕای هەموویان بوونی «ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران» و لەوەش گرینگتر یەکگرتنەوەی و وەسەریەکخستنەوە نێوماڵی دێموکراتەکان، بەستێنێکی وای خۆش کرد کە مانگرتن و خۆپێشاندان، نەتەنیا کوردستان، بگرە سەرانسەری ئێران و تەنانەت وڵاتانی ئورووپاشی تەنی و بوو بە شۆڕشێک کە ئێستاش و دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو کارەساتە تاڵە و سەرەڕای سەرکوتی بێ بەزەییانە و هەمەلایەنە، هەربەردەوامە.

حەوتوویەک دوای خۆپیشاندانە گەورەی ژینادا، ئیدی خۆپیشاندان قۆناغی گۆڕی و بوو بە شۆڕشێکی نوێ. شۆڕشێک کە سەرەتا توێژی خوێندکاران و دواتر قوتابییەکانیش ئاوێتەی بوون.

ڕۆژی ٣٠ و ٣١ی خەرمانان، دەسەڵاتی ملهوڕ و هێزی سەرکوت و کوشتار، سەرەتا نیلووفەری حامیدی و پاشان ئیلاهەی محەممەدی-یان لەگەڵ ژمارەیەک هاوکاریان کە لە ئامادەکردنی «روایت حقیقت» ڕۆڵیان بینی، دەستبەسەر و دادگایی کران.

بیروڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، سەرەڕای ئیدانە کردنی گرتن و زیندانی کردنی ئەو دوو ژنە ڕۆژنامەنووسە بوێرە، هاوسۆزی و پشتیوانی توندی خۆیان لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بە پشتیوانی و پێشوازی لە کردەوەی «نیلوفر حامدی و الهە محمدی» دەربڕی و تەنانەت خەڵاتگەلێکی جۆراوجۆری نێونەتەوەییان پێ بەخشرا.




ئەو خەڵاتانە کە لە میدیا بەناوبانگە ئازادەکانی جیهان دران بە «نیلوفر حامدی و الهە محمدی»، بوونە هۆی ناوبانگی جیهانی ئەوان و لەنێو هەناوی ڕاستییەکانی ژیاندا و بۆ کەسانێکی خولیا و ئۆگری ڕووداوەکان پێشوازی باشی لێکراوە.

**بەشێک لەو خەڵاتانە برتین لە:**

– کۆمەڵگەی باشگای چاپەمەنیی ئەمریکا «ابوشن». – سەرووترین نیشانی شانازیی ئەنجومەنی ئازادی.
– خەڵاتی ئازادیی چاپەمەنیی کانادایی.
–خەڵاتی بونیادی نمین لە زانستگەی هاروارد لە خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی.
– لوئیس لیون بۆ «وجدان و صادق در روزنامە نگاری».
– لە ساڵی ٢٠٢٣ دا، «نیلوفر حامدی و الهەی محمدی» لەلایەن گۆڤاری تایم لە لیستی ١٠٠ ژنی کاریگەر لە جیهان دا، ناویان نووسرا.
– خەڵاتی ئازادیی چاپەمەنیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.
– لە ساڵی ٢٠٢٣ خەڵاتی فانووسی دەریایی لە تۆڕی لێکۆڵینەوەی ئاڵمان.
– خەڵاتی زێڕینی ئازادی، لە ٤ی گەلاوێژی ١٤٠٢ دا. هاوکات ئەنجومەنی هەواڵنێری ئاڵمان و پرادالیە دۆمینیک-ی سەرۆکی فیدراسیۆنی نێونەوەیی ڕۆژنامەنووسان، خوازیاریی ئازاد کردنی ئەو دوو خاتوونە ڕۆژنامەنووسە بوو. دۆمینیک لە ڕۆژی ٦ ی گەلاوێژی ١٤٠٢ وتبووی: «ئەو تۆمەتانەی وەپاڵ ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە ژنە دراون، لە یاسای ڕۆژنامەنووسی دا، تاوان نیین.

بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندەکانی مافی میدیا و میدیاکاران، لە ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە یەک ساڵی ڕابردوو لە ئێران دا، ٩٥ ڕۆژنامەنووس زیندانی کراون کە ٢٥ کەسیان ژنن. ئێران لە بواری میدیایی لەنێو ١٨٠ وڵاتی جیهاندا، لە پلەی ١٧٧ دایە و لە سەرەوەی ڤییتنام و چین و کورەی باکوورە.

هەواڵنێرانی بێ سنوور، دۆخی میدیایی لە ئێران بە مەترسیی دەزانن و کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە سەرکوتکارترین دەوڵەت لە جیهاندا نێو دەبات.

ناوەندی هەواڵی دویچەوێلە-ش لەو پێوەندییەدا دەڵێ، ئیلاهەی حامیدی لە دوایین دانیشتنی دادگایی کردنیدا ڕایگەیاندووە کە «من هەموو ئەو تاوانانەی خراونەتە پاڵم ڕەد دەکەمەوە، ١٥ ساڵە هەواڵنێرم و لە ماوەی کاریی بەردەوامم دا، جگە لە گەیاندنی قسەی خەڵک و هەنگاونان بۆ باشتربوونی دۆخی ژیانیان، هیچ کارێکی دیکەم نەکردووە. من هیچ پێوەندییەکم بە هیچ وڵاتێکی بیانییەوە نەبووە و شانازیی دەکەم کە لە لای گەلەکەم ماومەوە هەتا دەنگیان بم. من ڕام وایە لە جێگەی گرتنی هەواڵنێران، نیهادە ئەمنییەتییەکان دەزگای دادوەری، دەوڵەت و پارلمان دەبێ گوێ لە قسەکانی خەڵک بگرن، نەک ئەو هەواڵنێرانەی کە کاری خۆیان دەکەن، دەستبەسەر بکەن».

ئیلاهەی محەممەدی لە درێژەی بەرگرییەکەی دا ئاماژەی بەوەش داوە و دەڵێ؛ «لەگەڵ نیلوفەری حامیدی هاوکارم لە حاڵێک دا دادگایی دەکرێین کە، بە هۆی هەڵسوکەوتی ئەمنییەتی لەگەڵ ڕۆژنامە نووسان و هەوڵنێرانی سادق و دەروەست، هەم دڵی خەڵکتان ئازار داوە و هەم خەڵک ناچار دەکەن کە ڕوو لە میدیاکانی دەرەوە بکەن».

بەو هیوایەی کە بە کار و تێکۆشانی شێلگیر و یەکگرتووانە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، هەم دەسەڵاتی نگریسی کۆماری پەت و سێدارە نەمێنی و هەم هەرچی زووتر هەموو زیندانییە سیاسییەکان و بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسان و لەنێو ئەوانیش دا، ژنان و کچان ئازاد بکرێن.

**سەرچاوەکان: گووگل، سایتهای دویچەوله، رادیو فردا، صدای آمریکا و روزنامە همميهن.**

# ژنان دژی داگیرکەری و خۆسەپاندنن



ماریا وەیسی

«ژینا گیان تۆ نامری ناوت دەبێتە ڕەمز»

**بەرایی:**

لە یەک ساڵی ڕابردوو بزووتنەوەیەکی گشتگیر و ڕادیکاڵ، دژی دەسەڵاتی ئێران سەری هەڵدا و کۆمەڵگەی بەرەو قۆناغێکی نوێی بێگەڕانەوە برد. یان بە واتایەکی تر دابەشکاریی لەنێو مێژووی خەباتی گەلانی ئێران پێک هێنا لەژێر ناوی پێش بزووتنەوەی ژینا و دوای بزووتنەوەی ژینا لە ڕاستیدا ئەمە بە مانای خەباتی گەلان لەم قۆناغەدا جەماوەری تر، گشتگیرتر و ڕادیکاڵتربوونی بەخۆیەوە بینی.

**یەک ساڵی ڕابردوو بزووتنەوەیەکی گشتگیر و ڕادیکاڵ، دژی دەسەڵاتی ئێران سەری هەڵدا و کۆمەڵگەی بەرەو قۆناخێکی نوێی بێگەڕانەوە برد. یان بە واتایەکی تر دا بەش کاری لەنێو مێژووی خەباتی گەلانی ئێران پێک هێنا لەژێر ناوی پێش بزووتنەوەی ژینا و دوای بزووتنەوەی ژینا لە ڕاستیدا ئەمە بە مانای خەباتی گەلان لەم قۆناخەدا جەماوەری تر، گشتگیرتر و ڕادیکاڵتر بوونی بە خۆی بینی**

بیرکردنەوە و وەلامدانەوە بەو پرسیارانەی کە بزووتنەوەی ژینا لە بەردەم کۆمەڵگەی خۆی لەقاندووە زەروورەت و ئەولەویەتی کۆمەڵگە و بەتایبەت بیرمەندانە.

لەم نووسراوەیە هەوڵ دەدرێت بە کورتی لە دوو ڕەهەندی ناوەندگەرایی یان نەتەوەخوازیی ئێرانی و سیاسەتی شیعی ئەوە بڵێم کە هەر بەردێک لە ئاسمانی ئەم جوگرافیایە بەر دەبێتەوە خەتای عەقلیەتی دەوڵەت خوازی ئێرانییە «دەوڵەت لە تاران فاشیستە و لە کوردستان داگیرکەر»

**گشتییەتی بابەتەکە**

دوای نزیکەی ساڵێک بەسەر دەستپێکی بزووتنەوەی ژینا تێپەڕیوە، ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت کە ئاوڕێکی قووڵتر لەو شتانە بدەینەوە کە ڕوویدا بۆ ئەوەی پرسیار لە ماهیەتی کۆماری ئیسلامی بکەین بۆچی مەسەلەی ژنان تا ئەو ڕادەیەی بووەتە پرسی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی؟ کە هەموو دام و دەزگا حکومییەکان دەبێت لە پەرەسەندن و گشتاندنی ئەرزیشی سەرپۆش و کۆنترۆڵی لەشی ژنان ئەرکدار بکرێن؟ دەوڵەت بۆ نەیتوانیوە لە کوردستان شەرعییەتی هەبێت؟ بۆ ئەرزشەکانی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات پەسەند نەکراوە؟ بەرخۆدانی گەل لە هەمبەر دەوڵەت بەرهەمی چییە؟ حکومەت لە هەمبەر پرسی ژنان بودجە زیاد و ڕێکخراوەی جۆراوجۆری دروست کردووە هەتا ژنان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی خۆی پەروەردە و کۆنترۆڵ بکات. ئەم پرسە کۆماری ئیسلامی بردووەتە لێواری بەربوونەوە و دارمان لە دەسەڵات.

دەوڵەت بخوازێت ئێرانی دوای سەدەی بیستم لە فۆرمی نایاسایی و نا مێژوویی بەسەر جوگرافیایی کوردستان خۆی سەپاندووە ئەمە وایکردووە بەرنگارییەکی نەتەوەیی هەمە لایەنە دژی گێرانەوەی مێژووی ئێرانی بوون لە لایەک و سەروەری سیاسی ئێرانی لەلای یەکتر لە کوردستان شکڵ بگرێت و ئاستەنگی و ئالنگاری سەرەکی دەوڵەت بن.

**نا کارامەیی دەولەت خوازی ئێرانی**

لە سەدەی بیستم بە هاتن و دامەزراندنی دەوڵەتنەتەوە لە ئێراندا بینەری مێژوویی توندوتیژ و کارەساتبار دژی نەتەوەکانی تر دەبین.


ئارگیۆمێنتی نەتەوەخوازانی ئێرانی ئەوەیە کە چەمکێکی هاوچەشن و یەکسان لە ئێران و کولتووری ئێرانی بهێنن و بە هێنانی بیری ئەورووپییەکان بە شێوازێکی نا مێژوویی و ناڕاست کە ئەنجامی سەپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی و بەرەوپێشبردنی بیرۆکەی ئێرانی گەورە بە ئاسمیلەکردن و شتنی مێشکی مرۆڤەکان لە پێناو نیشتمان پەروەری ئێرانیدا بوو.

ئارگیۆمێنتەکەی ئەوەیە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و سەپاندنی ئەم تێڕوانینە نەتەوەیەدایە بۆ مێژوو و کولتوور و نەریتی ئێرانیبوون، لەسەر بناغەی زمانی فارسی لە کاتێکدا خودی چەمکی ئێران لە مێژوو و نەریتی کورددا نییە و نەبووە.

بەکاریان هێناوە. هەر ئەم ئەویتر ساز کردنە لەنێو نەتەوەکانی تردا بەرەنگاری نەتەوەیی دەخوڵقێنێت و حازر بە پەسەندکردنی ئەم تێڕوانینە نین هەر بۆیە بیرۆکەی ئێرانی ناوەندگەرا دەبێتە کاکڵەی قەیران و دووبارە بەرهەم هاتنەوەی قەیرانە. ڕەخنەیەک کە لە ئەلیتی ئێرانی هەیە ئەمەیە کە بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکان هەمان ڕێگەچارە دەپێچنەوە کە سەرچاوەی هەمان قەیرانەکانە وەک زاراوەی شۆڕشی نەتەوەیی لەلایەن پاشاخوازەکان.

**ئیسلامی سیاسیی و حکومەتی شیعە**

یەکێک لە بنەماکانی ئێرانی بوون هەمان شیعەگەریی سیاسییە کە لەلایەن ئەلیتی ئێرانی وەک یەکسانی کولتووری و مێژوویی مرۆڤی ئێرانی باسی دەکەن. سەرەتا دەبێ بڵێین، ئیسلامی سیاسی لە ئێران دوای سەرهەڵدانی بیرۆکەی گشتی ئیسلام گەرایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەرەی سەندووە و تابعێک بووە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە چ لە سەردەمی دوای ڕۆخانی ئیمپراتۆری



عوسمانی و چ لە سەردەمی شەڕی سارد و کێبڕکێی نێوان جەمسەرەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی هاتنە سەر کاری ئیسلامی سیاسیی لە فۆرمی ویلایەت فەقیهی شیعەی ئێرانی وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری بە پەرەدان بە ئەرزشە ئیسلامییەکان لە ئێران و گەلانی ئێران پێکهات هەر بۆیە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی دەتوانێت بە ڕوونی سیاسەتداڕێژی کۆماری ئیسلامی لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیمان بۆ ڕوون بکاتەوە هەتا لە مەنتیق و لۆژیکی دەسەڵات لە ئێران تێبگەین.
دەسەڵاتێکی پاوانخوازە و تاکڕەوی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای سەرپۆشی زۆرە ملی بە خۆسەپاندنی دەسەڵات لە ڕێگای کۆنترۆڵی کردنی لەشی ژنان بە شوێن تەبعیت و پیادە کردنی ئاواتە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیەتی بەم واتایە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای شۆڕشی فەرهەنگی خۆی دوای شۆڕشی پەنجا حەوت بە کاریگەری بیری ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئیسلامی شیعە دروست بکات بە ئامانجی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی پێکهاتە و ستراکچری کۆمەڵایەتی و ئابووریيە نوێ بۆ بەهەشتە سەر زەمینییە کەی.
بەڵام ئەم ئەرزیش گەلە یان نۆشتە ئایدیۆلۆژی یەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ژنانەوە بەرەنگاری مەدەنی جددیی بووەتەوە کە لە بزووتنەوەی ژینا و بەردەوامی ئەم بزووتنەوە لە یەک ساڵی ڕابردوو دا دەبینین کە بیرۆکەی ئاخوندەکانی جەماران لەلایەن ژنانەوە دژایەتی دەکرێت چ لە شەقام، چ زانکۆ یان زیندان بێت سەرنجڕاکێشە کە دەبینین ڕێژەی ژنانی زیندانی چالاکوان لە کوردستان و ئێران لە یەک دەیەی ڕابردوو پەرەی سەندووە کە نیشاندەری بەرەنگاری ژنان لە دژی دەسەڵاتی ئایەتوڵلاکانە.
بیرۆکەی سەرپۆشی ئیسلامی ڕژێم لە کوردستان لەلایەن ژنانەوە لە یەکەم ڕۆژەکانی خۆی بە شێوازی ڕوون و ئاشکرا دژایەتی کرا ئەمە بە مانای ئەوە نییە ژنان لە کوردستان ستەم نابینن بەڵکوو بەو مانایە دێت کە کولتووری کوردستان و خەباتی ژنان لە چوارچێوەی مافی نەتەوەیی و یەکسانیدا فۆرم و ستایلی کۆماری ئیسلامی جێگایەکی نییە تەنانەت دژایەتی دەکرێت.

**بیرۆکەی سەرپۆشی ئیسلامی ڕژێم لە کوردستان لەلایەن ژنانەوە لە یەکەم ڕۆژەکانی خۆی بە شێوازی ڕوون و ئاشکرا دژایەتی کرا ئەمە بە مانای ئەوە نییە ژنان لە کوردستان ستەم نابینن بەڵکوو بەو مانایە دێت کە کولتووری کوردستان و خەباتی ژنان لە چوارچێوەی مافی نەتەوەیی و یەکسانیدا فۆرم و ستایلی کۆماری ئیسلامی جێگایەکی نییە تەنانەت دژایەتی دەکرێت**

**ئاکام**

بزووتنەوەیەک کە لەم یەک ساڵەدا لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بە قووڵی کاریگەر بووە ئاماژە بە چەند هۆکاری سەرەکی کە دەگەڕێنەوە بۆ عەقڵی سیاسی ئێرانی یان هەمان دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی و دەسەڵاتی شیعی کە شکڵ و شێوازێکی پاوانخوازی و داگیرکەری خۆڵقاندووە کە شێوازێکی نامۆ بە ژیانی گەلان لە ڕەوتی مێژوویيدا خۆڵقاندووە مەسەلەیەک نە لە زمان نە لە کولتووری ئەم نەتەوانە نامۆ و لادانێکی گەورەیە.
تۆڕەیی گەلان کە لە بزووتنەوەی ژینادا خۆی نمایش دا، باس لە ناخی کۆمەڵگەی ئێستا لە ئێران دەکات کە ئەرزشەکانی حکومەت نائەرزیش و لادان لە بایەخە ئەساسییەکانی مرۆڤی نێو ئەم جوگرافیایە.
لەلایەکی ترەوە سیاسەتە نا مرۆڤانەکانی ڕژێم لە هاودەستی و ڕێگەدان بە ڕەوتە ئیسلامییەکان بە تایبەتی سەلەفیی و جیهادییەکانە لە هەر دوو بەرەی سوننە و شیعەدا کە دەستیان بۆ زەخت خستنە سەر ژنان و پێشێلکردن و سنووردار کردنی ئازادییەکانیانە.
ژنان سۆژەی نارازی لە بەرامبەر هێزی باڵادەستە و ئەویتری بەهێز لە ڕەوتی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامییە.



فەرزانە حەبیبی

# ئاوڕدانەوەیەک بەسەر مێژووی ژنان لەسەدەی٢١

خەباتی ڕزگاری خوازانەی جێندەری ژنان خەباتێکی ڕەگەزی لەپێناو ئازدی ژنان و ماف و دەوری ژنان و گەیشتن بە سەروەریی سیاسی بە واتای ڕاستەقینەی وشەیە بە واتایەک کە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری پارت و ڕێخراوە جیهانی و کۆمەڵگە مەدەنییەکان لە سەردەمی ئێستادا و لەنێوان سەدەی نۆزدە و بیستدا بەچەشنێک پەرەی گرتووە کە بەهەڵگرتنی ستراتژیکی چەمکی فێمێنیزم و دێفاکتۆ کردنی لە ئاستی نەتەوەیی و جێگر کردنی پێکهاتە و تاکی ژنان وەک مەوجوودیەت لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کۆی مافەکانی لەم ڕەوتەدا گرتوویانەتە بەر.

لە سەردەمی ڕۆژگاردا بەهاتنە ئارای دەسەڵات پێشێل کردنی ژنان لە ڕێگەی دەزگا و سیاسەتە ئایینیەکان و ڕەگەزی ئابووری پێشەنگی جووڵانەوەکان بە ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی و جڤاکی ژنان بوون، شۆڕش و نارەزایەتییان لەبەرانبەر کۆنسەرواتیزمە جیاوازەکان و بنەما ئەخلاقییەکان و کولتووری بەشێوەی نەریتی دەستپێکی خەباتیان بوو، بەرهەمی ئەم جۆرەخەباتە تۆمار کردنی ڕۆژی مێژوویی ٨ی مارس لەجیهان و بەهاتنە ئارای مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان un و ڕێکخراوە و NGOەکان و ڕێکخراوی ژێنێڤ هەست بەو هەڵاواردنانە دژ بەژنان کراو دانیان بەڕەگەزێک وەک مەوجوودیەتێکی واحید بەنێوی ژن و مافەکانی نرا.

لە ڕابردوودا تا ئەمڕۆکە لەکۆمەڵگەی ئێمە داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی بۆ نەتەوەی کورد و بەتایبەت بۆ ژنانی کورد وەک ئاکتەرێک لەڕێگەی جیاوازی خاڵەکی ئایینی مەزهەبی بەدژی و بێ بەش کردنی لەهەر چەشنە دەسەڵاتێکی سیاسی لەباری یاساییەوە بە پلەی دووهەم دانانیان و ئابووری و ئازادییە مرۆییەکان بەکاریان بردووە و کوردیش بە تێکشکانی لەو سیاسەتانە دا بووەتە پاڵنەر و تا ئاستێکی زۆر نەیارانی کوردستان سەرکەوتوو بوونە بەسەریان دا، بەستێنی ڕەوتی بزووتنەوەکان ڕاپەڕین و نارەزایەتیە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان و جۆغرافیای ئێراندا بە بوونی حکوومەتە یەک لەدوا یەکەکانی و لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتداری قەجەرەکان و هاتنە سەرکاری پەهلەوییەکان و شۆڕشی ئێرانی١٣٥٧ی هەتاوی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەلوومەرجی کۆمەڵایەتی تازەی بۆ کورد بەگشتی خوڵقاند بەتایبەتی بۆ ژنان هەم لە ئێران هەم لە کوردستان ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چل و چوار ساڵ دەسەڵاتداربوونی، دەزگا دەوڵەتییەکانی بوونەتە مەکۆی سەرکوتکاری لەقەوارەیەکی بەڕەواڵەت دێموکراسی لە بازنەی مێلیتاریزاسیۆن ودیکتاتۆریەت و هەڵسووڕانیان بەهەرچەشنە زەبر و زەنگێکی نیزامی بەوەزارەتی ئێرشاد و ئەمنیەتی ئەخلاقی و ناوەندە ئەمنییەکان لەژێر چەتری وەزارەتی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ئێران ڕووبەڕووی هەرچەشنە نارەزایەتییەک دەبنەوە و بەتۆمەتی نارەوای جوراوجۆر خەڵک



ڕەوانەی بەندیخانە دەکەن ئەو کردارانە دەرخەری ئەوڕاستیەن کە لە دەرکەوتنی ڕاستیەکان و حەقایەقەکان ترسیان هەیە و حەول بۆ کۆمەڵگەیەکی داخراو ئەدەن بەفیلتێر کردنی چاپەمەنی و ئینتێرنێت بۆئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی پەی نەبەن کە لەناخیدا چ دەگوزەرێ بەڵام بە گۆلۆبالیزم و لەهەمان کاتدا دەستپێکی ئامرازی کوشتن بنەما ئایینییەکان و ئازار و ئەشکەنجەی سیستماتیکی و بەرتەسککردنی ژنان لەڕێگەی لایحەی عفاف و حجاب و کوشتنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی نارەزایەتی خەڵک و گرتن و دەستبەسەر و بەندکردنیان لەچاوی جیهانیان بەدوور نەما و هەلوومەرجێکی ناوچەیی و جیهانی خوڵقاند، هەلوومەرجێک کە پێشتر جیاوازییەکان بەهۆی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و مێژوویی بوونە لەمپەرێک ئەمجار بووە سەنتەری یەکگرتنەوەی بزاڤی ڕەگەزی و نەتەوایەتی لەهەموو جۆغرافیای ئێران ئاڵا هەڵگری ئەم ڕاپەڕینەش ژنان بوون بگرە ئەوانەش کە دانیشتووی دەرەوەی ئێران بوون خۆیان بە بەشێک لەو خەبات و شۆڕشە پێناسە دەکرد پتانسیەلی شۆڕشی ژینا بووە پاڵنەری یەکگرتنەوەی هەستی هاوبەشی ڕەگەزی و نەتەوایەتی و لە پانۆڕامای دێموکڕاتیزاسیۆن لە کوردستان و ئێران.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە کۆتایی بە هەڵاواردنەکان لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکان و چەمک و ئایدیاکان و دیسکۆرس و دیالۆگە بەسەرچووەکان بێنین و بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لە پڕۆسەی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و وەدەست هێنانی ئازادیی و ماف بۆ گەلی کورد لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراسی لەسەر بنەمای مافی دیاری کردنی چارەنووس لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی فرەنەتەوەدا و ڕێفراندۆمێکی ئازاد و گشتگیر بۆ دان بە ماف و مەوجوودیەتی ئێرانێکی فرەنەتەوە و پلۆڕاڵ و بەشێوەی سیستماتیکی فێدڕاڵی کۆببینەوە و تێبکۆشین.

# بۆ یەکساڵ نەمانی هاوژینێک کە پڕاوپڕ بوو لە ژین



جیهان بێتووشی

**زۆر جار باوەر کردن بە مردنی هەندێ کەس ئەستەمە بە تایبەت ئەو کەسانەی کە تایبەتن لە ژیاندا پێگەی تایبەت بەخۆیان هەیە و لەسەر پێی خۆیان راوەستاون و بوونە بەشێکی جوانی کۆمەڵگا.**

### هاوژین و مەرگێکی لەناکاو

هاوژین کچێکی ئازاو خوێن گەرم و خۆشەویست لە ژیاندا ئازاری زۆری کێشا بەدەست کێشەی تەندوستی بەڵام ئازایانە ڕووبەڕووی بۆوە.
دواتر لە تەمەنێکی کەمدا باوکی لەدەستدا تەنانەت نەیتوانی گۆرێک بۆ باوکی دروست بکا بەڵام ئەو هەمێشە وەکو کەسوکارێکی دڵسۆز سەردانی گۆرستانی گۆڕ غەریبانی دەکرد پەیمانی لەگەڵ هاورێ شەهیدەکانی باوکی نوێ دەکردەوە هاوژین کچێکی زیرەک و ئازا هەرزوو هەوڵی دا لەسەر پێی خۆی بوەستێ و خۆی دروست بکا وەکو هەموو کچە ئازاکانی پەروەردەکراوی ڕێگای دێموکرات درێژەی بەرێگا و ڕێبازی باوکیدا و خوێنەر و نوسەرێکی باش بوو تا ئەگەر وەکو باوکی نەیتوانی بە چەکیش بەرگری بکا لە خاک و نیشتیمان قەڵەمەکەی بکاتە چەکێکی بەهێز بۆ درێژەدان بە ڕێبازی باوکی.
هاوژین هەمیشە هەوڵیدەدا گرینگی بە مەسەلەی ژن و باسکردن لە تەندوتیژی دژ بە ژنان و ئەو هەل و مەرجە نالەبارەی کە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدەستیەوە دەناڵێنن ببێتە بەر باس و پێیان بڵێ هیچ شتێک بەربەست نییە لە سەرکەوتن و گەشتن بەئاواتەکانیان یارمەتیدەرێکی باشی کچان و ژنانی دەوروبەی خۆی بوو ئەمەشی هەر لە دایک و خوشکیەوە دەست پێکردبوو هەوڵی دابوو ببێتە دایک و باوک و کەس بۆیان.
لە هاورێکانیەوە گوێم لێبوو دەیانگوت هاوژین دڵپاک و دل گەورە بوو یارمەتیدەرێکی باشی هەژاران و ئەو



کەسانە بوو کە پێویستیان پێی بوو.

### براکەی هاوژین دەڵێ

هاوژین ڕووناکی ماڵەکە و کۆڵەکەی ماڵەکە بوو پشت و پەنا بوو یارمەتیدەربوو تا ماندووبوونی ژیانم کەمتر بێت چونکە لەسەر پێی خۆی راوەستاو کاری کرد و بوو بە هێمای ئازایەتی بۆ کچانی دەوروبەری.

### لە دایکیم پرسی هاوژین چۆن وەسف دەکەی

وتی هیچ ناتوانم وەسفی بکەم بەس ئەوەندە دەڵێم کۆڵەکەی ماڵەکەم ڕووخا لەدوای مەرگی لەناکاوی هاوژین.

ئەوەندە ماوە بڵێم هاوژینی جوانەمەرگ ئەندام چالاکی یەکیەتیی ژنان و بەرپرسی کۆمیتەی ڕانیە لە باشووری کوردستان بوو هەر ئەرکێکی پێی سپێردرابا بێ باکانە جێبەجێی دەکرد بەداخەوە مەرگ ڕێگەی نەدا کە بگات بە ئاوات و ئارەزوەکانی و لە تەمەنێکی کەم بەرووداوێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد چەندین ئاواتی جوانی لەگەڵ خۆی بردە ژێرگڵ، ئێستا وا ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی تێدەپەرێت و جێگەی زۆر دیارە لە نێوکۆری هاورێ و خزماندا .

هیوادەرم کچانی کورد بتوانن ئاورێک لە ژیانی ئەو کچە ئازایانە بدەنەوە کە تا مردنیان بوێرانە ژیان و کچ بوون و ژن بوونی خۆیان خۆشویست و بوونە مێژوویەکی جوان.



رامیار سەرحەدی

# ترس لە تەنیایی لە منداڵاندا

پەروەردە و بارهێنان یەک لەو خاڵە گرینگانەیە کە هەموو دایک و باوکێک ئەبێ ئاگاداری بن و بزانن چۆن لەگەڵ منداڵی خۆیان هەڵسووکەوتیان ببێ کە لە هەر بواریکەوە لە تەندرووستیدا ببن، توێژینەوەی زانستی سەلماندوویەتی کە زیدەتر لە شەست لە سەدی کەسایەتی دەروونی مرۆڤ لە شەش ساڵەی سەرەتایی منداڵیدا چ دەبێ و ئەمە پیشاندەری گرینگی پەروەردەیە. هەرچەند بارهێنانی مرۆڤ هەتا دوارۆژی تەمەن بەردەوامە، بەڵام گرینگی شەش ساڵی سەرەتایی قۆناغی منداڵی حاشاهەڵنەگرە و گرینگتر ئەوەیە کە باوک و دایک ئەبێ قۆناغ بە قۆناغی ژیانی منداڵەکەیان بناسن هەتا خەساری پێ ناگات و لەبواری دەروونییەوە پێگەیەکی جێگیری ببێت.

بە داخەوە دایکان و باوکانی ئەمرۆ کە دەبن بە خاوەنی منداڵ، بێ ئەوەی بچووکترین زانیارییان سەبارەت بە پەروەردەی منداڵ ببێ، لە جیاتی فێربوون و راهاتن لە پەروەردەی منداڵەکانیان، لەسەر بنەمای ئەزموونی بنەماڵەیی و کۆمەڵگە، بە شێوەی هەڵە و ناڵۆژیکی لەگەڵ منداڵەکانیان هەڵسووکەوت دەکەن. لەو حاڵەتەدا نەتەنیا لە پەروەردەی سەردەمیانە منداڵەکانیان بێ بەش کردووە، بگرە ئازاری ڕوحی منداڵان دەدەن. بێ ئاگا لەوە کە ئەم نەزانینە ئەبێتە هۆی تووشبوونی ترس، دڵەڕاوکێ، نینۆک خواردن و ناسازگاری و...هتد لە منداڵەکانیاندا. لەم وتارە ئەمانەوێ لەمەڕ یەک لەو کێشانەی کە زۆر باو بووە واتە ترس لە تەنیایی باس بکەم.

**بە داخەوە دایک و باوکانی ئەمڕۆ کە خاوەن منداڵ ئەبن بێ ئەوەی بچووکترین زانیارییان سەبارەت بە پەروەردەی منداڵ ببێ لە جیاتی فێربوونی پەروەردە، بە شێوەی ئەزموونی ڕاست و هەڵە لەگەڵی ئەدوێن و هێدی هێدی شێوازی بارهێنان فێر دەبن و زیدەتر ئازاری رۆحی منداڵان دەدەن. ئەمە لەحاڵێکدایە ئەم نەزانینە ئەبێتە هۆی تووشبوونی ترس، دڵەڕاوکێ، نینۆک خواردن و ناسازگاری**

بەژانترین دیاردەی ژیانی میکانیکی لەم ساڵانەی دواییدا، بە تەنیا جێهێشتنی منداڵە لە ماڵەوە، بە تایبەت ئەو کەسانەی تاقە منداڵێکیان هەیە زیاتر ئامانجی ئەم چەند دێرەن. ئەو توێژینەوانەی کراون ئەوەمان پیشان دەدات کە زۆربەی ئەو خێزان و دایک و باوکانەی منداڵەکانیان بە تەنیایی لە ماڵەوە بە جێ دەهێڵن و خۆیان بۆ ئامانجی کار یا ڕەنگە بۆ خوێندن و زۆر کاری دیکە لە ماڵ دوور دەکەونەوە، لە گەڕانەوەدا لەگەڵ چەندین دیمەنی ترسناکدا ڕووبەڕوو دەبن. بەوپەڕی داخ و کەسەرەوە دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین کە لەمڕۆدا بە سەدان و بگرە هەزاران دایک و باوک هەن بە بێ گوێدانە مەترسی و ئەنجامە کارەساتبارەکان دەرگای ماڵەوە لە سەر منداڵە تەنیاکەی خۆیان دادەخەن و بۆ ماوەیەک بە تەنیایی بەجێیان دەهێڵن.

با ڕاشکاوانە و بەڕوونی بڵێم کە هیچ کەس و لە هیچ هەلوومەرجێکدا نابێت منداڵ تەنیا لە ماڵەوە جێبهێڵین و ئەم کێشەیەش چ لە شەودا و چ لە ڕۆژدا هیچ جیاوازییەکی نییە. دایک و باوک سەبارەت بە منداڵەکانیان بەرپرسن و ئەوەی کە بە بێ گوێدانە ئەرکی دایکایەتی و باوکایەتی منداڵەکەیان بە تەنیایی و بەبێ هیچ سەرپرشتیارێک لەماڵەوە جێدەهێڵن لووتکەی هەست بە بەرپرسایەتی نەکردنە.

**دەبێ بەڕوونی بڵێم کە هیچ کەس و لە هیچ هەلوومەرجێکدا نابێت منداڵ بە تەنهایی لە ماڵەوە جێبهێڵین و ئەم کێشەیەش چ لە شەودا و چ لە ڕۆژدا هیچ جیاوازییەکی نییە. دایک و باوک سەبارەت بە منداڵەکانیان بەرپرسن و ئەوەی کە بەبێ گوێدانە ئەرکی دایکایەتی و باوکایەتی منداڵەکەیان بە تەنهایی و بە بێ هیچ سەرپرشتیارێک لە ماڵەوە جێدەهێڵن لووتکەی هەست بە بەرپرسایەتی نەکردنە**

ئەو زیانەی بەهۆی تەنیا جێهێشتنی لە ماڵەوە تووشی منداڵ دەبێ تەنیا لە مەترسییە جەستەییەکاندا کورت نابێتەوە. بەڵکوو لە ڕووی دەروونییەوە زیاتر بۆ لەسەر وەستان و توێژینەوە دەبێ، چونکوو منداڵێکی تازە سەرپێ کەوتوو و کەم تەمەن کە لە پڕ لەخەو خەبەری دەبێتەوە و خۆی لە ماڵێکی تاریک و درگا لەسەر داخراودا دەبینێتەوە و چەندین کاژێر کەس وەڵامی هاوار و گریانەکانی ناداتەوە و هیچ کەس نییە بە هانایەوە بێت، ڕووبەڕووی هەژێنترین، ناخۆشترین و تێکدەرترین ئەزموونی ژیانی دەبێتەوە. ئەو کێشە دەروونییەی کە جان باڵبی لە تیۆری (پەیوەست بوون) Attachment بە منداڵی «دڵبەستەی نەحەواوە» ناوی دەبات و هەندێ کێشەی دەروونی بە شوێن خۆیدا دەهێنێت. ڕەنگە هەتا لە ژیان دا مابێ متمانە بە کەس نەکات و ڕەشبینی لە زەینیدا جێگیر ببێ.

ماوەیەک پێش ئێستا دیمەنێکی دڵتەزێنم بینی بەو چەشنە کە منداڵێکی بچکۆلانە بە دەموو چاوێکی سوورهەڵگەڕاو لەسەر باڵکۆنی ماڵەکەیانەوە وەستابوو، ژنی دراوسێکان لەمپەڕی باڵکۆنی



**ڕەنگە چوونە دەرەوەیەکی چەن خولەکی لە ڕۆژدا زۆر مەترسیدار نەنوێنێت، بەڵام وا چاکترە کە هەرگیز ئەو کارە نەکرێت، دیارە مەبەست لە بە تەنها جێهێشتنی منداڵ لەو کاتانەدایە کە لە خانووی باواندایە نەوەک باخچەی ساوایان یان ئەو دامەزراوە و دەزگایانەی کاریان چاودێری کورتماوەی منداڵانە کە جێی متمانەن.**

ئاپارتمانەکەوە دڵخۆشی دەدایەوە و دەیگوت: «دایکت زوو دەگەڕێتەوە».

ڕەنگبێ ئەوە کارێکی ئاسایی بێت کە هەندێجار مرۆڤ ناچار بێت بۆ کارێک بچێتە دەرەوە و منداڵەکەی لەگەڵ خۆی نەبات، یان بە هۆی کەش و هەوا بیهەوێت منداڵەکەی لە ماڵەوە بە تەنیا بەجێ بهێڵێت، بەڵام لەمجۆرە حاڵەتانەدا لەباتی ئەوەی منداڵەکە بە «قەدەر» بسپێری، پێویستە منداڵەکەتان لە هەموو بڕیار و کارێکی دیکەی ژیانتان گرینگتر بێت. واتە پێشتر ڕێگا چارەیێی بۆ منداڵەکەت بدۆزنەوە و دوای دڵنیابوون لە ساغی و ئاسایشی، ئینجا بە شوێن ئەنجامدانی کار و پێویستییەکەتان بکەون.

زۆر کەس دەڵێن دراوسێ ئەتوانێ یاریدەدەری چاک بێت، کە وایە هەوڵبدەن ناسیاویی لەگەڵ ئەو کەسانەدا پەیدا بکەن کە لە دەوروپشتتاندا دەژین و لە داوای یارمەتی کردنیان سڵ ناکەن. بۆ نموونە لەگەڵ خۆ بردنی منداڵ بۆ کلینیکی ددان ساز کردن کارێکی ئەوەندە قورس نییە کە لەگەڵ بەتەنیا جێهێشتنی لە ماڵەوە هاوتا بێت.

ڕەنگە چوونە دەرەوەیەکی چەن خولەکی لە ڕۆژدا زۆر مەترسیدار نەنوێنێت، بەڵام وا چاکترە کە هەرگیز ئەو کارە نەکرێت. دیارە مەبەست لە بەتەنیا جێهێشتنی منداڵ لەو کاتانەدایە کە، لە خانووی باواندایە نەوەک باخچەی ساوایان یان ئەو دامەزراوە و دەزگایانەی کاریان چاودێری کورتماوەی منداڵانە کە جێی متمانەن.

لەوەنەیە لە هەندێک حاڵەتدا دایکان و باوکان کەسێکی ناسیاو و جار بە هۆی دۆخی ژیان ناچار دەبن دایەن بۆ منداڵەکانیان بگرن. ئەگەر بێت و دایەن شارەزا و باوەڕ پێکراو نەبێت، لەوانەیە ببێتە هۆی سازبوونی چەندین کێشە و گرفتی بەرچاو بۆ منداڵەکە. بۆیە دەبێ دایەن خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەی خوارەوە بن؛

– منداڵەکەتان بناسێت، واتە شارەزای ئاکاری منداڵەکەتان بێت.
– منداڵ خۆشەویست بێت و پەروەردەی منداڵ بزانێت کە بە چ شێوەیەک لەگەڵیدا هەڵسووکەوت بکات.
– جێگەی متمانەی دایک و باوک بێت.
– پێویستە ئەو کەسە یان ئەو شوێنەی دایەنەکەتان پێ دەناسێنێت، بەباشی تایبەتمەندییە ڕەوشتییەکانی بزانێت.
– لەش ساغ و سلامەت بێت، چ لە ڕووی دەروونی و چ باری جەستەیی.

پێویستە ئەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە بە هەند وەربگیردرێن، لەبەر ئەوەی سەرەکیترین فاکتەری شوێندانەر لەسەر ڕەوتی گەشەی فیکری ئەو منداڵە، دایەنەکەیە و دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین کە پاش ماوەیەک منداڵ زیاتر خوو بەوەوە دەگرێت تا بنەماڵەکەی. تەواوی ئەمانە لە حاڵەتێکدایە هیچ ڕێگەیەکی دیکە بۆ بەتەنیا جێهێشتنی منداڵەکە نییە. چوونکوو بمانەوێ و نەمانەوێ بوونی دایەن لە ماڵەوە کاریگەری قووڵی لەسەر زەینیەتی منداڵەکە دەبێت و منداڵەکە لە ئێوە دوور دەخاتەوە. کەواتە دەبێ دامەزراندنی دایەن تەنها بە کاتی پێویست بێت، نەک بۆ ئەوە بێت کە زیاتر ئیسراحەت بکەین و بواری زیاترمان هەبێ بۆ ڕابواردن.

**سەرچاوەکان:**

– دەروون ناسیی گەشە، لۆرا بێرک، وەرگێرانی: یەحیا سەید محەمەدی، بەرگی یەکەم
– دەروون ناسیی پەروەردە، عەلی ئەکبەر سەیف، وەشانخانەی سۆخەن
– شێوەکانی پەروەردە و بارهێنان، هان پۆل ڕسووبێر، وەرگێڕانی: سادات جاسمی

# سوورخەڵاتان
# لە شەقامی خۆر



لەیلا قادری

شۆڕشی سەردەمیانەی ژینا، وێنایەکی جیاوازی لە هەموو بزووتنەوەیەکی دیکەی کە تا ئێستا لە مێژوودا خوێندوومانەوە یان بیستوومانە پێشانی جیهان دا، دیارە هەرگیز مەبەستمان نییە و بۆمان نییە لە گەورەیی شۆڕش و بەرخۆدانەکانی رابردوو کەم بکەینەوە و حاشای لێ ناکرێ کە شۆڕشی ژینا بە شێوەیەکی تەواو جیاوازتر درێژکراوەی بەرگری و خۆڕاگری و نەچوونە ژێرباری داگیرکاری و خۆسەپێنیی رێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێرانە؛ هەر لە قاجار و پەهلەوییەوە تا دەگاتە رێژیمی ئاخوندی. دروشمی ژن ژیان ئازادی، لەسەر گڵکۆی ژینای کوردان وتراوە، مرۆڤ سەری سوور دەمێنێ سەرەڕای هەوڵی لەپسانەهاتووی رێژیمی سێدارە بۆ پەراوێزخستنی ژن و رۆڵی ژن لە ئێران کە گومانی تێدا نییە ئەو هەولانەی لە کوردستانی داگیرکراومان چەند قاتە، ئەمە پێگەیشتوویی شعووری نەتەوەیەکە کە سەرەڕای ئەو هەمووە غەدرە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەی دەستیان خستووەتە قورقوڕاگەیەوە، ئەو باوەڕە لە هەست و نەستیەوە لە دروشمی ژن ژیان ئازادیدا خۆی دەنوێنێ.

مرۆڤ کە دەڕوانێتە هەڵوێستی بوێرانەی دایک و باوکی ژینای شەهید کە چۆن سەریان بە بەڵێنە بۆشەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێناو کپکردنی دەنگیان شۆڕ کرد و چۆکیان بە توندترین هەڕەشە و گوشارەکانیش دادا و کۆڵیان نەدا، شانازی بە کوردبوونتەوە دەکەی، وەختێک بە دوای ئەوانیشدا دایک و باوکی شەهیدەکانی ئەو شۆڕشە بوێرانە لەسەر گۆڕی پیرۆزی جگەرگۆشەکانیان بەگژ کوردکوژان و داگیرکەراندا چوونەوە. پیاوان شانبەشانی ژنانی ئازادیخواز، ئالاهەڵگری دروشمی ژن ژیان ئازادین، گیانی خۆیان بەختی شۆڕشێکی ژنانە دەکەن. چۆن دنیای مۆدێرن و پێشکەوتووی رۆژئاوا و ئەمریکا چاوی بە مۆڵەق ناوەستێ، لەکاتێکدا لە هیچ شۆڕشێکی فێمینیستیدا، هاوشێوەی شۆڕشی ژینا پیاوان هاوشان و پشتیوانی ژنان نەبوون. چۆن مرۆڤ سەری سوورنامێنێ کە هەر رۆژێک چاوی هەڵدێنێ شاهیدی جلوەیەکی بێوێنەی دیکەیە لە جوانییەکانی ئەم شۆڕشە. دایکانی شەهید مانیفێستی خۆڕاگری و بەردەوامیی ئەو شۆڕشەن؛ ئەوان بەڵێن نوێ دەکەنەوە درێژدەری رێگەی رۆڵەکانیان بن و دێنە شەقام و بە هەڵوێستی داهێنەرانە ناهێڵن ئەو شۆڕشە روو لە کزی بدات. ئەوە دەبێ چ سەربەرزییەک بێ بۆ ئەو حیزبانەی ئالاهەڵگری داکۆکیی نەتەوەیەکی تا ئەو رادەیە پێگەیشتوون. کاتێک دوژمن قێزەونترین سێناریۆکانی خۆی لەکار دەکرد، زووری فکر و عەمەلیاتی پێک دەهێنا بۆ لەباربردنی شۆڕشی هەڵگیرساوی ژینا، دەستوداوێنی قێزەونترین درۆکان دەبێ، دەیهەوێ چنگی چەپەڵ و خوێناویی خۆی بە کراسی چەواشە بسڕێ، ئەوە نییە لەدوای شەهیدکردنی هەر رۆڵەیەکی بەوەفای ئەو گەلە ماشێنی درۆ و چەواشەی دەخاتە گەڕ و دەڵێ دەستی چەکداری نەناسراو لەنێو خەڵک دایە، ئاواش هەمیسان نائومێدانە لەشکرکێشی دەکاتە سەر شەقام و کۆڵانەکانی کوردستان. ئەو رۆژانەی چرکە چرکە لەگەڵ بینینی هەر گرتە ڤیدیۆیەک کە لە حەماسەخوڵقێنەرانی رۆڵەکانی کوردستانی خێرلەخۆ نەدیوم دەبینی هەناسە لە سینگمدا دەوەستا، فرمێسک لەچاومدا بێ ئامان ڕیزی دەبەست و دڵم دەگوشرا، خۆ ئەوانە هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ منداڵەکانی خۆم، ئەوانی سینگیان دەکردە قەڵغانی گوللەی دوژمن، لەو رۆژانەدا کە هەواڵدەرییەکانی سپای پاسداران و ئەوانە سەر بەوانن، وێنە و ڤیدیۆی تروسکەی کچمیان بڵاو دەکردەوە و زەبوونانە هەڕەشەی رفاندن و کوشتنیان لێ دەکرد، ئەویش تەنیا بەهۆی ئەوەی بوێرانە هەواڵەکانی ئەو شۆڕشەی دەگواستەوە. لەو دەم و وەختەدا پەیامێکم پێ گەیشت لە خاتوو سۆما ناسرییەوە و گفتوگۆیەکی پڕ لە تاسە و داخ و هیوادار بە دوارۆژ، سۆما خانم دەڵێ دەستم داوەتە پرۆژەیەک



بۆ دیکۆمێنتی ژیانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا. دەتوانی هاوکارمان بی؟ دەکرێ پێشوازی لە هەنگاوێکی نیشتمانی نەکەی کە لەخزمەت تۆماری ژیانی سوورخەڵاتەکانی شەقامی ڕۆژهەڵاتە؟ بەدڵ و گیان قەبووڵم کرد و شانم دایە بەر ئەو ئەرکە پیرۆزە. سۆما خانمی دڵفراوان داوای لێ کردم هەر کەسی دیکەش کە ئامادەیی هەیە دەتوانی پێشنیاری ئەو ئەرکە نیشتمانییەی پێ بکەی. لەو کاتەدا لە ناسر دڵسۆزتر و تینووی ئەوین و تاسەی نووسینی دەقی شۆڕشگێرانەم بە مێشکدا نەهات، لەگەڵ ناسری هاوژینم بەشانازییەوە شانمان دایە بەر ئەو ئەرکە و بەختەوەرانە بووین بە بەشێک لە ستافی بەرهەمهێنانی بەرنامەی سوورخەڵاتان. لە ماوەی نووسین و گەڕان بەدوای تابلۆ نەمرەکانی ئەو شەهیدانەدا زۆرمان فرمێسک ڕشت؛ زمان و پێنووسی کڵۆڵ لەبەردەم شکۆی شەهیدانمان خستە گەڕ. نووسین بۆ شەهیدانی شۆڕشی ژینا فەخرێکی گەورەییە لەکاتێکدا هەست دەکرا جیلی نوێی و سۆشیاڵ میدیا باوەڕی نیشتمانی لاوازە، بەپێچەوانەوە دەبینین هۆشیاری ئەوەندە بەرزە کە ئایدۆلۆژی چەقبەستوو و بیردۆزە کۆنەکان ڕەت دەکاتەوە و لە گەلەکۆمەکی و هاشاوڵ و شالاوی عەقڵیەتی چەقبەستوو یاخی دەبێ و جیاواز لە هەموو ئەو جیاوازییانەی تا ئێستا بینراوە دێتە مەیدان.

چیرۆکی ژیانی هەر کام لەو شەهیدانە لێوانلێوە لە فیداکاری و خۆڕاگری و مردنیان پێ لە ژیانی دیلی خۆشترە.

ئەورۆ کە بەهیمەتی هاوڕێیانی کوردکاناڵ توانراوە ژیانی پەنجا شەهیدی سوورخەڵات دیکۆمێنت بکرێ و دواتر لە توێی کتێبێکدا چاپ بکرێ، جێی خۆیەتی و هەڵدەگرێ ژیانی هەر کام لەو قارەمانانەی شەقام وەک فیلمی «پیانۆژەن» کە لەسەر بنەمای ژیانی ڕاستەقینەی ڤادیسواڤ شپیلمانی پیانۆژەنی پۆڵەندیی بەرەگەز جوو لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بەرهەم هات، بکرێتە فیلمی سینەمایی و بەشداریی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی پێ بکرێ کە ئەوان شەهیدان سەر بە ڕەگەزی خۆر و ڕووناکین. لەکۆتاییدا دەڵێم ئاماژەکان پێمان دەڵێن شۆڕشی ژینا هەر ئەو شۆڕشەیە کە جیهان چاوەڕێیەتی و دەتوانێ ئەو دادپەروەری و یەکسانی و ئازادیی بیروڕا و نەهێشتنی هەڵاواردنە بێت کە بە خوێنی سوورخەڵاتان بەدی دێت و تا گەیشتن بە بەرەبەیانی ئازادی بەردەوام دەبێت.

# پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

**بەبۆنەی**
**خەرمانان ساڵیادی تیرۆر کردنی ڕێبەری بلیمەتی گەلەکەمان دوکتور سەعیدی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەدەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران .**

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان،**

ژنان و لاوان و خوێندکارانی ماف ویست، ئەمساڵ لە کاتێک دا یادی ڕێبەری ناوداری گەلەکەمان یادی دوکتور سەعیدی ڕێبەر دەکەینەوە کە ساڵێک بەسەر شەهید کردنی ژینا ئەمینی کچەکوردی خەڵکی شاری سەقز بەدەستی کوردکوژانی کۆماری ئیسلامی ئێران تێدەپەڕێ کە ئەو کارە نامرۆڤانەیە بووە هۆی بێزاریی هەموو وڵاتانی جیهان بەگشتی و دانیشتوانی وڵاتی ئێران بەتایبەتی لەو دەسەڵاتە دیکتاتوریەی کەبەسەر خەڵکدا زاڵ بووە،خەڵکی کورد بەگشتی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر داواکانی دوکتور سەعیدی ڕێبەر کە ئازادی و سەربەستی بۆ هەموو گەلانی ئێران بوو سوورتر و بەهێزتر لەجارانن و کۆماری ئیسلامی بە مووشەکباران و گرتن و لێدان و ئەشکەنجە نەک ناتوانێت لەسەرداوارەواکانمان دوورمان بکاتەوە بگرە ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر، سوورتر و پێداگرتر دەبین تا ڕووخانی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئێران و وەدی هاتنی ئازادی و دیمۆکراسی دەس لەخەبات هەڵناگرین، هیواداریـن ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور سەعیدی ڕێبەر لەشاخ و شار بەئاواتەکانی دوکتور سەعید بگەن و کوردستان لەژێر چنگی داگیرکەر ڕزگار بێت.

ئێمەش وەک ژنان و لاوان و خوێندکارانی ئازادی خواز لەسەنگەری بەرگریدا پاڵپشتی هەموو چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتین بۆ گەیشتن بەئازادی و ڕزگاری یەکجاری و ٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ دەکەینە هەوێنی یەکبوون و بەرەنگاری دژ بەتاریکی و دیکتاتوری

**ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دیمۆکرات**
**٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٣ی کوردی**

# شێرەژنی ڕۆژە ئەستەمەکان، ئەفسەری کەریم سالک



ڕەسووڵ سوڵتانی

**بڕۆ ڕێو بەسیەتی چاونزێری
پەلاماریٚ نەبەی بۆ لانی شێری
ئەگەر ڕۆژیٚ لەلانی بێتە دەر شێر
هەمووی دوژمنبەزێنە مێ و نێری**

دەیەی شێستی هەتاوی، ئەگەر لەلایەک دەیەی مەیدانداریی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات بوو، لەلایەکیش دەیەی جەرگسووتان و ماڵوێرانی و سووتمان و کاولکارییەک بوو کە لە سایەی دەسەڵاتە ئیسلامییەکەی خومەینییەوە وەکوو دیاریی باوەڕ و ئیمان بۆ کوردستان نێردرابوو. ئەو ساڵانە ڕشتنی خوێنی کورد نەک بە بیانوو، بەڵکوو بەبێ هیچ بیانوویەک تینوێتیی دڵی ئەو لەشکرە ڕەشەی دەشکاند وا کوێرانە و بە دوای فتوای ئیمامەکەیاندا ڕوویان لە کوردستان کردبوو و کێبەرکێی کوردکوشتنیان بوو. لەشکری مەرگ ڕووی لە هەر شوێنێک دەکرد، سووتمان و کاولکاری و خوێن و گریانی لەپاش خۆی بەجێ دەهێشت. ئاواییەکانی چۆمی مەجیدخان لەو ساڵانەدا کەم ڕۆژیان بەبێ شین و شەپۆڕ بەڕێ کرد. تەنانەت لە کۆتاییەکانی دەیەی شێستی هەتاویدا کە وردە وردە خەڵک ئاهێکیان بەبەردا هاتبۆوە، هێشتا بە پارێزەوە، بە شەرمەوە شایی و زەماوەند دەکرا و شایەر بانگ دەکرانەوە. چونکە ماڵ نەبوو کۆستێکی گەورە شانی نەچەماندبێ. لەو کارەساتانەدا ئاوایی قەرەگۆل پشکی شێری بەر کەوت، ئاخر ئەو گوندە لە مەیدانی خەباتیشدا پشکی شێری بۆخۆی هەڵگرتبوو. دەیان ڕۆڵەی بەجەرگ و ئازای ئەو گوندە چەکی شەرەف و خەباتیان کردبووە شان و لە ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکراتدا بەرگرییان لە میللەت و نیشتمان دەکرد، هەر بۆیە کوردکوژانی ئیسلامی خومەینی ڕقێکی قووڵیان لەو ئاوایییە هەڵکەوتبوو.

کوشتاری بێبەزەییانەی خەڵکی قەرەگۆل لەو زستانە تووش و ئەستەمەدا، کە وەختێک لە زمانی ئەفسەری پێشمەرگەوە دەیبیستی، وەکوو فیلمێکی زیندوو دێتەوە بەرچاوت، ئەو کاتەی ئەو سوپای شەوپەرست بەسەر قەرەگۆلدا دەدەن و دەست دەکەن بە سووتاندنی ماڵان و لێدان و کوشتنی خەڵکەکە. لەوێوە کەسایەتیی شۆڕشگێڕانەی ئەفسەری سالک زیاتر خۆی دەسەلمێنێ. ئەوکاتەی بەگژ کوردکوژاندا دەچێتەوە و دواتر وەختێک ئاوا بەجەرگ و ئازا قۆڵ هەڵدەماڵێ و بەرەنگاری ئەو کۆست و کارەساتە دەبێتەوە وا بەسەر کەسوکاری هاتوون.

لە مێژووی خەبات و جووڵانەوەی کورددا ئێمە کچی ئازا و ژنی قارەمان و بەجەرگمان زۆر هەبووە، کە مەیداندار و دەسکەرەوە و دەسوەشێن بوون. هەر ئێستاش ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات دەیان کچی ئازا و بەوەجی تێدایە، بەڵام ئەوانەی لەو ڕۆژە ئەستەمانەدا قۆڵیان هەڵماڵی و چەکیان کردە شان، بوونە سەرباشقەی ئەڤینداران. ئەفسەر یەکێک لەوانە بوو کە سەلماندی ئەم مەیدانە پێویستی بە ژن و پیاوە و لەو خەباتەدا ئەوەی دەیسەلمێنێ کێ شیاوە، ڕەگەز نییە بەڵکوو غیرەت و بیروباوەڕە.

ئەفسەری سالک کچی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و بەبیروباوەڕ بوو. لە بنەماڵەیەکدا گەورە ببوو کە گاڵتەیان بە ترس و مەرگ هاتووە. کەریم سالکی باوکی ئەفسەر لەگەڵ کوڕەکانی پێشمەرگە بوون، ئامۆزا و بن ئامۆزا و پوورزا و خاڵۆزا وێکڕا لە مەیدان بوون. لەو نێوەدا ئەوی جێی دیار و بەتاڵ بوو شێرەکچێک بوو لەو بنەماڵەیە کە دەبوو بێتە مەیدان و هات. هاتنی ئەفسەر ئەو کۆڕی تێکۆشانەی مانادارتر و شکۆدارتر کرد.

ساڵی ٢٠٠٤ کە شانازیی ئەوەم پێ بڕا ببمە پێشمەرگە، دادە ئەفسەرم دیتەوە. ئاخر یەکەم جار کە دیتبووم ئەو گەنج و من منداڵ بووم. هەر ئەو زستانە سەختەی کە جەنایەتکارانی ئیسلامی خومەینی کوشتارەکەیان کرد. بەفر هەتا پشتوێن باریبوو. خەڵکی قەرەگۆل گوندیان چۆل کردبوو. ماڵی کەریم سالک ئەوانەی پێشمەرگە نەبوون، هاتبوونە حاجیلەک. ماڵی کەریم سالک مەڕدار بوون و مێگەلیان بەجێ هێشتبوو، چونکە مەڕ بەو بەفرە دەرنەدەچوو. ئێمەش مەڕدار بووین. بابم ئەو شەوە ڕووی لە دادە ئەفسەر و خوشکەکانی کرد و گوتی، مێگەلەکەتان قڕی دێ، هەستن با بچین لانیکەم تفاقێکیان لەبەر بکەین. ئەودەم پاسدار لە هەر شوێنێک تووشی خەڵک بوایەن دەیانکوشت. کاریان بەوە نەبوو چ کارەیە و بیر لە چی دەکاتەوە و باوەڕی بە چییە. هیچ تاوانێک لە تاوانی کوردبوون گەورەتر نەبوو. کوردی و دەبێ بمری. زۆر جار دوو پاسدار هەر بۆ گەمە و جەفەنگ گرەویان لەسەر گیانی ڕێبوارێکی کورد کردووە و یەکێکیان بەوی دیکەی گوتووە ئەگەر لێرەوە توانیت بە یەک فیشەک بیئەنگێوی، جگەرەیەکت دەدەمێ. گیانی کوردێک بەرانبەر جگەرەیەک. گیانی کوردە و هەوێنی ڕابواردنی کوردکوژان. کچەکان سەیرێکی یەکتریان کرد و ئەفسەر گوتی ئەگەر ئەوانیش نایەن من دێم. ئەگەر لەبیرم بێ ئەفسەر و دوو کچی دیکەیان هەستان و ڕۆیشتن. دایکم زۆر نیگەران بوو، بەڵام دەنگی نەکرد. ڕێگەی نێوان قەرەگۆل و حاجیلەک بەپێیان چل دەقەیە، بەڵام لەو بەفرەدا ڕێی دوو تا سێ سەعات دەبوو چونکە نەدەکرا قەدبڕ بە مەزراکاندا بڕۆن. ڕۆیشتن. چوون مەڕ تاقەت بکەن. بەرەبەری بەیانی بە مێگەلەمەڕەوە گەیشتنەوە حاجیلەک. بەڵام چۆن؟ ئەوەی بابم لە ئازایەتیی ئەو کچانە دەیگێڕاوە



و ساڵانێک دواتریش هەر لە زاری نەدەکەوت، مەگەر بە فیلم باس بکرێ. بەفر لە پشتوێنە. زیاتر لە دووسەدسەر مەڕ کە دەبێ بەفری بۆ بشکێنی چونکە ڕێگەی سەرەکیی نێوان حاجیلەک و کەلبەرەزاخان و قەرەگۆل ڕێگەی مەرگی مسۆگەر بوو. پاسداری لێ بوون. بە لای وشترهەڵدێر و لەقلەقایسیدا بەرەبەرە لە سەعات نۆی شەوەوە بەفریان شکاندووە هەتا نۆی بەیانی و ڕێچکەیان بۆ مەڕ کردووەتەوە. لەو ساڵەوە دادە ئەفسەرم نەدیتبوو. کە بوومە پێشمەرگە، دیتمەوە. هەر وا بەتینوگوڕ، هەر وا بەبیروباوەڕ و بە ئیمان، ئەگەرچی ململانێ و شەڕەجڕتانێی باڵباڵێن تۆزێکی هیلاک کردبوو، بەڵام کاری لە بیروباوەڕی نەکردبوو. دوایین جار پێش ئەوەی من پەڕیوەی بنی دنیا بم، چوومەوە خزمەتی. نەخۆشییەکەی لێی توند کردبوو، بەڵام دیسان ئەوەی من دیتم بە جاستەمیش چییە نەلەرزیبوو. گوتی من ئەگەر لە مردن ترسابام نەدەبوومە پێشمەرگە، من ئەفسەری کەریم سالکم پێ دەڵێن، دەمێکە مەرگم بەچۆکدا هێناوە. دادە ئەفسەریش وەکوو سەدان و هەزاران تێکۆشەر و تینووی ئازادی دەبوو بەری داری خەبات و تێکۆشانی خۆی بچنێتەوە، کەچی بەداخەوە ئەویش ئاوات و خەونە شیرینەکەی بردە بن بارستی گڵ. ئێستا دادە ئەفسەر بە جەستە لەنێومان نەماوە، بەڵام یادی دادەئەفسەر تاهەتایە زیندوو دەمێنێ، وەک لە شیعرەکەمدا بۆم نووسیبوو:

**قەت لەبیر ناچی ئەفسەر گیان**
**شانازیی چۆمی مەجیدخان**

# نەگەڕانەوەیەکی پڕ لە زامی ساڕێژ نەبوو



نەسرین یوسفزادە

جوانی و ئازارەکانی قەڵای دێموکراتمان لەبیر ناچێتەوە. ئەوەی لە ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری «ژنان»دا باسمان لێ کردبوو دڵنووسێک لەسەر ژیانی ئەو ژنانە بوو کە لە هێرشی هاژەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا بۆ سەر قەڵای دێموکرات یان خۆیان زامدار بوون و یان هاوژینەکانیان شەهید بوون و ڕۆحیان زامی هەتاهەتایی وێکەوتووە.

بەداخەوە کۆماری خوێنمژی ئیسلامیی ئێران لە خواردنی خوێنی کورد تێر نابێ؛ ساڵێک پێش ئێستا لە دوای ئەوەی دوو لایەنی دێموکرات وەسەریەک کەوتنەوە و دوابەدوای ئەوە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ئاکامی کوشتنی سیستماتیکی کچە کوردی خەڵکی سەقز لە تارانی پێتەخت دەستی پێکرد ڕێژیم جگە لە کوشتن و قەتڵوعامی خەڵکی مافخواز لە هەموو ئێران و بە تایبەت کوردستان، بۆ جارێکی دیکە ڕق و کینەی خۆی بەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە حیزبە دژبەرەکانی خۆیدا ڕشت و بە بیانووی ئەوەی کە ئەو شۆڕشە کە ئێستا لەئارادایە بە پشتیوانی و ڕێنیشاندەریی ئەم حیزبانە دەکرێ، بۆ جارێکی دیکە لە ٦ی ڕەزبەر و ٢٣ی خەزەڵوەر و ٣٠ خەوزەڵوەردا، بە هاژەک و دڕۆن هێرشی کردە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەوە بوو بە هۆی شەهید و بریندار بوونی کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبانە و جارێکی دیکە زامێکی قورس وە جەستەی کوردستان کەوت.

یەک لەو کەسانەی کە لە ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاویدا چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلەوە، شەهید «عوسمان فەیزە» بوو.

کاک عوسمان کادری دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پڕاوپڕ لە ورە و باوەڕ، نەبەزی و نەترسی بوو و هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر بە هەیبەتێکی پێشمەرگانە و ورەیەکی لەبڕاننەهاتوو بچێتە یارمەتیی هاوڕێ و هاوسەنگەرانیەوە و ئیتر هەرگیز نەگەڕێتەوە.

کاتێک لاپەڕەی فەیسبووک و ئینستاگرامی خاتوو مەرزیە قادرزادە هاوژین و هاوڕێی چەندین ساڵەی شەهید عوسمان فەیزە، شەهیدی سوورخەڵاتی دەستی هێرشە ناجوامێرانەکەی ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، دەکەینەوە هەست بە ئەوینێک دەکەین کە هەرگیز نە هاژەک و نە دڕۆن و نە هیچ ئاگرێک لە ناوی نابا. ئەوینێک کە هەتاهەتایە دڵی ژنێکی پێ گەرمە، ئەوینێک پڕ بە ناوی پێشمەرگە و لە ئاستی پێشمەرگەدا.

خاتوو مەرزیە و کاک عوسمان منداڵیان نەبوو، لە دنیای بێکەسی و غەریبیدا کەس و هاودەمی یەک بوون و هەموو ژیانیان ئەویندارانە بۆ یەک و بەیەکەوە بوو، هەتا ئەو کاتەی کە تەرمی پیرۆزی کاک عوسمان بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا و بۆ هەتاهەتایە خاتوو مەرزییەی بە غەمباری و هەناسەساردی بەجێ هێشت و بوو بە قەقنەس و لە دڵی خەڵکی شارەکەیدا دەنگی داوە بە جۆریک کە لاوانی بۆکانی پڕ بەدڵ هاواریان دەکرد و دەیانگوت:



«دوژمنی دڵ پڕ لە قین لە کوێی و بیر لە چی دەکەیەوە ئێرە بۆکانە! شاری شەهید عوسمان فەیزە،! لێرەوە دەیان و سەدان عوسمان فەیزە لەدایک دەبن و لەدایک بوون.»

خاتوو مەرزیەش لە یەک ساڵی ڕابردوودا جێگە و ئارامگەی ڕۆحی، مەزارگەی شەهیدان و خۆشترین مۆسیقای ژیانی گوێدان بەو دەنگانەیە کە هەتا هاوژینە خۆشەویستەکەی بە جەستە لە ژیاندا مابوو بە وشە و ڕستەی ئەویندارانە بە گوێچکەیدا چرپاندبووی و ئێستا بوون بە بیرەوەری و لەگەڵیاندا دەژیت.

خاتوو مەرزیە ئەندامی چالاکی کۆمیتەی زاگرۆسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و بەردەوام لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و شانازی ئامادە بووە.

ئەو دۆخەی کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا و بە هۆی هێرشە مووشەکی و دڕۆنییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەسەر حیزبی دێموکراتدا سەپا، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی و کورت ئەویش نە بەتەواوەتی، توانیبێتی ئاستی چالاکییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام بێگومان مێژووی ٧٨ ساڵەی حیزب و هەوراز و نشێوەکانی قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی ئەم حیزبە سەلماندوویەتی کە لە هەر دۆخکدا چالاکی بەردەوام بێت، هەر بۆیە خاتوو مەزریەش، وەک هاوسەرێکی ڕووسووری یەکێک لە شەهیدەکانی کوردستان، ئامادەی بەڕێوەبردنی هەر چەشنە ئەرکێکە و بێگومان درێژە بە چالاکییەکانی خۆی لە حیزبی دێموکراتدا دەدات.

# کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «لەیلا گورگانی»



ن. ئا: تریفە فاتیحی



ژنە شاعیر و نووسەری قەڵەم پاراوی نیشتمان «لەیلا گورگانی » لە یەکەمین ڕۆژی مانگی ڕەشەمەی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شاری کرماشان چاوی بە ژیان هەڵێناوە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری کرماشان تەواو کردووە.

هەر لە منداڵیەوە خولیای شیعر بووە و شیعرەکانی ماموستا «لەتیف هەڵمەت» و «فروغ فەروخزاد» کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەری تا بتوانێ شیعربنووسێ.

لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی ئەوینی شێعر لە ناخیدا چرۆی کردووە و دەستی بە هۆنینەوەی شێعر کردووە ، لەسەرەتا بە شیعری فارسی دەستی پێکردووە و ماوەیەک قوتابی مامۆستای بەڕێز «مەسعوودی سادقی برووجردی» بووە،

یەکەمین بەرهەمی شێعری ئەو خاتوونە بەڕێزە لەساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی لە» ئاوای کرماشان « بڵاو بوەتەوە،

ساڵی ١٣٨٢ تا ساڵی ١٣٩٤ بە هەندێک هۆکارە دەرفەتی هۆنینەوەی شێعری بۆ نەرەخساوە، ساڵی ١٣٩٤ لە خزمەتی بەڕێز مامۆستا «ئیرەج عیبادی» لە شاری سنە جارێکی دیکە خۆی باشتر لە جاران بە شێعر بە تایبەت بە شێعری کوردییەوە گرێدراوەتەوە و هەر وەها لەلای ماموستا «ئیرەج بەرزنجی » زۆر بەباشی فێری خوێندن و نوسین بە زمانی دایک واتا زمانی کوردی بووە و تا ئێستا بێپشوودان و زۆر پۆخت تر لە جاران هەستی خەیاڵی سواری وشە کردووە تا وڵاتی بیروهزری کوردستان گەشاوەتر بنوێنێت.

خاتوو «لیلا گورگانی» یەک لەو ژنە چالاک و ئەدیبانەیە کە هەموو وەختێ خۆی بۆ نووسین، بەتایبەت نووسینی شێعر تەرخان کردووە.

ئازارو بەشمەینەتیەکانی ژنانی نیشتمانی بە زمانی شیعر دەهۆنێتەوە و ئێستا لەشاری سنەی سەربەرز دەژیت

چەند شێعری خاتوو لەیلا لە حەوتەنامەکانی لوتکە وئارێز چاپکراوە و ئێستاش کتێبێکی شێعری بەناوی «سهم من از مجنون» چاپ و بڵاو کراوەتەوە

بە هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ خاتوو لیلا گورگانی و هەموو خاتوونانی نیشتمان


## وشکێکی سارد لە ڕوومەتما

سەرخۆش
سەرخۆشتر لە چی ئاوازە
بە سینەی ئەم دەشتا ئەچرپێم و
نەورەسی ئەم رستە
کە ئەشقە و مەیلەوکاڵ
ئاراستەی بەهار دەکەم
گوڵەکانم لە خاکدا نووستوون و
مزگێنی هیچ سروەیەک
خەبەریان ناکاتەوە...
*
دار کۆچ دەکات
گوڵ کۆچ دەکات
ئاو کۆچ ئەکا و
ماسی دڵم دەمێنێت و
خۆشەویستی تۆ دەمێنی و
وشکێکی سارد لە ڕوومەتما
تەنانەت تۆ
تەنانەت بارانیش
بەهاری پێ نەبوو
سوور بووین
لە هاواری سووتاو
لە فرمێسکی ون بوون
کە بۆنی هیچ گوڵێ
دەنگی زام
لە ڕوومەتیاندا ناشواتەوە
هاوارەکانمان
گڕێ دەدەین بە ئاسمانەوە
هەور دەگرمێنێ و
لە شوێنە بێ بارانەکاندا
بەهار ئەدۆزینەوە...!

لەیلا گورگانی

جیهانی گوڵەکان

# سوودەکانی گوڵە وەنەوشە



جیهان بێتووشی



گوڵ بە واتای جوانی و ناسکی دێت ئەی ئەگەر بمانهەوێ باسی کەسێک بکەین و جوانتر لە جوانی وەسفی بکەین بێگومان لە وەسفێکدا بەرابەری دەکەین بە گوڵی وەنەوشە هەر لەگەڵ نوێبونەوەی ساڵ و سەرەتای وەرزی جوانی بەهار گوڵە وەنەوشە دەردەکەوێت شاعیرانی کورد لە شێعرە وەسفیەکانیاندا باسی گوڵە وەنەوشە دەکەن بێسارانی دەڵێت.

چراغ وەنەوشە و چنوور خەتی گوڵ
سەودای دیدەنی تۆیان کەوتە بەر دڵ

زۆرمان بیستوە لە شێعر و گۆرانی ئەی تا ئێستا باسی گوڵە وەنەوشەیتان بیستوە لە تەندروستدا؟ بەڵێ وەنەوشە یەکێکە لەو گوڵانەی کە سودێکی یەکجار زۆری هەیە با من بۆتان باس بکەم تا تۆش بۆت گرینگ بێت.

١- گوڵە وەنەوشە ئارام کەرەوەیە و دەتوانیت وەکو چا کەڵکی لێ وەرگرن و لەکاتی سەرئێشەدا سودی هەبێت بۆتان.

٢- لە وەرزی بەهاردا مێش و مەگەز زۆرە و زۆرجار دەبنە هۆی پێوەدانمان و هەڵئاوساون وسوربوونەوە لە کاتەدا زەیتی وەنەوشە دەتوانێت کاریگەری باشی هەبێت بۆ ئارمکەرەوە.

٣- هەمووومان حەزدەکەین بۆنمان خۆش بێ و گرینگی زۆری پێدەدرێ لەلایەن خانمان و پیاوانەوە بۆنی وەنەوشە بۆنێکی ئارام و خۆشی هەیە و دەتوانێ بۆ ماوەیەکی باش بمێنێتەوە.

٤- ئێمەی خانمان هەمیشە گرینگی زۆر بە پێست و روخسارمان دەدەین و ئاوی گوڵی وەنەوشە بۆ تۆی خانم گرینگە و بەسودە بۆ نەهێشتنی زیبکە و رەونەقدارکردنی پێست.

٥- پاکەرەوەیەکی نایاب دەبێت بۆ میزڵدان ئەگەر وەکوچای دەم بکرێ و بخورێتەوە

لەگەڵ هەموو ئەو سودانەشدا بەڵام زیادەرۆی لە بەکارهێناندا بێگومان زیانی دەبێت.

زیانەکەنی چای سەوز

لە جیهانی گوڵەکاندا ئێمە باسی گەڵە بەیبوون و گوڵی هێرۆ وگوڵی وەنەوشەمان کرد

کە هەندێک لەو گوڵانە دەتوانرێ وەکو چای سەوز بەکاربێ و بخورێتەوە بێگومان ئێمە هەمیشە لە بارەی سودەکانی چای سەوزەوە بیستومانە و خوێندومانەتەوە بەڵام من لێرە دەمەوێ باس لە زیانەکانی چای سەوز بکەم ئەمەش لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی دەبێت.

١-کاتێک چای سەوز ئامادە دەکەین ئەوە دەبەت زوو بخورەتەوە نابەت ئەوەندە دابنرێ کە رەنگەکەت بگۆرێ .

٢- نابێ راستەوخۆ دوای نان خواردن بخورێتەوە چونکە باری ئاسای هەرس تێکدەدەت.

٣- پێویستە ئافرەتانی دووگیان چای سەوز نەخۆنەوە بەهۆی بەرزی رێژەی کافاین و هەندێ ماددەی تر لە چای سەوزدا کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە دایکە و کۆرپەلە

٤- زۆر خواردنەوەی چای سەوز ئەگەری هەیە زیان بە جومگەکان بگەیەنێت و ببێتە هۆی پوکانەوەی ئێسکەکان.

٥- ئەو کەسانەی شێرپەنجەیان هەیە نابێت چای سەوز بخۆنەوە چونکە کاریگەری ئەو دەرمانەی بۆ ئەو نەخۆشیە بەکاردێت لاوازدەکات.

٦- ئەو کەسانەی کە کەم خوێن و ماددەی ئاسن لە لەشیان کەمە پێویستە لە خواردنەوەی چای سەوز خۆیان بەدووربگرن.

کەواتا لە بەرانبەر سودەکانی چای سەوزدا کە لە ئێستادا لە هەموو جیهاندا گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە و بەکاهێنەری زۆرە بەڵام واباشە کە زیانەکانیشی بزانین بۆ ئەوەی لە زۆر بەکارهێنانی دوربکەوینەوە

# «هاوسەرگیری سپی و کەڵکی سیخوری ڕژیم لەم دیاردە»



سیمین تەختی

هاوسەرگیری سپی( ازدواج سفید) یەکێک لە کێشەکانی نوێی پێکهێنانی بنەماڵەیە! لەو جۆرە هاوسەرگیریەدا یاسا و بنەمای شەرعی کاریگەری نییە، بەڵکوو لەسەر ئەساسی ڕزامەندی دوو لایەن لە یەکترو پێکەوە ژیان لە ماڵێکدایە.

بە پێی لێکدانەوەیەکی سانا بۆمان دەردەکەوێت ئەو کەسانەی ڕوو لەم جۆرە هاوسەرگیریە دەکەن تەنیا لە دوای پێویستی جنسی و سۆزدارین، لەم ڕاستایەشدا زۆر بەکەمی دەبیندرێت مەبەستی دیکەی لێبکەوێتەوە.

مێژووی هاوسەرگیری سپی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٩٨٠ زایینی، دوای سەرهەڵدان ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپایی و ئەمریکای پەرەی پێدرا، وەک لە لاپەرە مێژوویەکاندا باس دەکرێت لەو کاتەدا ژنان و پیاوانی ئەم کۆمەڵگایانە توانای پابەند بوون بە چوارچێوەی ئەخلاقی و یاسایی لە چوارچێوەی بنەماڵەیەکی سەردەمدا نەبوون.

ئەم حاڵەتە دواترەکان بۆ کۆمەڵگەنەشکانی دیکەش گوازتراوەتەوە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم حاڵەتە ڕەچاو دەکردرێت! بۆ نموونە لە وڵاتی ئێران سیاسەتی دواکەوتووی ڕژیم و نەبوونی ئابووریەکی ئەوتۆ ئەم پرسەی لە حاڵەتەوە بۆ دیاردە گوازتۆتەوە.

بە پێی زانست و هەروها لە ڕووی کولتوری(کالچێر)یش یەکێک لە هاوسەرگیریە بێ بنەماکان! هاوسەرگیری جۆری سیغەییە! دتوانین بڵەین ئەم حاڵەتە هاوشێوەی هاوسەرگیری سپیە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی دیکەدا!

هاسەرگیری سیغەیی کاتیە، لەگەڵ تەواو بوونی کاتەکە پەیوەندیەکەش تەواو دەبێ و ئەم حاڵەتەش لەناو ئایینداو تایبەت لە ڕێڕەوانی شیعەدا خوێندنەوەو ڕێگەی پێدراوە.

لە ئێران کە بە وڵاتی قەیرانەکان ناسراوەو دەسەڵاتێکی ئایینی و لە ئێستادا وەک ناوەندی ڕێڕەوانی شیعە خۆی پێناسە دەکات و بە دایمە کەڵکی لە ئایین بۆ سیاسەتی نگریسی خۆی وەرگرتوە



دیاردەی هاوسەرگیری سیغەیی زیاتر بەناو بۆ کەم کردنەوەی بێ ڕەوشتی و مانەوەی بنەما ڕەوشتیەکان داناوەو ئەم حاڵەتش تەنیا لەم مەزهەبەدا بوونی هەیە، گەرچی پیاوکان ئەم حاڵەتە زیاتر بۆ کات بەسەر بردن و نە ڕووی ئایینی بەکار دێنن! بەڵام ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگای ژناندا بە گشتی لە ڕووی ناچاری و نەبوونی دەرەتانی ژیان و دارمانی ئابووری و دۆزینەوەی پەناو پشتیوانێک مل بۆ ئەم حاڵەتە ڕادەکێشن.

وەک کۆی پرسەکانی دیکە کە ڕژیم بۆ مانەوەی خۆی کەڵکیان لێوەردەگرێت، ئەم پرسەش بەهەمان ئاراستەو بۆ مانەوەی خۆی پەرە پێدەدا. ڕژیمی تێرۆریستی ئێران لە ڕێگای هاوسەرگیری سپیەوە پەرە بە کاری سیخووریەوە دەدات و لەم ڕاستایەشدا لاوان بە جۆرێکی دیکە بەلاڕێدا دەبات و دەبنە کەڵکاژۆی سیاسەتە چەوتەکانی ئەم ڕژیمە.

ڕژیمی جینایەتکاری جەماران لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆیدا زۆر بە زەقی و بە سەپاندنەوە سەلماندوویەتی کە پێیبەندی هیچکام لە بەها مرۆڤی، ئەخلاقی، یاسایی و شەرعی خۆی نییەو لە ئێستاشدا بەسیجی سایبری خۆی ئەرکدار کردوە کە چەندین کاناڵ و ئەکاونت و پەیجی نوێی لە بواری کومەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگا بڵاو بکەنەوەو بە شێوەی ئازادانە ڕادەگەیەنن کە هەرکەس خوازیاری هاوسەرگیری سپیە لە ڕێگەی ئەم پەیج و کاناڵانەوە ئاگادارمان کاتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە حاڵەتەکانی لەم چەشنە جیا لە سەرچاوەکانی خۆی لەهەموو ئادرەسەکانی دیکە بە یاساغ چاوی لێدەکرێت و زۆر جاریش ئەم لاپەڕانە جیا لەوەی بلۆک کراون کەسانی پەیوەندیداریش بانگهێشت و دەسبەسەر کراون.

ڕژیم بەم شێوە کارکردنە دەیەوێت کۆمەڵگا! بەتایبەت توێژی لاو بەشتی جوراوجۆر فریو بدا و داتر ڕایانبکێشێت بۆ نێو ئەو کاناڵ و پەیجانە، لەم حاڵەتەشدا ڕژیم سیاسەتی سیخوری لەسەر کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دیکە دادابەزێنێت، ئەوەش لە حاڵێکدایە کەسانی بەشدار بووی ئەم لاپەڕانە ئاگاداری ئەوشتە نین.

مەبەستی سەرەکی ڕژێمیش لەم کارەدا دیاری کردنی شوێن و مەکانی کەسانی بەشدار بوونی تۆڕەکانی ناوبراوە، جیا لەوەش بەقسەو کاری دوور لە ئەخلاق کە ئەو کەسانە لەم لاپەڕانەو بە شێوەی نا ئاگاهانە دەیکەن وەک خاڵی نەرێنی لەسەر ئەو کەسانە بەکاری دەبات.

هەموو حاڵەتەکانی سیخوری ڕژیم و ئەم دیاردە نوییەش خەریکە لە ئێستادا لە کوردستان بە شێوەیەکی پلان دارێژراوە کاری بۆ دەکردێت و بە یەکێک لە پیلانی نوێیەکانی ڕژیم بۆ سەر گەنجانی کوردستان بە ئەژمار دێت، کە تووشبوو دواتر لە لایەن ڕژیمەوە ناچار بە سیخوری کارەکانی دیکە بە شێوەی زۆرە ملێ دەکردرێت.

# بۆچی کۆماری ئیسلامی تەرکیزی لەسەر حیزبی دێموکراتە؟



شەهرام سوبحانی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی شۆڕشەکە لەلایەن ئاخوندەکانەوە، هەوڵی چەوسانەوە و مێلیتاریزەکردنی هەموو شارەکان و نەتەوەکانی ئێرانیاندا، بەڵام کاتێک گەیشتنە کوردستان نەیانتوانیی ململانێ لە گەڵ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کوردستان بکەن، هەر بۆیە بە دەرکردنی فتوای جیهاد و کوشتن و برین و سێدارە تەرکیز و هێزی خۆیان زیاتر لە بەرانبەر حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەکەی دا خستەگەڕ، تاکوو بۆ هەمیشە کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد بێنن. چوونکە لایان ڕوون کە سەری بزووتنەوەکە و ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی کورد، وەک هەمیشە حیزبی دێموکراتە، هەر بۆیە لەو کاتەوە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی بە چاوێکی ئەمنییەتی و ترسەوە دەڕوانێتە حیزبی دێموکرات، کە ئەم هەموو ترسەی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکرات، نیشانەی گەورەیی و پێگەی حیزبە کە هەر ڕۆژ ڕوو لە گەشەکردن دەکا. ئەو هۆکارانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاندەدات کە زیاترین تەرکیزی لەسەر حیزبی دێموکرات بێ مانەوەی ئەو حیزبە لە گۆڕەپانی سیاسی دوای پتر لە ٧٨ساڵ خەباتە.

دیارە هەموومان باش ئاگادارین کە حیزبی دێموکرات بە تەمەنترین و بە ڕابردووترین حیزبی هەر چوارپارچەی کوردستان و ئێرانە، حیزبێک کە بۆ یەکەم جار توانی یەکەم دەوڵەتی مودێڕنی کورد لە بەشێک لە خاکی کوردستان دابمەزرێنێ. فەلسەفەی بوونی ئەم حیزبە خەبات بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کوردە، کە دەیان ساڵە لە تەوژمی هەورە برووسکەکاندا دەچەوسێتەوە، خەباتی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی حیزبی دێموکرات، بێ واتایە چوونکە بناغەدانەری یەکەمین جووڵانەوەکانی کورد. نەتەنیا لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، لەسەر ئەساس و دەسکەوتەکانی ئەم حیزبەوە سەرچاوەیان گرتووە. وەکوو دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کە شوناسێکی نەتەوەی بە هەر تاکێکی کورد بەخشی کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردساتنیش هێشتا وەک دەسکەوتێکی مێژوویی و بەرگێکی زێڕین لە مێژووی سیاسیی کورددا دەدرەوشێتەوە. حیزبی دێموکرات دەیان ساڵە بۆ دامەزراندنی کیانێکی سیاسی و سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد لە هیچ کەند و کۆسپێکی بەردەمی سڵی نەکردۆتەوە و بە گۆڕتر و شێلگیرتر لە هەمیشە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆیدا داوە. ئەوەش هۆی شانازی ئەو حیزبە بە دژی پارچەکانی دیکەی کوردستان هیچ هەڵسووکەوتێکی نەکردووە.

حیزبی دێموکرات ئەگەر بە کۆمەڵەی ژ.کافەوە حسیبی بکەین ٨٠ساڵە بێوچان ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و، هەر لەو کاتەوە هەتا ئێستا وەک یەکەم حیزبی سیاسی و شوێندار لە گۆڕەپانی سیاسیدا نەیهێشتووە بۆ تەنیا ساتێکیش ئەم ئاڵایە و خەباتە فەشەل بێنێ، ڕەنگە بۆ پاراستنی کەرامەت و شوناسی نەتەوەکەی و دەسکەوتە مێژووییەکانی خۆی هەتا ئێستا نرخێکی قورسی دابێت، بەڵام توانیوێتی بەسەربەرزییەوە وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی نەتەوەکەی بێت و لە سەخترین قۆناغەکانی خەباتدا پارێزەری لە کەرامەت و غروری نەتەوەکەی بکا. دیارە لە خەباتی سیاسی خۆیدا سەختی و دژواری زۆری بە خۆییەوە بینەوە و بەسەر زۆر هەوراز و نەشیوودا تێپەڕیوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە سەرەڕای ئەم هەموو کەند و کۆسپانەی کە لەسەر ڕێگای بوون توانیوێتی هەم ئاڵاگری یەکەمی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت و هەم جێگە و پێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بپارێزێ.

لە ڕوانگەی پێگەی سیاسیی و جەماوەری حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات و لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە

ئەو حیزبە هەمیشە خۆشەویستی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردستان بووە و ئەمە ڕیشەکانی حیزبی دێموکراتی لەنێو جەماوەری خەڵکدا پتەوتر کردووە. سەردەمانێک ئەگەر کۆماری کوردستان تەنیا خاوەنداریەتی بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد، تەنیا بەشێک لە خەڵکی کوردستان وەک حیزبی یەکەم چاویان لێدەکرد، ئەمڕۆکانە بە خۆشحاڵییەوە لە سەرانسەری کوردستان لە ماکۆ تا دەگاتە قووڵایی خاکی کوردستان جێگە و پێگەی حیزب دەبینرێت جاران ئەگەر لە ئیلام و کرماشان خەڵک کەمتر ڕوویان لە حیزبە کوردییەکان دەکرد، ئەمڕۆ دەبینن کە پۆل بە پۆل لە لاوەکانی کوردستان بە حیزبی دێموکراتەوە پەیوەست دەبن و خۆیان بە بەشێک لەو حیزبە دەزانن کە بۆ بەرگری لە کەرامەت و مافە نەتەوایەتییەکانیان خەبات دەکا.

ئەم جووڵانەوەیە و ئەم وشیاریە نەتەوەیە کە سەرەڕای کوردستانی گرتووە و ئەو هەموو گوشار و سیاسەتە دژە گەلییانەی کۆماری ئیسلامی کە لە شارە ستراتیژیکەکانی کوردستان دەبیندرێت. دەرخەری سیاسەتی دروست و واقیع بینانەی حیزبی دێموکراتە کە هەر ساڵ زیاتر لە ساڵی ڕابردوو جێگە و پێگەی خۆی لەنێو خەڵکدا پتەوتر دەکا.

لێرەدا وتەیەکی دوکتور قاسملووی نەمرم بیر دێتەوە کە دەفەرموێ: سێ هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات بریتییە لە: سیاسەتی واقیعبینانە و بە دوور لە خەیاڵات، دووهەم، پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سێهەم، هەبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.واتا بەم سێ هۆکارە حیزبی دێموکرات توانیویە لە ڕووی پێگەی سیاسیی و جەماوەرییەوە لە ئاستێکی بەرزی نێوخۆیدا خۆی ببینێتەوە، هەروەها ئەم حیزبە حیزبێکی

ئایدۆلۆژیک نییە کە تەنیا تایبەت بە چینێک یان توێژێکی کۆمەڵگە بێت بەڵکوو حیزبێکی نەتەوەیە کە دەرگای بەڕووی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردستان ئاوەڵایە و هەموو کوردێکی خەڵکی ڕۆژهەڵات دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە، هەروەها گرینگترین پرس، لای حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازییە کە ئەمڕۆکانە وەک پرسی یەکەم نەتەنیا ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەناسرێت. ئەم ئاکار و ڕەوشتە جوانانەی کە حیزبی دێموکرات بە درێژایی مێژوویی تەمەنی لە کارنامەی سیاسیی خۆییدا تۆماری کردووە، بووەتە هۆی دروست بوونی ئێعتبار و پێگەیەکی قایمی کۆمەڵایەتی کە ئەمڕۆکانە ئەو پێگەیە وەک هێزێکی شوێندار و کاریگەر ڕۆڵ دەگێڕێ.

هەروەها دەمەوێ ئاماژە بەو خاڵە گرینگەش بکەم کە گرینگترین فاکتەری سەرکەوتن لە دنیای سیاسەت و ڕاکێشانی سرنجی زلهێزەکان بەلای خۆتدا، مەشرووعییەتی سیاسی نێوخۆ و دەرەوی وڵاتە، کە ئەگەر هەر لایەنێکی سیاسی بیهەوێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا بە سەرکەوتوویی بێتە دەر، دەبێ لە قۆناغی یەکەم دا خاوەنی ئەم فاکتەرە بەهێزە بێت، چوونکە لە ڕاستیدا هێزی خەڵک و پشتیوانی خەڵکە، کە لە کۆتاییدا چارەنووسەکان یەکلا دەکاتەوە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە گەورەترین شۆڕشەکانی دنیا بکەین کە هێزی خەڵک چۆن توانی سەرەڕۆیترین دەوڵەتانی دنیا لە بن بێنێ. وەکوو شۆڕشی فەرانسە کە بە پشتبەستن بە هێزی خۆیان توانیان دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر بگۆڕن و بە جێگەی دەوڵەتێکی دێموکراتیک دابمەزرێنن کە فەرانسەی ئەمڕۆی لێ بکەوێتەوە، جابۆیە مەشرووعییەتی سیاسیش پرۆسەکی زەمانی و درێژ خایەنە کە دوای تێپەڕبوونی چەندین قۆناغی جۆراوجۆر دروست دەبێت. کە بە خۆشحاڵییەوە حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٨ساڵ خەباتی بێوچانی خۆیدا توانیویەتی ئەو فاکتەرە بەهێزە بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

ئێستا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە بۆ مەشرووعییەتی سیاسی حیزبێک دەتوانێ بۆ دەوڵەتێک مەترسیدار بێ؟

هەر وەک ئاماژەم پێکرد لە هەر شۆڕش و سەرهەڵدانێکدا هەمیشە هێزی خەڵک یەکلاکەرەوەی چارەنووسەکان بووە، لێرەدا ئاماژە بە وتەیەکی د. سادق شەرەفکەندی دەکەم کە دەڵێ: هیچ جووڵانەوەیەک بە ئاکام ناگات کە پشتیوانی خەڵکی لەگەڵ نەبێت، ئەم قسەیە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە پشتیوانی خەڵک چەندە دەتوانێ لەسەر جووڵانەویەک کاریگەری هەبێت، دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵی سەرەکی شۆڕشەکانیش هەر ئەو خەڵکە گێڕاویانە، جا بۆیە ئەگەر هەر لایەنێکی سیاسی بتوانێ لە قۆناغی یەکەم دا ئەو مەشرووعییەتە بۆ خۆی دەستەبەر بکات ئەوکات سەرکەوتنی زۆر بە ئاسانی مسۆگەر دەبێت. چوونکە ئەوکات وەک هێزێکی شوێندار و کاریگەر لەسەر شەقامەکان ڕۆڵی ڕێبەری و بەڕێوەبەریی جووڵانەوەکە وەئەستۆ دەگرێ کە ئاکامی ڕووخانی سیستەمی خاوەن دەسەڵات و دامەزراندنی نیزامێکی نوێیە، وەک ئەو ڕۆڵەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شۆڕشی ژینادا گێڕای، کە سەرەکی ترین پێگە و جوومگەکانی ڕێژیمی ولەرزە خست، تەناتەت دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵی تەواو بەسەر ئەو شۆڕشەدا هێشتا کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە وەکوو خۆی لێ بێتەوە. و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاستەنگێکی بەرین و قووڵتر هەنگاو دەنێ کە هیچ ئۆمێدێک بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتداری ئێران نەماوە. و ئەوەی هەتا ئێستا ڕێژیمی ڕاگرتووە زەبری چەک و کوشتن و برین و ئێعدام بووە کە ئەویش ماوەیەکی کاتییە و تا سەر ناتوانێ پێش لە ئیرادەی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئازادی بگرێ.

لێرەدا ئەم پرسیارەش دێتە ئاراوە کە بە پێی کام ئاکام و کردارێک بۆ کۆماری ئیسلامی ڕوون بووەتەوە کە هێزی سەرەکی و شوێندار لە کوردستان حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؟



بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاماژە بە چەندین خاڵی گرینگ دەکەین کە یەکێک لەوانە برییتییە لە: بەشداری خۆبەخشانەی خەڵکی هەموو شارەکانی کوردستان، لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات، تەنانەت خەباتی چەکداریش، هەروەها ئەمەگناسی و لەخۆبوردوویی و گیان فیدایی هەزاران لاوی کورد کە سینگی خۆیان لەو ڕێگا و ڕێبازەدا کردووەتە قەڵغانی بەرگری و کەرامەتی نەتەوەکەیان، تا نەتەوەکەیان کەش و هەوایەکی ئازاد بە خۆیەوە ببینێ، ئەمانە بۆ خۆی یەکێک لەو ئاکارانەیە کە بۆ کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکرات و ئەو حیزبانە چەندە شوێندارە و کاریگەر بوون لەسەر پرسی مافخوازی و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بۆ لاواز کردن و بنبرکردنی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کردەویەکی تێرۆریستی و لەپێشداڕێژراودا لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بە دەیان مووشەکی بالستیک بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە کۆیە کردە ئامانج، کە بەداخەوە لەو کردەوە تێرۆریستییەدا زەبرێکی قورس و گران وەبەر حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد کەوت کە بەداخەوە ١٦ئەندامی ڕێبەری و دەیان کادر و پێشمەرگەی قارەمانی ئەم حیزبە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون، ڕەنگە ڕێژیم بەم کردەوە تێرۆریستییە توانیبێتی بەشێک لە هاوڕێیە قارەمانەکانمان لێ

بستێنێ بەڵام ئەو ئامانجەی کە کۆتایی هێنان بە پرسی شوناسخوازی کورد بوو، قەت نەهاتە دیی و بە پێچەوانەوە حیزبی دێموکرات زیاتر لە جاران لە نێوخەڵکی خۆیدا دەنگی و ڕەنگی دایەوە، بۆ سەلمێنەری ئەم ڕاستییەش دەتوانین ئاماژە بە مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان بکەین کە چۆن خەڵکی ڕۆژهەڵات بە مانگرتنی سەرانسەری، پشتیوانی خۆیان لە حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی تری دژبەری کۆماری ئیسلامی دەربڕی و بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمیان نیشان دا کە حیزبی دێموکرات و ئەو حیزبانە تەنیا لە دەرەوەی سنوورەکان نین.

بۆ ڕەواییدان بەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکرات هەموو کات لای کۆمەڵانی خەڵک خۆشەویست بووە دەتوانین ئاماژە بە «میتینگی سەد هەزار کەسی شاری مەهاباد» لە ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٨ بکەین

لە یەکەم میتینگی گەڕانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆ و ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب لە ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٨ کە لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو. لەم میتینگەدا زیاتر لە سەد هەزار کەس لە سەرانسەری کوردستان بەشداری ئەو میتینگە بوون کە بە میتینگی سەد هەزار کەسی شاری مەهاباد ناسراوە.

لەو میتینگەدا سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور قاسملوو لە وتارێک دا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕاگەیاند. تەنانەت کۆماری ئیسلامی لەو میتینگە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئەو کاتی خۆییدا ڕایگەیاند کە دوو سەد هەزار کەس بەشداری ئەو میتینگە بوون، ئەم مەحبووبییەت و پێگە بەهێزیە دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی شوێندار و ڕێبەریی سەرەکی جووڵانەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵات، وتەیەکی جوانمان هەیە کە دەڵێ: «تاریخ دوبارە تکرار میشود» ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش باش دەزانێ کە حیزبی دێموکرات ئەو ماهییەتەی هەیە کە بە گوڕتر لە ڕابردووی خۆی قۆناغێکی بەرینتر لە خەباتی خۆی وەگەڕ خاتەوە کە ئاکامی ڕووخانی یەکجاری ڕێژیم بێت هەر بۆیە زیاترین تەرکیزی لەسەر حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردییەکانە، تاکوو دووبارە مێژوو دووپات نەبێتەوە.

## هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران مەحکووم دەکەین!




کاربەدەستانی سیاسیی و نیزامی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەڕەشەکانی خۆیان دژی خەڵکی سیڤیلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستان چڕتر کردووە. لە نوێترین لێدوانی بەرپرسانی ڕێژیم، ناسر کەنعانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم وتوویە کە گوایە ئەگەر حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور تا ڕۆژی ١٩ی سێپتامبر چەک نەکرێن، ئەوان هێرشی نیزامی دەکەن. هاوکات بەپێی ڕاپۆرتی میدیاکان، ڕێژیم کەرەستەیەکی زۆری نیزامی بۆ شارە سنوورییەکانی کوردستان گواستووەتەوە. هەواڵ و بەدواداچوونەکان دەری دەخەن کە ڕێژیم لە ئامادەکارییەکانی بۆ سنووربەزاندن و هێرشێکی دیکە بۆ سەر پەنابەرانی سیاسیی کوردی دانیشتوو لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەردەوامە.

لە پاڵ هەڕەشەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم، هێزەکانی سەر بەم ڕێژیمە لە وڵاتی عێراقیش لە هەڕەشەکانی خۆیان بەردەوامن. جەبار عودە لە ڕێبەرانی هاوپەیمانی ئەلفەتح «الفتح» نوێترین کاربەدەستی نیزامیی نزیک لە ڕێژیمی ئێران لە عێراقە کە هەڕەشەی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتیی پەنابەر لە باشوور کردووە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە سێ دەیەی ڕابردوودا، سەدان پەنابەر و چالاکی سیاسیی کوردستانی ئێرانی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا تیرۆر کردووە، لە کاتی چالاکییەکانی لاوان و منداڵاندا بۆمبی تەقاندووەتەوە، بەتایبەت لە چوار ساڵی ڕابردووشدا چەند جار بە مووشەک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر کەمپی پەنابەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بەداخەوە بەو هۆیەوە دەیان کەس سیڤیل و پەنابەر کوژراون و بریندار بوون.

ئێمەی تۆمارکەرانی ئەم داخوازییە، وێڕای مەحکوومکردنی ئەم هەڕەشانەی کاربەدەستانی ڕێژیم، داوا لە وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین ئاگاداری ئەو پیلانە نیزامی و تێکدەرانەی ڕێژیمی ئێران بن کە بەڕێوەن.

پێویستە ئەم هەڕەشانە بەهەند وەرگیردرێن، بۆیە داوا دەکەین هەموو لایەک بە هەموو تواناوە هەوڵەکانیان بۆ پێشگرتن لە هەر جۆرە هێرشێکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بخەنە گەڕ.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان**
**ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**ناوەندی نێرگز**
**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢**



ئامادەکردنی: ژیلا موستەئجێر

# ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەو خەسارە گیانیانەی کە لە کوردستان کەوتووە

لەسەرەتای دەسپێکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی کە چەخماخەکەی لە کوردستان و لە شاری سەقزەوە لێدرا، سەرەڕای زۆر دەسکەوتی مەعنەوی لە ڕەوتی ئەم شۆڕشە، بەشێکی زۆر لە هاوولاتیانی شۆڕشگێر شەهید کران و بەشێکیان دەستبەسەر و یا بریندار کران. لەم ڕاپۆرتەی خوارەوە بە شێوەیەکی ورد سرنج خراوەتە سەر ڕێژەی شەهیدان و هەروەها شیکارییەک لەسەر دەستبەسەرکرانەکان و هێرشیە هاژەکییەکان بۆ سەر حیزبە کوردستانییەکان.

بەپشت بەستن بە ئاماری تۆمارکراو لەلایەن تیمی لێکۆڵینەوەی «هەنگاو» لەسەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ژیناوە ١٣٧ هاوولاتیی کورد لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لە سەرتاسەری شارەکانی کوردستان و چەند شارێکی ئێران کوژراون. هەروەها بەهۆی هێرشی هاژەکی و درۆنی سوپای پاسداران بۆ سەر حیزبە کوردستانییەکان لە نێو خاکی باشووری کوردستان بە بیانووی ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان، لانی کەم ٢١ ئەندامی ئەم حیزبانە و هاوولاتییەکیی باشووری کوردستان گیانیان لەدەست داوە.


**پۆلێنبەندی بەپێی شێوازی کوژران:**
**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت؛ ١١٤ حاڵەت بەرانبەر بە ٨٥٪ کۆی گشتی.**
**کوژران لەژێر ئەشکەنجەدا؛ ٩ حاڵەت بەرانبەر بە ٦.٥٪ کۆی گشتی.**
**کوژران بەهۆی لێدانی باتۆم؛ ٦ حاڵەت بەرانبەر بە ٤.٥٪ کۆی گشتی.**
**کوژران بە چەقۆ؛ ١ حاڵەت بەرانبەر بە ٠.٨٪ کۆی گشتی.**
**خنکان بەهۆی بەرکەوتن بە گازی فرمێسک ڕێژ؛ ١ حاڵەت بەرانبەر بە ٠.٨٪ کۆی گشتی.**
**کوژران بە ژێرخستنی ئۆتۆمبێل؛ ١حاڵەت بەرانبەر بە ٠.٨٪ی کۆی گشتی**
**سێدارە؛ ١ حاڵەت بەرانبەر بە ٠.٨ی کۆی گشتی.**
**نادیار؛ ١ حاڵەت بەرانبەر بە ٠.٨٪ ی کۆی گشتی.**

**پۆلێنبەندی بەپێی پارێزگاکان:**
**پارێزگای سنە؛ ٤٣ حاڵەت**
**پارێزگای ورمێ؛ ٤٩ حاڵەت**
**پارێزگای کرماشان؛ ٢١ حاڵەت**
**پارێزگای ئیلام؛ ٢ حاڵەت**
**پارێزگای خوراسان ڕەزەوی؛ ٢ حاڵەت**
**پارێزگای تاران؛ ٨حاڵەت**
**پارێزگای ئەلبۆرز؛ ٦ حاڵەت**
**پارێزگای قەزوین؛ ١ حاڵەت**
**پارێزگای هەمەدان؛ ١ حاڵەت**
**پارێزگای مەرکەزی؛ ١ حاڵەت**

## ئاشکراکردنی ناسنامەی ژمارەیەکی دیکە لە کوژراوان

لە دوایین ڕاپۆرتی «هەنگاو»دا، ناسنامەی شەش هاوولاتیی دیکەی کورد کە لە ڕەوتی بەرخۆدان و ڕاپەڕینی جەماوەریی لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە کوژرابوون، لەدوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان بە لیستی گیان بەختکردوانی شۆڕشی ژینا زیاد کرا.
عەلیرەزا کاکامحەممەدی خەڵکی هەرسین کە لە تاران کوژرا، عەلیرەزا حوسێنی خەڵکی کرماشان کە لە تاران کوژرا، محەممەدئەمین حەشمەتیان خەڵکی سونقوڕ کە لە کەرەج کوژرا، سەید محەممەد حوسێنی خەڵکی سەقز، هێمن حەمزە خەڵکی سەردەشت و مەتین نەسری خەڵکی سنە ئەو شەش هاوولاتییەن کە لە ڕاپۆرتەکانی پێشووتری «هەنگاو»دا ناویان لە لیستی گیانبەختکردواندا تۆمار نەکرابوو و دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان و وەرگرتنی زانیاری ناوەکانیان لە لیستی ناوبردوو تۆمارکرا.

ژنان و منداڵان؛ ٦ ژن و ١٣ منداڵ و مێرمنداڵ لەنێو لیستی کوژراواندا؛
لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا لانی کەم ٥ ژن و کچێکی منداڵ بەناوەکانی مینۆ مەجیدی خەڵکی قەسری شیرین، نگین عەبدولمەلەکی خەڵکی قوروە، کوبرا شێخ سەقا خەڵکی مەهاباد، سارینا ساعێدی خەڵکی سنە، فریشتە ئەحمەدی خەڵکی سەردەشت و نەسرین قادری خەڵکی مەریوان گیانیان لەدەست داوە.
سێ کەسیان بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە حکوومەتییەکان و سێ کەسی دیکەیان بە لێدانی باتۆم لەسەریان گیانیان لەدەست داوە.
هەروەها لانی کەم ١٣ منداڵ و مێرمنداڵی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ بەناوەکانی زەکەریا خەیال تەمەن ١٦ ساڵ، ئەمین مەعرەفەت تەمەن ١٦ ساڵ، عەبدوڵڵا محەممەدپوور تەمەن ١٦ ساڵ، ئەمیر فولادی تەمەن ١٥ ساڵ، ئەمیر حوسێن بەساتی تەمەن ١٥ ساڵ، عەلی موزەفەری سالانقوچ تەمەن ١٧ ساڵ، نیما شەفیق دوست تەمەن ١٦ ساڵ، ئارمین سەیادی تەمەن ١٨ ساڵ، سارینا ساعێدی تەمەن ١٦ ساڵ، کۆمار دەریۆفتادە تەمەن ١٦ ساڵ، دانیال پایبەندی تەمەن ١٧ ساڵ، بەهادین وەیسی تەمەن ١٦ ساڵ و کاروان قادرشوکری تەمەن ١٦ لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا کوژراون.
١٢ کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەت گیانیان لەدەست داوە و یەک کەسیان بە لێدانی باتۆم لەسەری گیانی لەدەست داوە.
شیاوی ئاماژەپێدانە کە «هەنگاو» لە ڕاپۆرتی پێشووتری خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە موئمن زەندی کەریمی تەمەن ١٨ ساڵ و خەڵکی سنە و ڕەزا کازمی




خەڵکی موزژ تەمەن ١٦ ساڵ بوون.
لەدوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکانی «هەنگاو» بۆی پشتڕاست بووەتەوە کە موئمن زەند کەریمی تەمەن ١٩ ساڵ و ڕەزا کازمی تەمەن ٢٢ ساڵ بوون. هەر لێرەدا داوای لێبوردن لە هەموو بەردەنگەکانمان دەکەین.

ئەشکەنجە؛ لانی کەم ١٠ هاووڵاتیی لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژراون

بەپێی لێکۆڵینەوەکان، لانی کەم ١٠هاووڵاتیی دوای ڕفاندنیان لەلایەن ناوەندە حکوومەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر ئەشکەنجەی هێزەکانی حکوومەتدا کوژراون.
ئیسماعیل دزوار خەڵکی سەقز، محەممەد عەبدوڵلاهی خەڵکی ئیلام، ڕامین فەتحی خەڵکی سنە، سامان قادرپوور خەڵکی شنۆ، ئومێد حوسێنی خەڵکی سنە، هێمن ئەمان خەڵکی بۆکان، شادمان ئەحمەدی خەڵکی دیولان، شەهریار عادلی خەڵکی سەردەشت و محەممەد حاجی ڕەسوڵ پوور و شێرزاد ئەحمەدنژاد خەڵکی بۆکان، ناوی ئەو کەسانەیە کە لەدوای دەستبەسەرکرانیان لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراون.

بارودۆخی ئەو کەسانەی کە دەستبەسەر یاخود بە زۆرەملێی ڕفێندراون:
لەسەر بنەمای ئەکسیۆنی یاسایی لە پەیوەندی لەگەڵ دەستبەسەرکران، دەبێت تۆمەتبار بە لەبەرچاوگرتنی هەموو مافە یاساییەکانی پێکهاتوو لە بڕیاری دادگا، ئاگادارکردنەوەی بنەماڵە، دەست ڕاگەیشتن بە چارەسەری پزیشکی، ڕاوێژکاری یاسایی و پارێزەر و ڕوونکردنەوەی تۆمەتە سەپێندراوەکان بەسەریدا، بۆ یەکێک لە بەندیخانە فەرمییەکانی تۆمارکراو لە لیستی ڕێکخراوی بەندیخانەکانی وڵات بگواسترێتەوە.
ئەوەی کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژیاندا ڕوویداوە، بەرانبەر بە مادەی ٢ی کنوانسیۆنی پشتیوانی لە هاووڵاتییان لەبەرانبەر ڕفاندنی زۆرەملێ، تاوانێکی ترسناکە کە لە یاسا نێونەتەوەییەکانی تاوانەکان، وەک تاوان هەژمار دەکرێت.
هەرچەندە دەوڵەتی ئێران نەبووەتە ئەندامی ئەم کنوانسیۆنە، بەڵام پێناسەکردن و جێبەجێکردن و لەبەرچاوگرتنی ئەم یاسایە بەشێوەیەکی گشتی لایەنێکی نەریتی هەیە و پێویستە دەوڵەتەکان پابەندی بن.
شیاوی ئاماژەپێدانە کە تەنانەت بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی، تۆمەتبار لەدوای دەستبەسەرکرانی هەموو ئەم مافانەی هەیە. بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین پێشێلکردنی هەموو پێوەر و لایەنەکانی مافە نێونەتەوەییەکانە لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە.
دوای تێپەڕینی پێنج مانگ بەسەر دەستپێکی خۆپیشاندانەکان، زیاتر لە ٧٥٠٠ هاووڵاتیی کورد لەلایەن ناوەندە حکوومەتییەکانەوە دەستبەسەر یاخود ڕفێندراون، کە لەم بارودۆخەدا تیمی لێکۆڵینەوەکانی «هەنگاو» توانیویەتی ناسنامەی ٢١٦٧ کەس ئاشکرابکات، کە لەم ژمارەیە ٢٢٠ کەسیان ژن و ١٩١ کەسیان منداڵ و مێرمنداڵن.
دەبێت بگوترێت کە بەپشت بەستن بە لێکۆڵینەوەکان، بەشێوەیەکی سیستماتیک دەستبەسەرکراوان لە ژێر ئەشکەنجەی ڕۆحی و جەستەییدان.
لەکۆی ئەو ٢١٦٧ هاووڵاتییە کە ناسنامەیان بۆ «هەنگاو» ئاشکرابووە، (٧٧٦) کەسیان خەڵکی پارێزگای سنەن. هەروەها (٦٦٠) کەسیان خەڵکی پارێزگای ورمێ، (٣٦٠) کەسیان خەڵکی پارێزگای کرماشان و (٢٩٠) کەسیان خەڵکی پارێزگای ئیلامن.
هەروەها لە شارەکانی ناوەندی ئێران لانی کەم ٨١ هاووڵاتیی کورد لەلایەن ناوەندەکانی حکوومەتەوە ڕفێندراون.
بە پشتبەستن بە ئامارەکانی «هەنگاو»، زۆرترین ئاماری هاووڵاتییانی ڕفێندراو لە شارەکانی سنە بە هەبوونی ٣٣٤

حاڵەت، پیرانشار بە هەبوونی ١٤٣ حاڵەت، شنۆ بەهەبوونی ١٢٦ حاڵەت، مەهاباد بەهەبوونی ١٢٦ حاڵەت و ئاودانان بەهەبوونی ١٠٨ حاڵەت تۆمارکراون.

**بارودۆخی یاسایی دەستبەسەرکراوان**

بەپشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری هەنگاو، لەکۆی گشتی ئەو کەسانەی کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا لە کوردستان دەستبەسەرکراون، هەتا ئێستا ١١١ کەسیان لەلایەن دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سزای بەندکران و لێدانی قامچییان بەسەردا سەپێندراوە هەروەها کەسێکیش سزای سێدارەی بەسەردا سەپێندراوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە هەتا ئێستا ١١١ کەس لەم کەسانە سەرجەم سزای ٣٤٣ ساڵ و ٣ مانگ بەندکرانیان بەسەردا سەپێندراوە هەروەها محەممەد مەهدی کەرەمی سزای سێدارەی بەسەردا سەپێندرابوو، کە سزاکەی لە یەکێک لە بەندیخانەکانی کەرەج جێبەجێکرا.

هەروەها ٢٠ کەس لەم ژمارەیە سەرەڕای سزای بەندکران، لەلایەن دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سەرجەمیان سزای ١٠٧٦ جار لێدانی قامچییان بەسەردا سەپێندراوە.

سەرەڕای ئەم حاڵاتانە، لانی کەم ٩ کەس لە دەستبەسەرکراوان تۆمەتی «موحارەبە و فەساد فی الارض»یان بەسەردا سەپێندراوە کە ناوەکانیان بریتین لە پەرهام پەروەری خەڵکی سەقز، پوریا جەواهری خەڵکی کامیاران و ٧ هاووڵاتیی خەڵکی شنۆ بەناوەکانی فەرهاد تەهازادە، فەرزاد تەهازادە، فەریاد حەمزەشور، شەهرام مەعروف مەلا، ڕەزا ئیسلام دوست، کاروان شاهی پەروانە و فەرزاد مەحمودپوور.

ئەم تۆمەتە لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا زۆرجار سزاکەی سێدارەیە.

هێرشی هاژۆکی بۆ سەر حیزبە کوردستانییەکان و گیان لەدەستدانی لانی کەمی ٢١ ئەندانی ئەم حیزبانە

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، سەرەڕای ئەو کوشتارە بەرفراوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان دەستی پێکردبوو، لانی کەم چوار جاریش کەمپ و بارەگای حیزبە کوردستانییەکانی «دیموکرات، کۆمەڵە و پاک» لە قوڵایی خاکی باشووری کوردستانی داوەتە بەر هێرشی هاژۆکی و دڕۆنی و لە ئەنجامی ئەم هێرشانەدا لانی کەم ٢١ کەس لە پێشمەرگە و ئەندامانی ئەم حیزبانە لە نێویاندا دوو ژن و کۆرپەیەکی یەک ڕۆژ و هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری کۆیە سەر بە پارێزگای هەولێر گیانیان لەدەست داوە.

بەرپرسانی نیزامی ئێران چەندین جار ڕایانگەیاندووە کە ئەم هێرشانە بەمەبەستی تۆڵەستاندنەوە و لە وەڵامی بانگەوازەکانی ئەم حیزبانە لە ڕاستای مانگرتنی گشتی لە کوردستان ئەنجامدراون. سەرەڕای کوژرانی ٢١ ئەندامی ئەم حیزبانە، بە دەیان کەسی دیکەش برینداربوون.

چوارشەممە ٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ (٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٢)

سوپای پاسداران سەرەتا ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان لە سیدەکان، حاجی عومران و هەڵگورد تۆپباران کرد و کەڵکی لە دڕۆنی خۆتەقێن وەرگرت. کاتژمێرێک دواتر هێرشی هاژۆکی و دڕۆنی بۆ سەر کەمپ و بارەگاکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادی کوردستان (پاک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نزیک شارەکانی هەولێر، سلێمانی و کۆیە ئەنجامدا.

لە ڕەوتی ئەم هێرشەدا ٩ ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی عوسمان فەیزە، ڕەیحانە کەنعانی (ژنێکی دوو گیان)، وانیار ڕەحمانی تەمەن ١ ڕۆژ، هاجر زەرگە، محەممەد خەلیلی، میلاد پیرساحێب، شێرکۆ بەرتەنی، عومەر مەحموودزادە و ئەیوب هونەروەر گیانیان لەدەست دا و چەندین کەس بریندار بوون کە هەتا ئێستاش یەکیان بە ناوی ئەبووبەکر حەسەنزادە بەشێک لە زامەکانی سارێژ نەبووە.

هەروەها ٨ ئەندامی پاک بەناوەکانی ئیحسان فەرەجی، ئومید نیکدڵ، یونس غەیاسی، ئاروین سۆهرابی، یەدوڵڵا نوری، سەعید ئومێدی، ئیدریس ئەمجەدی و کامەران ڕۆستەمی لە ئەنجامی هێرشی هاژۆکی و دڕۆنی سوپای پاسداران گیانیان لەدەست دا و هەر وەها پەیامنێرێکی کاناڵی «کوردستان ٢٤» بە ناوی سۆران کامەران بە سەختی بریندار بوو.

دووشەممە ٢٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)

سوپای پاسداران هاوکات لەگەڵ تۆپباران بارەگای حیزبە کوردستانییەکان لە ناوچە سنوورییەکان، بەرەگا و کەمپەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی کردە ئامانجی هێرشە هاژۆکی و دڕۆنییەکانی.

لە ئەنجامی ئەم هێرشانە، لانی کەم سێ ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەناوەکانی ڕێبوار عەبدی، ئاسۆ تەوانا و محەممەد بادروت و هەروەها هاووڵاتییەکی شاری کۆیە گیانیان لەدەست دا و بۆ جارێکی دیکە چەندین کەس بریندار و بوون و عەلی تەمەری ناسراو بە عەلی ئیلامی هەتا ئێستاش بە ژانی زامەکانی ئەو ڕۆژە شوومەوە دەژی.

دووشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ (٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢)

سوپای پاسداران بە هاژۆک و دڕۆنی خۆتەقێن هێرشی کردەوە سەر بارەگا و کەمپەکانی حیزبی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی، کۆیە و بەحرکە (کەمپی جەژنیکان). لە ئەنجامی ئەم هێرشانە ئەندامێکی حیزبی دیموکرات بەناوی بێهزاد ئیسکات گیانی لەدەست دا.

سێشەممە ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ (٢٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢)

هێرشی هاژۆکی سوپای پاسداران بۆ سەر بارەگاکانی پارتی ئازادی کوردستان (پاک) لە پردێ هەڵکەوتوو لە نێوان شاری هەولێر و کەرکووک.

Democratic women union of kurdistan iran

23/september/2023

62

# women

## women life freedom

